قوتابخانەی بوداپێست

جۆرج لۆکاچ، سامی نەعیر، فرانسوا ریڤێر، ئاگنش هلێر، و...
وەرگێڕ: هادی محەمەدی

ئەنجومەنی قەڵەمی کوردستانی ئێران

- قوتابخانەی بوداپێست
- جۆرج لوکاچ، سامی نەعیر، فرانسوا ریڤێر، ئاگنش هلێر، و...
- وەرگێڕان: هادی محەمەدی
- تایپ و مونتاژ و دیزاینی بەرگ: ئەسرین ئەسکەندەری
- تیراژ:
- چاپخانە: شڤان
- ژمارەی سپاردن: (541) ی ساڵی2005ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە.

سەرچاوە:

مکتب بوداپست

جورج لوکاچ، سامی نعیر، فرانسوا ریویر، اگنش هلر...

مترجم: محمد جعفر پوینده

نشر فکر روز، تهران 1369.

پێرست

پێشەکی وەرگێڕ: ... 5

قوتابخانەی بوداپێست: سامی نەعیر ... 9

سەرنجێك لە قوتابخانەی بوداپێست: فرانسوا ریڤێر ... 21

سەبارەت بە قوتابخانەی بوداپێست: جۆرج لوکاچ ... 39

چەپی مۆدێرنی هەنگاریا کۆمەڵناسی و شۆڕش: سرژ فرانكل و دانیل مارتن... 45

تیۆری و پراتیك بەپێی نیازە مرۆڤییەکان: ئاگنش هلێر ... 77

کاتی ئازاد و دابەشبونی کار: ماریا مارکوش، ئاندراش هێگدوش ... 103

هەڵەکانی چەگوارا: میکولوش هاراستی ... 127

شۆڕش یان بشێوە؟: رافیش هایدۆ ... 131

وەڵامی میکولوش هاراستی بۆ رافیش هایدۆ ... 135

فەرهەنگی کۆن و فەرهەنگی نوێ: جۆرج لوکاچ ... 139

ژێدەر و سەرچاوەکان: ... 163

پێشەکی وەرگێڕ

ئەندێشەی لوکاچ و قوتابخانەی بوداپێست سەنتزێکی تۆکمە و شیاوە کە بەشێوەی هەمەلایەنە سێ مەکتەبی چەرخی بیستەم پۆزەتیڤیزم، ئیگزیستانسیالیزم و پۆسمۆدێرنیزم دەنرخێنێ و بە دیدێکی کۆنکرێت و هەمەلایەنە سەیری مرۆڤ و کۆمەڵگە دەکا و شرۆڤەیەکی قووڵ و گونجاو ئاراستەدەکات.

جۆرج لوکاچ ساڵی 1885 لە هەنگاریا و لەنێو بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند لەدایك بوو. باوکی سەرۆکی بانك و کەسێکی بەفەرهەنگ بوو. ئەو لوکاچی نارده زانکۆی بوداپێست تا یاسا بخوێنێ. بەڵام لوکاچ وەك کەسێکی رۆمانتیك و شۆڕشگێڕ لەئاست باوکی سەرکێشی کرد و ئەو بوارەی بەجێهێشت و بواری فەلسەفەی هەڵبژارد. بۆ درێژەدان بە خوێندن ئەویان نارده زانکۆی هایدلبێرگ، لەوێ لەگەڵ ماکس ڤێبر، گیورگ زیمێل و ئێرنست بلوخ ئاشنا بوو، دواتر لە ژیان و ئەندێشەی **دیلتای** و دەروونناسی **یاسپرس** نزیك بۆوە، ئەمانە دوو لقی بیری فەلسەفی ئاڵمانیا بوون کە لە دژی نیوکانتیزم و پوزەتیڤیزم هەڵوێستیان گرتبوو. ئەندێشەی لوکاچ لە درێژەی ژیانیدا، زۆر گۆڕانی بەسەردا هات، بەڵام سەرتاسەری ژیانی وەك دوژمنی سەرسەختی پۆزەتیڤیزم و ئەمپریزم مایەوە. ساڵی 1910 کتێبی **گیان و فۆرمەکان**ی نووسی، ئەندێشەی تراژیك پێکهاتەی ئەم کتێبە پێناسەدەکات، لەم بەرهەمەدا بیری لوکاچ زیاتر "کانتی"یە و روانگەیەکی نامێژوویی هەیە. لوسیەن گوڵدمەن پێی وایە لە دوا وتاری ئەم کتێبە (**متافیزیکی تراژێدی**)دا بیری لوکاچ لە فەلسەفەی کانت سەرتر دەچێ و لە دیالکتیکی هێگل نزیك دەبێتەوە.

هەر لەم سەروبەندەدا لوکاچ عاشقی "ئیرما سیلدێر" دەبێ، ئیرما ژنێکی جوان و زراڤ و نیگارکێش بوو، لەبەر ئەوەی لە چینی هەژار بوو، باوکی لوکاچ نەیهێشت لەگەڵ کوڕەکەی زەماوەند بکات. ئەڵبەت لوکاچ لەگەڵ ئیرما پێوەندی جەستەیی نەبوو، ئەو خوازیاری ژیانی هاوبەش نەبوو، ئەو ژنهێنانی بە "شێوازێکی لەبرەوکەوتووی بورژوازی" دەزانی. لوکاچ، ئیرمای بە بوونەوەرێکی ئایدیال و خەوناوی دەزانی و دەیوت، ئیرما وەك فەلسەفە وایە دەستی پێ راناگا و دەستەمۆ ناکرێ، ئەو زیاتر ئیرمای بۆ فەلسەفە دەویست، عشقی ئەو، ئەوینێکی ئەفلاتوونی بوو، لە پێوەندی جەستەیی بەدوور بوو. ساڵی 1911 بە چەند هۆیەکی نادیار ئیرما خۆی دەکوژێ و ئاشقەکەی تا دەرگانەی مەرگ دەبات، لە دوای ئەم کارەساتە لوکاچ نووسی: **لەمە بەدوا ئیتر من ناژیم بەڵکوو تەنیا کاردەکەم.** هەر وەها جارێك ویستی خۆی بکوژێ، بەڵام پلانەکەی نەیگرت، دیسان لە بیرەوەرییەکانیا نووسی: من ئیتر هیچ سامانێکم نییە، بێجگە لە هەولێکی فەلسەفی. ئەو بەردەوام لە خۆی دەیپرسی: "بۆچی لەپاش ئیرما، من هێشتا زیندووم؟" *بەڵام وەکوو هەموو ئەزموونەکان ئەم کارەساتەش تێپەڕی، لوکاچ زیندوو مایەوە، ژنی هێنا، چووە نێو شۆڕشەوە، شەیدای سۆسیالیزم بوو، دوورخرایەوە، قوتابخانەی بوداپێستی دامەزراند، ساڵگارێك بە رێز و حورمەتەوە ژیا، کاتێکیش لە ساڵی 1971دا ماڵئاوایی لە ژیان کرد، بۆ لاوانی ئەورووپایی پێغەمبەری مارکسیزمی رۆژئاوایی بوو.*

ساڵی 1916 کتێبی **تیۆری رۆمان**ی نووسی، لەم کتێبەدا ئەندێشەی لوکاچ هێگلییە و بە مێتۆدی دیالکتیکی– مێژوویی، سەیری دنیا و مرۆڤ دەکات. وردبینی لوکاچ لەم بەرهەمەدا تا ڕادەیەکە، کە لە دوا وتاردا و، لە توژینەوەیەك لەسەر بەرهەمەکانی تۆلستۆی و داستایۆڤسکی، سەرەتاکانی شۆڕشی ئۆکتۆبر پێشبینی دەکات.

ساڵی 1923 کتێبی **مێژوو و وشیاری چینایەتی** دەنووسێ و لە مێژووی فەلسەفە و ئەندێشەی ئینسانیدا وەرچەرخانێکی گەورە دەخولقێنێ. *ئەم کتێبە بەپێی ئەندێشەی مارکس نووسراوە و سەرەڕای شرۆڤەی قووڵی مێژوویی، ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی، پڕاوپڕیشە لە چەمك و مانای تازەی جوانیناسانە، مەعریفەناسانە و مێتۆدناسانە. ئەم کتێبە بەخێرایی دەبێتە هەوێن و چاوگەی زۆربەی بیرمەندانی چەرخی بیستەم و بێجگە لە مارکووزە، ئادورنۆ، هۆرکهایمر و لوسیەن گوڵدمەن، تەنانەت کاردەکاتە سەر مارتین هایدگر و ژان پول سارتریش.* لوسیەن گوڵدمەن بە کەشفی ئەم کتێبە و بە ناسینی جۆرج لوکاچ، بوارێك بەناوی کۆمەڵناسی ئەدەبی و قوتابخانەیەکی نوێ دادەمەزرێنێ.

لوکاچ ساڵگارێکی درێژ تێکەڵ بە سۆسیالیزمی سۆڤیەت بوو و لەو وڵاتە ژیانی بردەسەر، ئەو بە فکر و مێتۆدەکانی دژی دەسەڵاتی ستالین و ستالینیزم بوو، بەڵام ئەوەندەش زیرەك بوو کە توانی لەئاست پاکتاوکردنەکانی ستالیندا رزگاری بێ و ساڵانێکیتر بمێنێتەوە و چەندین بەرهەمی تر بخولقێنێ و فەلسەفەی خۆی بنووسێتەوە.

هۆکاری رۆڵی گرنگی لوکاچ و کاریگەری قووڵی بەرهەمەکانی ئەو لە فرەڕەهەندی بوونی ئەندێشەکانی ئەو دایە، *لوکاچ جگە لەوەی لە زانکۆی هایدلبێرگ هاوکار و دۆستی نزیکی ماکس ڤێبر، زیمێل و بلوخ بوو، لەگەڵ پێکهاتەی فکری فەلسەفی جوانیناسانەی کانت و هێگل ئاشنابوو. چەند ساڵێك دواتر، کاتێ کە تیکەڵ بە ئەندێشەی مارکسیستی بوو پێکهاتەی فکری کانت و هێگلی تێکەڵ بە دیالکتیکی مارکسیستی کرد و چەندین بەرهەمی ستاتیکی، مێتۆدۆلۆژیکی، فەلسەفی و ئەدەبی بەوردی نووسییەوە. جگە لەمەش لوکاچ تێکەڵ بە شۆڕشی جەماوەری سەدەی بیستەم بوو، دنیای پراتیکی بە هەست و ئەزموون و دەرکی خۆی*

تاقیکردەوە، ئەزموونەکانی ئەم کارەش لە پێکهاتەی ئەندێشەی ئەودا ڕەنگدانەوەی بەرینی هەبوو.

ئەم کتێبەی بەردەستان پێناسەیەکی کورتە لە قوتابخانەی بوداپێست و شاگردەکانی لوکاچ. کەوابوو، بۆ ئاشنابوون لەگەڵ دنیای بەرینی فەلسەفی لوکاچ نابێ هەر بەم کتێبە واز بێنین، دواوتاری ئەم کتێبە، بابەتێك بوو بەناوی "محاکمەی هاراستی"، کە زیاتر باسی نەبوونی ئازادی لە هەنگاریای ئەو سەردەمەدا دەکرد، ئێمە لەجیاتی ئەو وتارە، وتارێکی لوکاچ مان لە سەرچاوەیەکی ترەوە هەڵبژاردووە و لەم کتێبەدا هێناومانە: **فەرهەنگی کۆن و فەرهەنگی نوێ**، ئەمە بابەتێکی گرنگە کە ڕوانگەی هیۆمانیستی لوکاچ لەسەر چەمکی فەرهەنگ و باڵادەستی فەرهەنگی ئینسانی لەئاست ئابووری گەلاڵە و ئاراستە دەکات.

لە پەرداخکردنی زمانی وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا تێکۆشاوین زمانێکی ڕەوان و پاراو بدەینەدەستەوە. بێگومان هەر دەقێکی فەلسەفیش پێویستی بە قووڵبوونەوەو چەند جار خوێندنەوە هەیە.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم بۆ ناساندنی فەلسەفەی لوکاچ و قوتابخانەی فکری ئەو، بێجگە لەم کتێبە، بەرهەمیکیتر بەناوی "فەلسەفە و مێتۆد" هەر ئێستا ئامادەی چاپە و وەرگێرانی چەند بەرهەمێکیتریشمان بەدەستەوەیە. بەو هێوایە سوژەی کوردیش ببێتە خاوەن فەلسەفە و مێتۆد، و زمانی کوردیش ئەوەندە گەشەبکات کە بشێ فەلسەفەی پێ بنووسی.

هادی محەمەدی

سەرچاوەی ئەم پێشەکییە:

1 **جامعه، فرهنگ، ادبیات**، ل. گلدمن، **جعفر پوینده، نشر چشمه**.

2 **نظریه رمان، ج. لوکاچ، حسن مرتضوی**، صص. 154 **تا** 166.

قوتابخانەی بوداپێست

سامی نەعیر

ئەم وتارە وەرگێڕدراوی بابەتێکە کە سامی نەعیر (Sami Nair) بیرمەندی هاوچەرخی فەرانسی لە ناساندنی قوتابخانەی بوداپێستدا بۆ (Dictionare critique du marxisme) نووسیویە. ئەم فەرهەنگە بە هاوکاری 85 کەس لە مامۆستایانی ناوداری فەلسەفە و زانستی مرۆڤی نووسراوە و بێگومان یەکێ لە گرنگترین و بڕواپێکراوترین سەرچاوەی زانستی و ئاکادمیکە کە مارکسیزم دەناسێنێ و دەینرخێنێ. سەنتەری پەخشی زانستگەیی فەرانسە (P.U.F) بۆ دووهەمین جار ساڵی 1985 ئەم فەرهەنگەی چاپ کردووە.

"*من بە بڕوای قووڵ گەیشتووم کە هەر ئێستا و لەنێو ئەم بەرهەمانە دایە کە فەلسەفەی داهاتوو دەڕسکێ و دەپشکوێ*". جۆرج لوکاچ[1] ساڵی 1971 لە نامەیەکدا کە بۆ گۆڤاری Times Literary Supplement نووسیویە، بەم دێڕە بەرهەمەکانی ئاگنش هلێر[2]، فرنس فێهر[3]، جۆرج مارکوش[4]، میهای وایدا[5]، دەناسێنێ و، بە پێدانی ناوی "قوتابخانەی بوداپێست"[6] پرستیژیان پێدەبەخشێ. بەڵام دەبێ ناوی ئەم بیرمەند و کۆمەڵناس و سیاسەتزان و نووسەرانەی خوارەوەش لەسەر ئەو لیستەی

[1] Georges Lukacs.
[2] Agnes Heller.
[3] Ferenc Feher.
[4] Gyorgy Markus.
[5] Mihaly Vajda.
[6] Ecole de Budapest.

لوکاچ زیاد بکەین: ئاندراش هگدوش[7]، ماریامارکوش[8]، جۆرج بنتس[9]، یانوش کیش[10]، شاندور ڕادنوتی[11]، جۆرج کۆنراد[12] و چەند کەسێکیتر. ئەم قوتابخانەیە هەرچەند بەرهەمەکانی لوکاچی لاو بەر لە سەردەمی ستالین (**گیان و فۆرمەکان**[13]، تا **مێژوو وشیاری چینایەتی**[14]) و پاش ستالین (**دوایین جوانیناسی**[15] و **بوونناسی وجودی کۆمەڵایەتی**[16]) بە خەستی کاری تێکردووە، بەڵام تەنیا بە کارتێکردنی لوکاچ کورت نابێتەوە. لێرەدا باسکردن لە قوتابخانەی بوداپێست، پیشاندەری ئاخێز و بوژانەوەیەکی راستینە کە بەوپەڕی وردبینیەوە لە سۆڤیەت و ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا مارکسیزم دەژێنێتەوە و گەندەڵییەکانی ستالینیزمی لێدەسڕێتەوە.[17] ئەم قوتابخانەیە هەرچەند لە سەرەتای بەرنامەکانیدا گونجاوییەکی[18] رێژەیی پیشان ئەدا – ژیاندنەوەی ئەندێشەی مارکسیستی، گەیشتن بە جێگایەکی گرنگ لە بواری ئایدیۆلۆژیکیدا، دەرخستنی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی کە دەیانەوەیّ لە هەنگاریادا ئاڵوگۆڕی دیموکراتیك بەدیبێنن– بەڵام گەشەی ئەو لە 1956تا 1978، لە ئاست چەندین هەڵوێست و ناکۆکی ناوخۆیی و پچڕانی (شەخسی و ئایدیۆلۆژیك) و سەرئەنجام جیایی بەرەوڕوو بووە. ئەمڕۆ لە پاشماوەکانی ئەم بزاڤە بەرینەی چەپی نوێی هەنگاریا دەتوانین سیّ رەوتی جیاواز لێك جیابکەینەوە:

---

[7] Andreas Hegedus.
[8] Maria Markus.
[9] Gyorgy Bence.
[10] Janos Kis.
[11] Sandor Radnoti.
[12] Gyorgy Konrad.
[13] Lame et Les Formes.
[14] Histoire et conscience de classe.
[15] Esthetique.
[16] L ontology de letre social.
[17] Destalinisation,
[18] Coherence.

1. رەوتێك كە فرێنس فێهر، ئاگنش هلێر، جۆرج كونراد و ماریا ماركوش (دوورخراوانی بەدڵخواز بۆ ئۆستراليا) نوێنەرایەتی دەكەن. بەرهەمەكانی ئەمانە تێكڕای پانتایی زانستی مرۆڤی (فەلسەفە، كۆمەڵناسی، جوانیناسی، دیموگرافی و ئیپیستمۆلۆژی و هتد) دەگرێتەوە. تايبەتمەندییە بەرچاوەكانی ئەم رەوتە بریتین لە: داهێنانی فكری شاز، پچڕانی لێبڕاوانە لە سۆسیالیزمی سەردەم، رەخنەی قووڵ و بنەڕەتی لە ماركسیزم.
2. رەوتێك كە ئەمڕۆ ئاندراش هگدوش رێبەری دەكات. هگدوش خەبات بۆ چاكسازی و رەخنەی قووڵ لە سیستمی دەسەڵاتدار بەپێویست دەزانێ. ئەم بزاڤە بە "چاكسازی كۆمۆنیزم" ناسراوە.
3. رەوتی جۆرج بنتس و یانوش كیش كە بەگشتی لە ماركسیزم و كاری تیۆری دەستی هەڵگرتووە و ئەمڕۆ گرنگی زۆر بە رۆژنامەنووسی سیاسی لە باڵی ئۆپۆزیسیۆندا دەدات.

بێگومان ئەم تايبەتمەندییە سادە و ساكارانە ناتوانێ رەنگدانەوەی رەهەندەكانی ئەم قوتابخانەیە رۆشن بكاتەوە، بەڵام لانیكەم دەركی ناكۆكییە بنەماییەكانی هەمواردەكات... بەڵام لە بواری نووسین و بلاوكردنەوەدا، رەوتی ئۆستراليا لەوانیتر دەوڵەمەندترە. دەركی هەڵوێستی تیۆری – سیاسی ئەوان بەهۆی فرەڕەهەندی و گۆڕانی بە خێرایی و ئاڵۆزی بەرهەمەكانیان، زۆر دژوارە. دواین بەرهەمی كۆیی ئەوان، **دیكتاتۆری بەسەر نیازەكاندا**[19] (1983) هەڵوێستی تازەیان پیشان ئەدا و لەراستیدا توێژینەوەی هەمەلایەنەی سیستمی جۆری سۆڤیەت و خودی ئەندێشەی ماركسیستی ئاراستەدەكات. ئەندێشەی ناوەندی و بنەماسازی ئەم بەرهەمە بریتییە لە:

---

[19] Dictatorship over Needs.

– لە پلەی یەکەمدا، پێوەندی دووبارەیە لەگەڵ هیۆمانیزمی بنەڕەتی[20] کە بێجگە لەوەی پانتایەکی گرنگ لە ئەندێشەی مارکس دەسازێ، بەڵکوو هەروەها و بەتایبەتی، تاقە وەڵامی شیاوە بە کاری دژەئینسانی[21] سەردەمی ستالین. ئەم دۆکترینە مرۆڤدۆستانە، ئاخێزگەی سەرهەڵدانی جۆرێك فەلسەفەی بەخۆداهاتنەوە[22]یە کە بەرهەمەکانی ئاگنش هلێر نموونەی بەرجەستەی ئەوە.

– لە پلەی دووەهەمدا، سەرلەنوێ لەسەر فەلسەفەی کردار[23] و یەکخستنی لەگەڵ تیۆری پێداگری دەکا و لەئاست هەموو شێوەکانی پۆزەتیڤیزم رادەوەستێ. ئەگەر ئەم یەکخستنەوەیە بەمانای رەتکردنەوەی هەمەلایەنەی "مارکسیزمی رەسمی" وڵاتانی رۆژهەڵاتە، ئەگەر دۆستایەتی لەگەڵ مارکسیستی رۆژاوایی دەکاتە بنەما، لەگەڵ مرلو– پۆنتی[24] و لوسیەن گوڵدمەن[25] یەکدەگرێت و لەئاست ئاڵتوسێر[26] رادەوەستێ کە بەرهەمەکانی لە یەك کاتدا وەك جۆرێك نیۆ- پۆزەتیڤیزم[27] و تەنانەت مارکسیزمی رەسمی دەردەکەوێ.

– لە پلەی سێهەمدا، لەگەڵ چەپی نویی رۆژاوا هاوپشتی دەکا و لە نرخاندنی کۆمەڵگەی مەسرەفیدا لە هەوڵی رێکخستنی تازەی سیستمی نیازەکان دایە. هەر وەها بە رەخنەی توند لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات، خوازیاری بەرینبوونەوەی ئازادییە سیاسییەکانە.

---

[20] Humanisme radical.
[21] Deshumanisation.
[22] Desalienation.
[23] Philosophie de La Praxis.
[24] Merleau-ponty.
[25] Lucien Goldmann.
[26] Althusser.
[27] Neo-Positivisme.

– سەرئەنجام، وردبینی لەمەڕ دەرفەتی جۆرێ دیموکراسی ریشەیی، لەسەر بنەمای فرەچەشنی[28]، پرستیژی سەرلەنوێی[29] بازاڕ، خۆڕاپەڕاندن[30] و کۆمەڵایەتیکردنی[31] سەربەستی مناسباتی بەرهەمهێنان.

ئەم تێزانە لە راستیدا لە هەموو بەرهەمە تاکی و گرووپییەکانی ئەم رەوتەدا دەبیندرێ. بەڵام بێ شك لە کتێبی **دیکتاتۆری بەسەر نیازەکاندا** بە وردی و شەفافی ئاراستەکراوە. ئەم بەرهەمە لە هەمان حاڵدا کە بەشێوەی هێمایی بانگەشەی مارکسیزم دەکا، لێبڕاوانە لە ئەزموونی سوسیالیزمی سەردەم دەپچڕێ. تەنانەت دەکرێ بڵێین ئەم نووسەرانە بنەماکانی مارکسیزمیان لە بەرهەمەکانی مارکسی لاو هەڵێنجاوە، هەر ئەمەش بزوێنەری پچڕان لە سۆڤیەت بووە.

بەرای ئەم نووسەرانە، روانگەی مرۆڤناسانەی مارکسی لاو لەمەڕ سروشتی مرۆڤ، ئەوجۆرەی کە مارکسی لاو بەیانی کردووە، لەسەر خەیاڵاتی میتافیزیکی دانەڕێژراوە، بەڵکوو یەکسەر لەسەر دنیای نیازەکان راوەستاوە. ئەم هۆکارەش بایەخێکی تەواو بوونناسانەی[32] هەیە و: پیشاندەری گوزەری مێژوویی و کۆمەڵایەتی مرۆڤی سروشتییە بەرەو مرۆڤی فەرهەنگی. کەوابوو، مرۆڤێتی لە وجودی مرۆڤدا، گەشەی ئازادی تواناکانی ئەو لە رێگەی رێکخستنی سیستمێکی تایبەت لە نیازەکان وەك پێویستی دەردەخات. ئەگەر سۆسیالیزم بەمانای وەدیهاتنی ئازادی نیازەکان، لە رێگەی گەشەی تاکێتی ئازاد و بەهەمان رادە بەرپرس بێت، هەر وەها ئەگەر لێمان رۆشن بێت کە سیستمی نیازەکان لە کۆمەڵگای

28 Pluralisme.
29 Rehabilitation.
30 Auto-gestion.
31 Socialisation.
32 Ontologique.

بورژوازیدا، بەتەواوی تووشی گەندەڵی و لەخۆنامۆیی هاتوون، سەرئەنجام و بەناچار دەبێ قەبوڵ بکەین کە سۆسیالیزمی سەردەم پیشاندەری نرخاندنی حەتمی (بەمانای هێگلی) بەرنامەی مارکس و لە هەمان حاڵدا، وەرگرتنی لایەنە باشەکانی سیستمی بورژوازی نیازەکانە. یان بە وتەیەکی ڕۆشنتر کارکردی نیازەکان لە سۆسیالیزمی باودا بەتەواوی دژ بەخۆی بۆتەوە. بە وتەی یوهان ئارناسون (Johann Arnasson یەکێ لە باشترین راپۆرت نووسانی ئەم رەوتە) وەك " رێگەچارەی[33] فۆرمێکی تا ئەمڕۆ نەناسراوی دەسەڵاتی لێهاتووە".[34] ئەم ئاوەژووبوونەوە، سەرئەنجام، نیشانەی وەدیهاتنی نیازەکان نییە، بەڵکوو هەمان دیکتاتۆری لەسەر نیازەکانە. ئەم دیکتاتۆرییە هەموو بەستێنەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە و دەکرێ ئاوا پێناسەی بکەین: سیستمی دەسەڵاتێکی هەمەلایەنە کە لەودا، داگیرکردنی زێدەبایی کۆمەڵایەتی لەلایەن دەزگای حکومەتەوە فۆرمێکی تایبەت لە خاوەنداریێتی پاوانخوازانە[35] بەسەر کۆمەڵدا دەسەپێنێ و هەموو کۆمەڵگا بێبەش دەکات. بەڕای ئەم نووسەرانە، ئەم کارە، پێکهاتەیەکی[36] تازە لە مناسباتی تاك–کۆمەڵگایە، کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی تاکێکی سەرکز و تێکشکاو و پرۆسەیەکی مێژوویی دژەرۆشنگەری[37]، یانی دژە ئازادی[38] و سەرئەنجام، دەسەڵاتێکی دیسپۆتیزمی گشتگیر[39] دروست دەکا کە

[33] Modus operandi
[34] Perspectives and problem of Critical Marxisme in Eastern Europe, in Thesis Eleven, n 5-6, 1982.
[35] Expropriation monopoliste.
[36] Structuration.
[37] De-enlightenment.
[38] Contre-emancipation.
[39] Totalitarisme.

دەیەوێ تێکڕای کۆمەڵگا یەکدەست و هاوشێوە بکات. ئەم سازوکارە بەرفراوانە کە ئەمڕۆ تووشی قەیران هاتووە، هەر لە سەرەتای شۆڕشی 1917وە، ئەڵبەت بەشێوەی قەیراناوی لەئارادا بووە. ستالینیزم، کە بەڕای ئەم نووسەرانە، سەرکەوتنی لێنینیزم بەسەر هەموو کۆمەڵگەدا بوو، بێجگە لە بە ئەنجام گەیاندنی بەرئەنجامە لۆژیکییە تایبەتەکانی بۆلشڤیزم و بەتایبەت پارتی سیاسی لێنینیستی کارێکیتری نەکردووە. بەڕای ئەم نووسەرانە، دەکرێ ئەم فاکتە مێژووییە تازەیە لە سێ بواری ئابووری، سیاسی و ئایدیۆلۆژیکیدا، کە کۆمەڵگەی جۆری سۆڤیەت پێکدێنێ، ببینین:

لە بواری ئابووریدا دیکتاتۆری لەسەر نیازەکان، لەنێو سیستمی بەرهەمهێنانی هەرەوەزیدا بەشێوەی ناسەرمایەداری ڕۆڵ دەبینێ و پیشاندەری فۆرمێکی نوێ لە داگیرکردنی [دەوڵەتی] زێدەبایی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییە. ئەم سیستمە، سەرمایەداری نییە– بەڵکوو ڕەنگە لە یەك کاتدا پێش سەرمایەداری و پاش سەرمایەداری بێت– چونکە ئابورییەکەی پێڕەوی ئەقڵانیەت پەرێزی[40] سروشتی و بنەمایی نییە: پلان و بەرنامەکان، بەپێچەوانەی ڕواڵەتیان، بەرهەمی گەشەی لۆژیکیی ئابووری نیە، بەڵکوو ئاکامی سیستمی یەکپارچە لە داخوازییە پێویستەکان[41]، یانی کۆمەڵێك لە زەخت و گوشارەکانە کە پیشاندەری هاوکاتی مشت و مڕ[42] و ڕکەبەرایەتی توند و تیژی گرووپی جۆراوجۆری نێوخۆییە کە لە جەرگەی ئەم سیستمە دان. کەوابوو، زیاتر، ئابووریەکی داواکراو مەبەستە نە ئابووری سیاسی. بەتایبەت بەمبۆنەوەیە کە گوزەر لە هەرێمی خولقاندنی ئامێری بەرەهەمهێنانەوە بۆ هەرێمی بەرهەمهێنانی

[40] Irrationalite substantille.
[41] Binding orders.
[42] Bargaining.

ئامێرەکانی بەکارهێنان ئیمکانی نییە. تەنیا بەشی بەرهەمهێنانی چەك و چۆڵی سەربازی لەم یاسایە بەدەرە، ئەمەش بەهۆی بەرگری و پاراستنی دەسەلات و فرۆشتنی بە ولاتانی جیهانی سێهەمە. بەرئەنجامی تەوەری ئەم دۆخە لە بواری نیازەکاندا ئاوایە: لەم سیستەمەدا نیازە کۆمەلایەتییەکان دەستەبەر ناکرێن، مەگەر ئەوە کە بەشێوەی ئامانجی بروکراتیك بەیان بکرێن ... ئاکامی ئەم رەوتەش، تایبەتمەندییەکە کە بە زەقی نائەقلانیبوونی ئەم سیستەمە پیشان ئەدات: هەلداچوونی بەردەوامی قات و قڕی و مەسرەفی زیادی...

لە بواری سیاسیدا، ئەم سیستەمە بە هەلوەشاندنەوەی هەرجۆرە سنوورێکی نێوان دەولەت و کۆمەلگەی مەدەنی[43] دەردەکەوێت. ئەم نووسەرانە پێیان وایە کە لە سالی 1917 بەملاوە، هەموو کاروباری کۆمەلگا سیاسی کراوەتەوە و حیزب وەك هێمای فۆرمێکی نوێ لە دەسەلاتداری دزەدەکاتە گشت سوچ و قوژبنێکی کۆمەلگا و پێکهاتەی بەرژەوەندی تایبەتی و کۆمەلایەتی بەوپەڕی دۆگماتیزمەوە دیاری دەکات. حیزب بەمجۆرە، بەشێوەیەکی سەرەڕۆیانە بەرژەوەندی گشتی بەرجەستە دەکات. بەلام حیزب، خەیاڵ نییە: توێژی ئلیتانی دەسەلاتدار[44]، تێکەلێك لە دام و دەزگای بەرزی سیاسی کە ئەرتەش و ریکخراوی پۆلیسی– تەناهی دەگرێتەوە، پیشاندەری حیزبە. ئەم توێژە ئلیتە حیزب نییە: بەلکوو لە پێگەی هێزێکی بڕواپێکراودا نوێنەرایەتی حیزب دەکا و پیشاندەری بەرژەوەندی حیزبە کە نە بە بەرژەوەندی یەکە یەکەی ئەندامانی کزدەبێت و نە بە بەرژەوەندی ئەم توێژە ئلیتە. حیزب سیستمێکی تۆکمەیە کە لۆژیکی تایبەت بەخۆی هەیە. هەر بەمهۆیە، لەمەڕ ئەم جڤاتانە، ناکرێ باسی چینی دەسەلاتدار بکەین. بروکراسی[45] و

---

[43] Societe civile.
[44] Elite dirigeante.
[45] Bureaucratie.

تکنۆکراسی[46] دوو ئامێرن کە دەسەڵاتی هەقیقی حیزب دەچەسپێنن. نووسەران لەمەڕ ئەم پرسە، گەلێ تێبینی قووڵ و بەرینیان ئاراستەکردووە کە بەشێوەی جۆراوجۆر پاساودان و پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە سۆڤیەت و ئەوروپای رۆژهەڵاتدا پیشان ئەدەن. سەرەڕای ئەمەش، ئەم فۆرمە دەسەلاتدارییە تازەیە بە مەبەستی هاوشێوەکردنی هەموو کۆمەڵگە بە یارمەتی زەختی بەردەوام لەسەر سیستمی نیازە کۆمەڵایەتییەکان، بە هەمان رادە کە لە لیبرالیزم و پەیمان و یاساکانی[47] کۆمەڵگەی بوژوازی دوورە، لە فۆرمی دەسەڵاتی سیاسی پێش بورژوازی و، لە دەسەڵاتی دیسپۆتیك نزیکە.

لە بواری ئایدیۆلۆژیشدا دیکتاتۆری لەسەر نیازەکان بەتەواوی ئاشکرایە. ئایدیۆلۆژی، لە پێکهاتەی خۆیدا، بەرهەمی ململانێ لە بازاڕی کولتوری دایە، بەڵام لە ناخی سیستمی جۆری سۆڤیەتدا لە شکڵی دەرسێکی زۆرەملی ناو و ناتۆر هەڵدەبەستندا دەردەکەوێ کە دەیەوێ هەموو ئاکار و رەفتارێکی کۆمەڵایەتی کۆنترۆڵ بکا [و کۆمەڵێکی سەرکز و دەستەمۆ بخولقێنێ]. لەئاکامدا، خودی چەمکی ئایدیۆلۆژی، تووشی ئاوەژووبوونەوەی پێهاتەیی دەبێت: پاوانخوازی ئایدیۆلۆژیکی، بە سڕینەوەی هەرجۆرە پێشبرکێیەك لەنێو بازاڕی ئەندێشەکاندا، ئایدیۆلۆژی وەك یاسای خۆسەلمێنی[48] سیستمی دەسەڵاتداریی لێدەکا و ئەم پرۆسەیە، کاریگەرییەکی کولتوری ئێجگار نالەباری لێدەکەوێتەوە: *بەتایبەت، بێدەرەتانی فەرهەنگی خودی سیستم کە رێگەی هەرچەشنە دەرکەوتنێکی فەرهەنگی [سەربەخۆ] ی کۆمەڵگا بەربەست دەکا، پرۆسەی مێژوویی دژی ئازادی و دژەرۆشنگەری کە لە جیاتی بەرپرسایەتی، تاکی تەسلیم و لەخۆنامۆیی[49]، جێگیر دەکات، گەشەی*

---

[46] Technocratie.
[47] Contractualisme Juridique.
[48] Auto-affirmative.
[49] Alienation.

دەروونپشێوی کۆمەڵایەتی کە لە شکڵ و شێوەی تایبەتی ترس و دڵەخورپەدا دەردەکەوێ، پەراکەندەیی ئەتۆم ئاسای کۆمەڵایەتی و هەروەها فۆرمە تایبەتەکانی دارزینی مێشك و دەماری جەماوەر و هتاد.

بەڕای ئەم نووسەرانە، سیستمی دیکتاتۆری لەسەر نیازەکان ئەمڕۆ تووشی قەیران هاتووە. ئەم قەیرانە، بەرهەمی چەند هۆکارێکە:

1. نەبوونی دەسەڵاتی فەرهەنگی واقعی و دەسەڵاتداری (حیزب) بەسەر کۆمەلگەدا: ئایدیۆلۆژی رەسمی ناتوانێ وڵامی نیازی تێکۆشان و مەسرەفی فەرهەنگی خەڵکی کۆمەڵگای بلوکی رۆژهەڵات بداتەوە.

2. بوژانەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی (بەتایبەت لە پۆلۆنیا و هەنگاریا) کە بەرای ئەم نووسەرانە بەرەو جیابوونەوە لە دەسەڵاتی بلوکی سۆڤیەت دەچن.

3. قەیرانی ئابووری نموونەی گەشەی سفر، کە توانای چارەسەری پرسی زەمینەکان و پرسی ئامێرەکانی مەسرەفی نییە.

4. سەرهەڵدانی جۆرێکی تازە لە ناڕەزایەتی فەرهەنگی کە فەندمەنتاڵیزمی[50] ئایینی چەند ناوچەیەك لە خەڵکی پۆلۆنیا و سولژنیتسین نموونەی بەرجەستەی ئەوە. لە ڕوانگەی نووسەرانی ئەم قوتابخانەیەدا، ئەم دواخاڵە زۆر قەیراناوییە، چونکە بەڕای ئەوان "ژەهری" بونیادگەرایی، بەڕادەی دیکتاتۆری لەسەر نیازەکان کۆنەپەرستانە و دژی پێشکەوتنە.

خاڵێکی رەخنەیی: سەرەڕای گرنگی کتێبی **دیکتاتۆری بەسەر نیازەکاندا** و سەرەڕای رەسەنبوونی ئەندێشەی هەرکام لە نووسەرانی ئەم قوتابخانەیە، چەند خاڵێکی رەخنەگرانە بەپێویست دەزانین:

ئەلف) دەرخستنی مژاری نیازەکان، بەپێی بۆچوونێکی مرۆڤناسانە لەمەڕ تاکی مرۆڤ، جێگەی گومانە و پێویستی بە باسێکی تیۆریکی ئانتولۆژی

[50] Fondamentalisme.

وجودی كۆمەڵایەتی هەیە و لەم بوارەدا گەڕانەوە بۆ روانگەكانی لوكاچی پیر كارساز و رۆشنگەرانەیە [51].

ب) ئەم توێژینەوەیە لەمەڕ شۆڕشی ئۆكتۆبری 1917 زۆر رواڵەتی و پڕكێشەیە.

ج) وادیارە كە دیكتاتۆری لەسەر نیازەكان، بەرلەوەی وەك هۆكارێك بێت، دەبێ بە سیستمێك لە هۆكردەكانەوە ببەسترێت كە حكومەتی جۆری سۆڤیەت توانای كۆنترۆڵیانی نییە و لە بنبەستی مێژوویی ئەوروپای رۆژهەڵات و سۆڤیەت جیاناكرێتەوە، بنبەستێ كە دەبێ لە ناخی رێكخستنەوەی دووبارەی سەرمایەداری جیهانی لە سەدەی بیستەمدا توێژینەوەی لێ بكرێت.

د) كاتێگۆری دیسپۆتیزمی گشتگیر كە نووسەرانی ئەم قوتابخانەیە بەكاریان بردووە و چەمكی "قووتدان"ی كۆمەڵگەی مەدەنی بەهۆی كۆمەڵگەی سیاسی (حیزبی– دەسەڵاتدار)ەوە، زۆر جێگای شك و گومانە، نە بەهۆی راڤەكاریەكان، بەڵكوو بەهۆی بەڵگە و بنەماكانیەوە: یانی ئەگەری هەبوونی جیایی نێوان هەرێمی سیاسی و كۆمەڵایەتی بەدرێژایی مێژوو.

---

[51] Zor Ontologie des gesellshaftlichen Seins, Neuwide, Luchterhadd, 1971-1973, Noets on Lukacs Ontology Par Fehr, Heller, Markus et Vajda, in Lukacs Reconsidered Black well, 1983.

سەرنجێك لە قوتابخانەی بوداپێست

فرانسوا ریڤێر

قوتابخانەی بوداپێست چیە؟ بۆچی ئەمڕۆ لە **لەتان مۆدێرن**[52] [ڕۆژگاری نوێ]دا باسی ئەم قوتابخانەیە دەكرێ؟

لوكاچ لە نامەیەكدا بەرێكەوتی 15فوریەی1971و لە بڵاوكراوەی times literary supplement دا دەستەواژەی **قوتابخانەی بوداپێستی** بەكاهێناوە.[53] ئەم دەستەواژەیە ئاماژە بە گرووپێك دەكا كە لوكاچ و شاگردەكانی پێكیانهێناوە، بەكورتی: فرێنس فێهر، ئاگنش هلێر[54]، جورج ماركوش و میهای وایدا (بیرمەندانێكن كە لە كۆتایی نامەكەی لوكاچدا بەرهەمەكانیان ناسێندراوە). ئێستە بێجگە لەم بیرمەندانە كە بەجۆرێك لەگەڵ لوكاچی پیر لەپێوەندی دان، كۆمەڵناسانیش زیاد دەكەن: ئاندراش هێگدوش، ماریا ماركوش[55]، و بەگشتی تێكڕای ئەو ڕووناكبیرانەی كە لە ڕژێمی دەسەڵاتدار ڕەخنەدەگرن.

---

[52] Les Temps Modernes.

[53] وەرگێڕانی دەقی ئەم نامەیەمان لەم كتێبەدا هێناوە.

[54] وەرگێڕانی وتارێكی ئاگنش هلێر مان بە ناوی **تیۆری و پراتیك بەپێی نیازە ئینسانییەكان** لەم كتێبەدا هێناوە.

[55] وەرگێڕانی بەرهەمێكی هاوبەشی ئەوان : **كاتی ئازاد و دابەشبوونی كار** لەم كتێبەدا هاتووە.

ئەم کارەی نووسەری **مێژوو وشیاری چینایەتی** لە ناودێرکردنی قوتابخانەی بوداپێست دا ڕەنگە ببێتە مایەی سەرسورمانٍ. چوونکە ئەگەر لەبیرمان بێ [لوکاچ] لە تەمەنی بیست ساڵیدا وڵاتەکەی بەجێهێشت، ماوەی دە ساڵ لە زانکۆکانی ئەڵماندا دەرسی خوێند، پاشان، لە دوای تێکشکانی کۆماری شوراکانی هەنگاریا ساڵی 1919 نارچار بە کۆچ کرا و دە ساڵ لە نەمسا و دواتریش دە ساڵ لە سوڤیەت ژیانی بردەسەر. کاتێ گەڕایەوە بۆ هەنگاریا، نزیکەی شەست ساڵ تەمەنی بوو، کەچی دیسان هەر بە زمانی ئاڵمانی دەینووسی. هەروەها، لە زانکۆی بوداپێست دەرسی دەگوتەوە هێندەی پێنەچوو کە دەستەیەك لە دۆستان و شاگردەکانی کە لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕی فکری ئەو و هەروەها ڕەخنەکانی ئەو لە بروکراسی سیاسی سیستمە "سۆسیالیستەکان" بەتەواوی ئاگاداربوون، لە دەوری کۆبوونەوە. ئەم ڕەخنەیە کە لە دوا وتووێژی لوکاچ لەگەڵ ژۆرنالیستە ڕۆژئاواییەکان[56] دا بەڕۆشنی دەرکەوتبوو، لەنێو ئەو بەرهەمانەدا کە خودی لوکاچ چاپی کردووە، بەدی ناکرێ. جگە لەوەش جێگەی نگەرانیە کە بەشێك لەم ڕەخنەیە کە لە وتووێژەکەدا بڵاونەکراوەتەوە، بەم زوانەش بڵاونەکرێتەوە. لەراستیدا، کاربەدەستان، بە سەرنجدان بەو بابەتانە کە خودی لوکاچ نووسیوونی و بڵاوی کردوونەتەوە– لەوانە بابەتەکانی سەردەمی ستالینیزم– پێیان وایە کە سیمای فکری ئەم بیرمەندە گەورەیە پێشتر بەشێوەی حەتمی دیاریکراوە، ئەڵبەت بەو ئاڵوگۆڕانەوە کە "نەمریی" ئەو پێویستییەتی! ئەم کاربەدەستانە کە بەرهەم و دەستنووسەکانی لوکاچیان پاوانکردووە، ئەمڕۆ دەتوانن "مومیایی" خۆیان کە وەك "شانازییەکی نەتەوەیی" بێزیانی لێهاتووە، بەسانایی

[56] بروانە بۆ دوا گفتوگۆی لوکاچ کە چەند هەفتە بەرلە مەرگی لەگەڵ یون بوردە کردوویە. دەقی ئەم گفتوگۆیە لەم بەرهەمەی خوارەوەدا هاتووە:
Figures de Lukacs, ed Anthropos, 1972,pp. 167-207.

بپـارێزن. لەڕاسـتیدا ئـەوان هـەر بـە پـاوانکردنی بەرهەمـەکان وازنـاهێنن، ئەوان پەیکەری لوکاچ لە هەرچەشنە چەوت ئاینی[57] یەك خاوێن دەکەنەوە: لە پاش مەرگی لوکاچ، بووکەکەی (کـە لـە کـاتی تۆمـارکردنی گوتوبێـژی 16ی ئاوریلی 1971دا بەشداری کردبوو) لە نامەیەکدا داوادەکا بـەر لـە بڵاوبوونەوە، دەقی وتووێژەکە ببینێ تا بتوانێ پیابچێتەوە کە نەبا لوکـاچ – بەوهۆیــە کــە بــە زمــانی فەرانســی قســەی کــردووە– لــەڕووی کەمتەرخەمیـەوە شـتێکی گوتبـێ کـە لەگـەڵ نووسـراوە سـەرەکییەکانی دژایـەتی هـەبێ، یـان لـەوەش سـەیرتر "لەگـەڵ ئەوشـتەی کـە شـاگردانی چـاوەڕوانییان لێـدەکرد" سـازگار نـەبێ. "میراتـدارانی" لوکـاچ کاتـێ نـەیانتوانی ئـاوا سانسـۆرێك ئـەنجام بـدەن، لـە ڕۆژنامەکانـدا چـەندین ئاگادارییان بڵاوکردەوە کە گۆیا دوایـن وتووێـژی بیرمەنـدی پـیر "گاڵتـە و گەپێکی ڕووت بووە لەگەڵ ڕێبوارانی ڕۆژاوایـی". ئـەوان بـە کـەڵکوەرگرتن لەم فێڵە توانییـان بەتایبـەت لەسـەر ئـەم پرسـە جـەخت بکـەن کـە بـەناو شاگردانی لوکاچ لەپاش مەرگی مامۆستاکەیان، ئەندێشەی ئەویان چەواشە کــردووە و بەلارێیانــدا بــردووە. ســەرەڕای هــەموو ئەمانــەش گۆیــا کاربەدەستان سەرئەنجام بەو ئاکامە گەیشتوون کـە تیـۆری چەواشـەکردن نەیگرتووە و ئەمرۆ ئەمە بە باشتر دەزانن کە لەمەڕ خودی لوکاچ بـێدەنگ بن و تا کاتێ کە پێویستە، ئەو لە دۆخێکی نێوەنجی و نیوبەندا رابگرن.

راســتیەکەی ئەمەیــە کاربەدەســتان لــە کــاتی ژیــانی لوکاچــدا، نەیاندەتوانی ڕەوتی ئاڵوگۆڕی **قوتابخانەی بوداپێست** نادیدە بگرن، بەڵکوو بـە رادەی بەرتەسك و لە ئاڵقەیەکی بچووکدا چاوپۆشییان لێدەکرد. هـەنگاریا لەنێو وڵاتانی سلاڤدا، لـەرووی نەتـەوەیی و زمانییـەوە دۆخێکـی تایبـەتی هەیـە. ئـەم دۆخـە، لـەنێوان هەنگارییەکانـدا، کـە چـەندین جـار لەلایـەن تورکـەکان، نەمسـاییەکان و پاشـان رووسـەکانەوە داگیرکـراوە، هەسـت و

[57] Heterodoxe.

ئینتمای سەربەخۆیی خوازی زیاتر هەڵگیرساندووە. خودی کادار[58] یش کە لەلایەن خرۆشچۆفەوە وەك سەرۆکی دەوڵەت دیاری کرابوو، لە سەرەتای شۆڕشی خوێناوی 1956 دا، وەك لوکاچ، لە دژی دەسەڵاتی ستالینی تێکۆشابوو. خرۆشچۆف و جێگرەکانی لە قۆناغی یەکەمدا ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕژێمی کادار رەخساند، تا بەشێوەی بەرتەسك و سنووردار فەزای داخراو بکاتەوەو بەمجۆرە بەئەسپایی شۆڕشی 1956 لەبار ببات. بۆ وێنە لە بواری سیاسیدا لەنێو نوێنەرانی هەڵبژاردنەکاندا بەشێوەی کەمڕەنگ جۆرێك فرەچەشنی دەبینرا. لە بەستێنی ئابووریدا، نیوچەسەربەخۆییەك بە دام و دەزگاکانی بەشی کشتوکاڵ و پیشەسازی بچوك درا کە بەهۆی خێر و بەرەکەتی مکانیزمی بازاڕی ئازاد، دەوڵەمەند بوونەوە. لە بواری فەرهەنگیدا، ئەو دەورە بزوێنەر و کاریگەرەی کە روناکبیران لە پێکهاتنی شۆڕشی 1956 هەیانبوو، فەرامۆش نەکرابوو و رژیمی کادار لە نزیکەی ساڵەکانی شەستدا لەئاست روناکبیران بە نەرمی دەجووڵایەوە. ئەو رۆشنبیرانەی کە من توانیم بیانبینم، دەیانگوت لەو سەردەمەدا بارودۆخیان "خراپ" نەبووە. توانیویانە کۆڕی وتارخوێندنەوە بگێڕن، سەفەر بکەن (بەتایبەت بانگهێشتی زانکۆکانی دەرەوە قبوڵ بکەن) و ئازادانە بنووسن و بڵاوی بکەنەوە– بەتایبەت بە زمانی باو بێجگە لە زمانی هەنگاری، ئەگەر دەرسەکان، یان وتارخوێندنەوەکانیان لە دەرەوە ببوایە، بەرهەمە بڵاوکراوەکانیان– تەنانەت بەرهەمی تەواو ڕەخنەگرانەش – هات و هاواری بەرپا نەدەکرد یان بە وتەیەکی ڕۆشنتر، ئەگەر رۆژنامەکانی ناوخۆ لەو بارەوە شتێکیان نەنووسیبا، کاربەدەستانیش بێدەنگییان لێدەکرد. لەمەڕ بەرهەمی بڵاوکراوە بە زمانی

---

[58] Kadar، سیاسەتمەداری هەنگاری (1922)، سکرتێری گشتی حیزبی کۆمۆنیستی هەنگاریا (1956). پاش شۆڕشی بوداپێست(4ی نوامبری 1956) رووسەکان ئەویان وەك سەرکۆماری وڵاتەکەی دیاری کرد. ساڵی 1958 سەرلەنوێ بوو بە سکرتێری گشتی حیزب. وەرگێڕ.

هـەنگاریش ئـەو بیرمەنـد و کۆمەڵناسـانەی کـە کارمەنـدی ڕەسمـی دام و دەزگـای دەوڵـەتی بـوون، زیـاتر بـەهۆی داکـۆکی لـە ڕوانگـەی چـەوت سەرزەنشـت نـەدەکران، بـەڵکوو بـەهۆی بڵاوبوونـەوەی ئـەم روانگـە لـە گۆڤارێکی فرەتیراژدا سەرزەنشـت دەکـران، چـوونکە وەهـا نووسـراوەیەك دەبـێ تایبـەت بـە بلاڤـۆکێکی کـەم خوێنـەر بێـت. بەرۆشـنی دەتـوانین تێبگـەین کـە ئـەم جـۆرە کرانـەوە شـێنەیی و کـۆنترۆڵکراوە تـەنیا بـۆ کردنـەوەی "سـوپاپی متمانـە" لەبەرچـاو گیرابـوون. بـەڵام بۆچـی دواتـر سەرەتا بە لەمپەرێکی نەبینراو و پاشان بـە فـەرمانی وەسـتانی حـەتمی و لەناکاو ڕاگیرا؟

گەشــەی لەمپەربــەزێن و مەهارنــەکراو و گەشــندەی "کرانــەوە" لــە چکسلڤاکیا زەنگی مەترسی وەدەنگ هێنا. وەك دەزانین ئەم بزاڤـە سـاڵی 1968 ڕانەوەستا و تەنیا "بە یارمـەتی برایانـە و هاوکـاری چـەکدارانەی" وڵاتـانی پـەیمانی ڤۆرشـۆ سـەرکوت کـرا. لـەوە بـەدوا ئـیتر کرانـەوەی بەشێنەیی فەزاکان "گەنـدەڵی" پڕمەترسـی بـەدواوەبوو. بەمهۆیـە دەبـوو کۆتـایی پێبێـت، بـەڵام "ئاسـاییکردنەوە" لـە هـەنگاریا، پارێزکارانـەتر، ئـارامتر و – لەمـەڕ ڕونـاکبیران – درەنگـتر ئەنجامـدرا، ئەمـەش لـەژێر کاریگەری لوکاچی پیردا بوو کـە – بەپێچـەوانەی رەخنـەکانی– بـەردەوام دووپاتی دەکردەوە کـە **خراپترین سیسـتمی سۆسیالیسـتی لـە چـاکترین سیسـتمی سەرمایەداری باشترە**، هەر ئەو لوکاچەی کە ئەوەنـدە بەختـەوەر (یـان خـۆش فکر و بلیمەت) بوو کە بتوانێ لە پاکتاوکردنـەکانی سـتالین رزگـاری بێـت. ئێستە چۆن دەکرێ بیرمەندی مارکسیست تاوانبـاربکرێ، لـە کاتێکـدا کـە خودی ستالینیش لە گەڵی ڕاهاتبوو؟ لوکاچ کە بە تەمەنی زیاتر لە هەشـتا سـاڵ، لــە هــەموو جیهانــدا ناســراوە و جێگــای ڕێــزە، بەرهەمــەکانی دەخوێندرێتــەوە و ئــیتر لــە شــانازی و شـکۆمەندی پـاش مـەرگی خـۆی دڵنیایە، بەو "کەنارە دوورە گەیشتووە کە ئیتر تیری راوچیان نایگاتـێ".

ئیتر ناکرێ بە ئاشکرا سەرکوت بکرێ و قوتابخانەکەشی لەژێر پشتیوانی واقعی خۆیدا پەرەدەگرێ.

لە پاش مەرگی لوکاچ لە چواری ژوئەنی 1971دا و پاش تێپەڕینی ماوەیەکی شیاو، کاربەدەستانی دەولەتی کە بەجۆرێ داب و نەریتی فۆرمالێتەیان کردۆەتە سپەری بەلای خۆیان، هەر وەك چاوەڕوان دەکرا، گوتیان ئەوکەسانەی کە لوکاچ لە نامەی 15 فوریەی 1971دا بە شاگردی خۆی زانیون و ستایشی کردوون، ئێستا پڕوپاگەندەی ڕڤیزیۆنیزمی وردەبورژوازی دەکەن، کە بەڕای کاربەدەستان ئەمە کارێکی "دژە مارکسیستییە". ئەم دوا ناتۆرە زۆر پڕمانایە، ئەلبەت ئەگەر لەبیرمان بێت ئەوەی ئەندامانی ئەم مەکتەبە یەکانگیردەکات، ئەمەیە کە ئەوان بە پێڕەوی لە مارکس و لوکاچ، مارکسیزم بە دەرسێکی زۆرەملی نازانن، بەڵکوو بە جۆرێ مێتۆدی[59] دەزانن. لە راستیدا لوکاچ نووسیبووی: *مارکسیستێکی "ئۆرتۆدۆکسی جدی (...) دەتوانێ هەموو تێزە تایبەتەکانی مارکس ڕەتبکاتەوە، بێئەوەی کە، تەنانەت بۆ ساتێکیش ناچار بێت لە ئۆرتۆدوکس بوونی خۆی دەس هەڵگرێت، چوونکە ئۆرتۆدوکس بوون لە مارکسیزمدا تەنیا... بە مێتۆدەوە بەستراوە."*[60] بەلام وەها ڕوانینێك لەلایەن "کۆمۆسیونی سیاسەتی فەرهەنگی" کۆمیتەی ناوەندی و دواتر، لەلایەن "سکرتاریەتی" حیزبی کۆمۆنیستی هەنگاریاوە، وەك رەتکردنەوەی نێوەرۆکی دۆکترینی بنەڕەتی شۆڕشی سەقامگیرکراو لەقەڵەم درا، یانی وەك پرسیارێك راڤەی دەکەن کە بەڕای ئەوان یەکپارچەیی حاشاهەڵنەگری "میراتی تیۆری مارکسیزم ــ لێنینیزم" خەوشدار دەکات. لە هەمان حالدا کە هەندێ جار بەروالەت قەبولێ دەکەن کە توێژینەوەی زانستی دەبێ کراوەبێت (ئەگینا توێژینەوە

[59] Methode.
[60] Hestoire et conscience de classe, Paris, ed. De Minuit, 1960, p. 17-18.

لەمەڕ ئەو شتانەی کە پێشتر ڕوون بۆتەوە، ئیتر هیچ مانایەکی نابێت.) ئەوان قەت نەیاندەتوانی قەبوڵ بکەن کە دەکرێ توێژینەوە "فرەچەشنی"[61] بێ و بە دۆکترینی "مارکسیزمی فرەچەشنی" بگات. ئەوان بە ئاشکرا دەیانوت کە ... ئیمکانی نیە لە یەك کاتدا چەندین هەقیقەت هەبێ، ئەو خاڵە کە ئەوان "لەبیریان دەچێ" ڕوونی بکەنەوە ئەوەیە کە چ کەس و لە چ پۆستێکدا شایستەیی ئەوەی هەیە کە بۆ وێنە لە بواری فەلسەفە و کۆمەڵناسیدا هەقیقەت ڕاڤەبکات؟ لەڕاستیدا کاربەدەستان بە هێنانەوەی بەڵگە و داکیۆمێنتی[62] زانستی و، بە توێژینەوەی قوڵتر، کۆمەڵناسانی مەکتەبی بوداپێستیان تاوانبار نەدەکرد، بەڵکوو لە پۆستی سیاسیدا و بە گەڕانەوە بۆ نووسراوە ئاسمانییەکان و بۆ پاراستنی بنەما دوگم و قەتیسەکان، ئەوان بێحورمەت دەکەن. (یان بە وتەیەکی ڕۆشنتر دەیانەوێ لە مەیدان وەدەریان نێن). ئەوان چ بزانن یان نا، چ بیانەوێ یان نا، بەمجۆرە هەلومەرجی دادگایی کردنی گالیلە دەخولقێننەوە. سەرئەنجام یارمەتی ویستنی رواڵەتی ئەوان لە دیالکتیکی مارکسیستی، وەك دروشمێکی بۆشی لێدێت، ئاخر چۆن لەمە زیاتر هەڵدەگرێ، کاتێ تێبگەین کە لە ڕوانگەی مارکسدا، دیالکتیك، یانی: *"توێژینەوەی زانستی و سەربەست"، " لە سیمای ئەقڵانی خۆیدا (...) بۆ چینە دەسەڵاتدارەکان و ئایدۆلۆژیستەکانیان مایەی شەرمەزاری و رسواییە (...) چونکە دیالیکتیك دەرکی کردووە کە هەمان بزاڤ کە هەموو شتێکێ پێکهێناوە، تەنیا قەوارە[63] یەکی کاتییە، هەر بەمهۆیە هیچ شتێ ناتوانێ لە سەر ئەو زاڵ بێت، چونکە لە بنەرەتدا رەخنەگرانە و شۆڕشگێرانەیە"*[64].

---

[61] Pluralisme.
[62] Demonstration.
[63] Configuration.
[64] "دواگوتاری" ژانویەی 1873 بۆ دووهەمین چاپی ئاڵمانی سەرمایە...

ڕۆشنە کە بەکارهێنانی ئەم جۆرە مێتۆدە دیالکتیکییە لە پانتایی فاکتە بەرهەستەکانی "دیموکراسی جەماوەری" هەنگاریادا کاریگەری "شۆرشگێرانەی" دەبێت، ئەم کارتێکردنەش ئەوکاتە ئاشکرا دەبێت، کە بۆ نموونە ئاگنش هلێر سەبارەت بە مانای خەسڵەتی وردەبورژوایی ژیانی ڕۆژانەی وڵاتی خۆی و مانای نەگۆڕی پێکهاتەی نەریتی بنەماڵە (کە ئنگڵس پێی وابو سەلماندوویە کە ئەوانە بەرئەنجامی ملّکداری تایبەتییە) تۆژینەوە دەکات. ئاگنش هلێر دەیەوێ پێشان بدات کە ئاڵوگۆڕی پێکهاتوو لە دام و دەزگای ڕێبەریدا، لەسەر چینی خواروی کۆمەڵگا کاریگەری نەبووە و لە نیازەکانی مرۆڤدا ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی نەخولقاندووە. بۆوەی کە ئازادیخوازی تەنیا بۆ تاقمێك وەك پێویستی دەرکەوتووە، ئیمکانی نیە بێجگە لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفەی "بەهاکان" بە جۆرێکیتر دەرکەوێت، چونکە شکستی کردار[65] تیۆریش دەگرێتەوە. کۆمەڵگای "سۆسیالیستی" هەنوکەیی، بەمجۆرە بە پاراستنی پێکهاتەی فکری کۆمەڵگەی "کۆن" ڕۆڵێکی یەکانگیرکار[66] دەگێڕێ [و لەگەڵ ئەو هاوڕەنگ دەبێ]. هەر بەمجۆرە بروکراسی سیاسی ناتوانێ قەبوڵ بکات، کە بۆ وێنە، ئاندراش هێگدوش بتوانێ بەڕاشکاوی لەخۆی بپرسێ ئایا لەنێوبردنی خاوەنداری تایبەتی ئامێری بەرهەمهێنان (یانی سەرنگونی سەرمایەداری تاکە بورژوا دەوڵەمەندەکان) لەخۆڕا[67] بە سۆسیالیزمێك بە هەڵسوڕیی کۆمۆنیزم دەگات، یان بە جۆرێ بەستویی بروکراسی "شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسایی" دەگات. لێرەدا ئیتر نە تەنیا خاوەنداری تایبەتی ئامێری بەرهەمهێنان، بەڵکوو خاوەنداری تایبەتی

[65] Praxis.
[66] Integrateur.
[67] Ipos facto.

ئامێری بڕیاردان له دەستی چین (یا توێـژ)ێکـی تـازە دایـه کـه سیسـتمی ئـابووری ڕێبــەری دەکـا و ســەعاتی کـار و، رادەی مووچــه و مۆنۆپــۆلی بازرگـــانی دەرەوە ڕێکــدەخات. تیۆریداڕێــژانی دەوڵــەتی لـــه وەهـــا توێژینەوەیەك زۆرتر دەترسێن لەجیاتی ئەوەی بوێرن بـه ڕاڤـەکاری ڕەتـی بکەنەوە(چوونکه لەم حاڵەدا کەم تـا زۆر پـەرە بـه تیۆرییـه ڕەتکراوەکـان دەدەن). کـەوابوو باشـتر وایـه بـه ڕوانگـەی چـەوت و چەواشـەی کـوێرێکی بچوك لەقەڵەمی بدەن. ئەوان بەتایبەت ئەوە بە باشتر دەزانـن کـه لەسـەر بابەتی ڕواڵەتی و یەکچەشنی مارکسیزم بەڵگەبێننەوە، چونکه ڕۆشـنه کـه ئـەم دۆکترینـه یەکچەشـنییه، بناغـەی پێویسـتی دەسـەڵاتی دەوڵـەتی و هەروەها هۆکاری حەتمی قسردەرچـوونی هـەر توێژینەوەیـەکی زانسـتییه. داگیرکردنــی هەمەلایەنــه و میراتدارانــەی هەقیقــەت، لــه هــەمان حاڵــدا شاردنەوەی دەسەڵاتداریی له پۆششی داکۆکی لـه دۆکترینـی [شـۆڕش]دا هەموار دەکات.

پاراستنی دەسەڵاتێك که له شۆڕش بـه مـیرات گەیشـتووە، بەشـێوەی ڕەهـا وەك ڕێخراوەیـەکی پارێزکـار دەرناکـەوێ، بـەڵکوو وەك کردارێکـی هەردەم گەشەندە دەردەکـەوێ کـه لەئاسـت گەرانـەوە بـۆ دواوە، یـان لـه هەمبـەر دژەشـۆڕش بـەرەنگاری دەکـات. ئـەم وشـیاریه پـڕ ڕزق و برقـه "شیاو"ـه (که لەودیو تێکڕای نیازپاکیه ناشیاوەکاندا ڕوهـەڵماڵراوی خـۆی دەشارێتەوە) باشترین پاساوی سـەرکوته، چـونکه ئیمتیـازی داگیرکردنـی هەقیقـەتێك کـه بـەپێی پێناسـه، تاقانەیـه، بناغـەی پێویسـتی هـەرجۆرە بیرپشـکنینێك□□ پێکـدێنێت، □□ تەنانـەت ئەگـەر ئێسـتاکه– و بـەپێی ئـەو

---

68 Inquisition.

بەرژەوەندییە کە باسمان کرد– وەها بیرپشکنینێك بەشێوەی پسپۆڕانە و بە سەندنەوەی ریاکارانەی پۆئەنی چەند روناکبیرێ بەئەنجام بگات. لەراستیدا ئەندامانی مەکتەبی بوداپێست تەنیا کارەکانیان لە بواری فێرکاری و توێژینەوەدا دۆڕاندووە. کاربەدەستان تەنیا بە پێشگرتن لە سەفەری دەرەوە و لە بڵاوبوونەوەی ڕوانگەکانی ئەوان وازیان هێناوە. زۆربەی ئەوان بۆ درێژەدان بە ژیان ناچار بوون هەموو هێز و توانای خۆیان لە وەرگێڕاندا تەرخان بکەن، کارێك کە – بەپێی وتەی لورا بوئلا[70] – "مێتۆدێکی زراڤە بۆ لەکارخستنی مێشکیان". "مێتۆدی زراڤ" نە تەنیا بەوهۆیە کە خوێناوی نییە، بەڵکوو بەوهۆیە کە شاراوەیە. ژورنالیزمی رۆژاوایی کە هەموو شتێك سەبارەت بە سولژنیتسین بڵاودەکاتەوە لەسەر هەموو رووداوەکانی پراگ و بلگراد فوکوس (تەرکیز) دەکات تا رادەیەك هەواڵی دادگایی هاراستی بڵاوکردەوە بەڵام لەمەڕ دۆخی شاگردانی لوکاچ بێدەنگی هەڵبژاردووە.[71] ئایا هەر ئەمە هۆکاریکی

---

69 هەر بەوجۆرەی کە سولژنیتسین باسی دەکات: "خەون و خولیا و هێزی دەروونی جنایەتکارانی شیکسپێر لە رادەی دە دوازدە تەرم سەرتر نەدەچوو، چوونکە ئەوان ئایدیۆلۆژییان نەبوو." بۆ خوێنڕێژ بوون دەبێ گەشبین بیت.

70 Laura Boella، مامۆستای زانکۆی پیزا (Pisa) لەمەڕ دوابەرهەمەکانی لوکاچ کار دەکات. ئەو لەو یەکەم کەسانەیە کە لە دەرەوە ئەندێشەی شاگردانی لوکاچی ناساندووە. بۆ وێنە بڕوانە بۆ:
"Ontologia e teoria della vita quotidiana nella ricerca filosofica scuola di Budapest". Rivista internazionale di filosofia del dirrito (2-1973, pp.263-84)

71 تا جێگایەك من بزانم تەنیا گۆڤاری Manifesto راپۆرتێکی قووڵ و رۆشنی لەم بابەتە ئاراستە کرد.

گونجاو بۆ ناساندنی ژیان و بەرهەمەکانی ئەوان بە خوێنەرانی **لەتان مودێرن** نییە؟
ئەڵبەت ئەم بەرهەمەی بەردەستان (کە ئەندامان و لایەنگرانی مەکتەبی بوداپێست بەهۆی ترس لە خەفەقان نەیانوێراوە هاوکاری بکەن) بەتەنیایی ناتوانێ بروکراتەکان لەقاو بدات. ئێستا ئەگەر وایدابنێین ئەم توێژینەوەیە کە ئێمە لەمەڕ ئەوان کردوومانە بەتەنیا ناتوانێ کاریگەری قووڵی هەبێت، بەتایبەت بەوهۆیە کە ئەوان گیرۆدەی مکانیزمێکن[72] کە لە یەکە یەکەیان بەهێزترە. وادیارە کە ئێستاکە، دەسەڵاتی فراوانخوازنەی پەیمانی ڤۆرشۆ، "ئاساییکردنەوە" لە هەنگاریادا بە دوو هۆ بە باش بزانێ: لە پلەی یەکەمدا، هەنگاریا سنووری هاوبەشی لەگەڵ یوگسلاڤیا هەیە کە لەرووی ستراتژیکەوە دەوری گرنگی هەیە و ئەم فەرزە وێنا دەکرێت کە رەنگە رووسەکان "لە حاڵی رووداوێکی پێشبینی نەکراو" بۆ نموونە، لە کاتی مەرگی تیتۆدا، بیانەوێت دەس تێوەردەن. لە پلەی دووهەمدا رێفۆرمی ئابووری هەنگاریا کە چەمکی سوودهێنەریی لەگەڵ بازار هێناوەتە ئاراوە، ئەو دام و دەزگایانە کە بۆ رووسەکان کاردەکەن، تووشی مەترسی کردووە. ئەوان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان هەڕەشەیان کردووە کە ناردنی نەوتی خۆیان بۆ دەرەوە کەم دەکەنەوە. جگە لەوەش رەنگە لیبراڵەکانی پێشوو کە زیاتر لە هەموان لە مەترسی رەوتی تازەی "ئاساییکردنەوە"دان، بە مەبەستی پاراستن و باشکردنی دۆخی خۆیان، لەو داخوازیانە کە رووسەکان بەئاشکرا بەیانیان کردووە، سەرتر چووبن و گەشەیان پێدابێت ــ بەتایبەت بە هەوڵی پرهەراوە لە بواری رێفۆرمی فەرهەنگیدا. ئەم کارەش کە وادەنوێنێ هەندێ کەس لەم

[72] لەم بابەتەوە بڕوانە بۆ:
Franz Eder, "Information aus Budapest" in Wiener Tagebuch, mai 1974, p. 5-6.

ئوپەراسیۆنە چاپلوسانەدا سەرنەکەوتن، تەنیا لەگەڵ"دەرسی مێژوو" پێوەندی هەیە. لە بەرانبەردا و لە بواری ئابووریدا، رێبەرانی هەنگاریا دەتوانن "رەوتی تازە" بەمجۆرە پاساوبدەن کە بە هێرش بۆ دەوڵەمەندانی نوێکیسە و ئیمتیازە جۆراوجۆرەکان، دەیانەوێ جیاوازی چینایەتی کەم بکەنەوە.

ئێستا (بۆ کورتکردنەوەی بابەتەکە) دەبێ وەبیری بێنینەوە کە لەنێوان ئەزموونی "کرانەوە" کە گۆیا گەشە و ئەکتیڤی ئەو لە مەبەستی "بڕیاردەرانی" سەرتردەچێ (وەك چکسلڤاکیا) و "پارێزکاری" چەوسێنەرانە و زەخت و زۆری بروکراتیك کە لە کورت ماوەدا مەترسی تەقینەوەی لێدەکرێ (وەك شۆڕشەکانی 1956 هەنگاریا) کورتە مەودایەك لە ئارادایە.

ئامانجی ئێمە ئەوەیە... کە تێکۆشین هەرچی زیاتر ئەم مەودایە زۆر قووڵتر بکەینەوە و بۆ نموونە دەرکی مانای واقعی ئەم دوا وتەیەی جۆرج ئاچل هەموار بکەین: "ئامانجەکانی هیۆمانیزم[73]، دیموکراتیزم[74] و سۆسیالیزم – باشترین و شەریفترین ئامانج و خولیا و مەرامی ئەخلاقی کە بەدرێژایی مێژوو پەروەردە کراون – لە نێو بەها مەعنەوی و [illegible]"[75]

[73] Humanisme.
[74] Democratisme.
[75]"Une intervive de Gyorgy Aczel" in LEcole et la nation, 240, Juin 1974, p. 41.

پەراوێز

چەن یاداشتێکی ژیاننـاسانە و کتێبنـاسانە لەمەڕ ئەندامانی قوتـا بخانەی بودا پێست.

فرێنس فێهـر: سـاڵی 1933 لـە بوداپێسـت لـەدایك بـووە. لـە سـاڵی 1954بـەملاوە شاگردی لوکاچ بووە. لە ساڵی 1956 تا 1967 لە فێرگەی ناوەندی مامۆستای زمان بـووە. لـەم سـەردەمەدا چـەن بەرهـەمێکی لـە بـواری رەخنـەی ئەدەبیـدا نووسـیوە. لە1967 تا 1970 هاوکاری زانسـتی لوکـاچ بـووە. لـە 1970 تـا 1973 توێـژکاری ناوەندی مێژوونووسی ئاکادمی زانستەکانی هەنگاریا بووە. ساڵی 1973 بۆ نیشاندانی هاوپشتی لەگەڵ هاوکارانی خۆی کە بەهۆی بیرجیاوازی دەرکرابـوون، دەسـتی لـە کـار کێشایەوە. ئەم بەرهەمەی ف. فێهر بڵاوبۆتەوە:

Dostoievsky et la crise de l individu(1973).

ئاندراش هێگدوش: ساڵی 1922 لەدایك بووە. وەك خوێندكاری ئەنێستیتۆی تكنیكی، بوو بە ئەندامی نهێنی حێزبی كۆمۆنیست، دەسگیركرا، بەڵام لە زیندان هەڵات. پاش جەنگ لەنێو حیزبو حكومەتدا چەندین پۆستی گرنگی وەرگرت. لە1955–1965 دا بوو بە سەروك وەزیری حكومەتی هەنگاریا. لەپاش ساڵی 1956 لە بواری ئابووری و كۆمەڵناسیدا دەستی كرد بە كار و توێژینەوەی زانستی. لە بواری ئابووریدا بروانامەی خۆی پێشكەش كرد و لە زانكۆی ئابووری بوداپێست دەرسی ئابووری و كۆمەڵناسی وتەوە.

لە پاش 1963 دەزگای كۆمەڵناسی نوێی ئاكادمی زانستەكانی هەنگاریا بەرێوەدەبات. لە كۆتایی ساڵی 1968 دا پۆستەكەی خۆی لە دەست دا و وەك بەرێوەبەری توێژینەوەكان لە ناوەندێكی ئاكادمێكی دیكەدا كاری دەكرد. ساڵی 1973 لە حیزب دەركرا و كارەكەشی لە ئاكادمی زانستەكان لێ سەندرایەوە.

بەرهەمەكانی بریتین لە:

Le systeme des salaries dans l industrie,1960.

La sociologie bourgeoise et la realite sociale,1961.

Le develppement technique dans le cadre du socialisme, 1962.

La soclologie: les possibilities et les limites dune scince, 1966.

L home-letravail- la communaute, 1966.

Sur la structure de la societe socialist, 1966.

Un monde en mutation, 1970.

Bureaucratie ou gestion dexperts?

چـەندین بەرهـەم و وتاریشـی (بـە هاوكـاری ماریـا مـاركوش) نووسـیوە كـە بـە زمانەكانی ئینگلیزی، فەرانسی، ئاڵمانی، و ئیتاڵی بڵاوبوونەتەوە.

ئاگنش هلێـر: سـاڵی 1929 لـە بوداپێسـت لـەدایك بـووە. لـە سـاڵی 1947ـەوە شاگردی لوكاچ بووە. پاشـان لـە بەشـی فێركاریـدا جێگـری ئـەو بـووە. سـاڵی 1959 بـەهۆی داكـۆكی لـە"ئەندێشـەی چـەوت و ڕڤیزیۆنیسـتی لوكـاچ لـە حیـزب و زانكـو دەركراوە. ساڵی 1967 بوو بە توێژكاری گرووپی توێژینـەوەی كۆمەڵناسـانە و دواتـر لە ناوەندی ئاكادمی زانستەكانی هەنگاریا دەستی بە كار كرد. ساڵی 1967 بە بۆنەی نارەزایەتیەك كە فێرگـەی هاوینـەی korcula لـە یوگسـلاڤیا رایگەیانـدبوو، لەئاسـت داگیركردنی چێكسلڤاكیا دژایـەتی كـرد. سـاڵی 1973 لـە ژیـانی فەرهـەنگی هـەنگاریا دەركرا.

ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارانە بووە:

Praxis (Zagreb), social Practice (Toronto) Aut-Aut (Milano).

بەرهەمەكانی ئەمانەن:

De lintention aux consequences, une tentative dethique marxiste systematique (1957-1958).

L Ethique d Aristote (1959) L Homme de la Renaissance (1963).

LaVie Quotidienne (1968).

Valeur et Hestoire, essays(1969).

Hypotheses sur une theorie marxiste de la valeur (1970).

Sur les instincts (1973).

La Theorie des besoins chez Marx (Milano, 1974).

بەرهەم و وتارەکانی ئەو بە چەندین زمانی ئاڵمانی، ئینگلیزی، فەرانسی، پرتغـالی، ئیسپانیایی، سێربی، کرۆڤاتی، رۆمانیایی و ئیتاڵی بڵاوکراونەتەوە.

جۆرج مارکوش: ساڵی 1934 لەدایك بووە. پاش تـەواوکردنی خوێنـدن لـە سـاڵی 1957 لە زانکوی موسکۆ، لە بەشی فەلسەفەی زانکۆی بوداپێست مامۆستای مێژووی فەلسەفە بـووە. سـاڵی 1959 لـە ناوەنـدی فەلسـەفەی ئاکـادمی هـەنگاریا توێـژکاری زانستی بووە. لە پلەی یەکەمدا لە بـواری پرسـەکانی ئێپیسـتمۆلۆژیدا کـاری کـردووە و پاشان لە بواری مێژووی فەلسەفە و مێتۆدۆلوژی زانستی کۆمەڵایەتیدا کـاری کـردووە. ساڵی 1968 لە حیزب دەرکـراوە. سـاڵی 1973 کارەکـەی لـە ئاکـادمی زانسـتەکاندا لەدەست داوە.

بەرهەمەکانی بریتین لە:

Le langage, la logique et la realite: Remarquse critiques sur "Tractatus" de Wittgenstein, 1963.

Le marxisme et "lanthropologie", 1966.

Les principales tendances de la philosophie occidentale modern, (en collaboration avec Zador Tordai), 1964.

La perception et le probleme esprit-corps, 1968.

Dans quelle mesure, une economie critique est-elle possible? (en collaboration avec Gy. Bence et J. Kis)

ماریـا مـارکوش: سـاڵی 1936 لـە پۆلۆنیـا لـەدایك بـووە. سـاڵی 1957 بـواری فەلسەفەی زانکوی موسکۆی تەواو کردووە. سەرەتا وەك توێژکاری زانستی لـە بەشـی فەلسـەفەدا و پاشـان لـە سـاڵی 1963 بـەملاوە لـە ناوەنـدی کۆمەڵناسـی ئاکـادمی هەنگاریادا کاری کردووە. ئەو لە بواری کۆمەڵناسی ئابووریـدا (بەتایبـەت بـە هاوکـاری

ئاندره هێگدوش) چەندین توێژینەوەی ئەنجام داوە. هەروەها لەمەڕ پرسەکانی بنەماڵە و ئازادی ژنان توێژینەوەی کردووە. ساڵی 1968 لە حیزب دەرکراوە. ساڵی 1973 بەبۆنەی ئەندێشەی "دژەمارکسیستی" کارەکەی خۆی لە ناوەندی کۆمەڵناسی لەدەس داوە.

وتار و بەرهەمەکانی ئەمانەن:

Lhomme – le travail- la communaute (en collaboration avec A. hegedus), 1966.

C.W. Mills et la sociologie de lelite, 1962 Le choix et la prestige des professions, 1967; Le role des indications dans la planification de la consummation (en collaboration avec a. hegedus, 1967; Les femmes et le travail: lemancipation des femmes dans limpasse, 1970; Le temps de loisir et la division du travil 1971; La modernisation et les alternatives du progress social (en collaboration avec A. hegedus). 1973; Les mutations dans la fonction de socialisation et les modeles familiaux, 1974.

هەروەها چەندین وتاری جۆراوجۆری بە زمانەکانی فەرانسی، ئینگلیزی ئاڵمانی و ئیتاڵی بڵاوکردۆتەوە.

میهای وایدا: ساڵی 1935 لە بوداپێست و لە بنەماڵەیەکی چینی ناوەندی لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە بوداپێست و پاشان خوێندنی فەلسەفەی سەرەتا لە ئەنستیتۆی لێنین و پاشان لە ساڵی 1956 لە زانکۆی Eotvos Lorand لەژێر سەرپەرشتیاری ئاگنش هلێردا تەواو کردوە. دوای خوێندنی زانکو لەگەڵ ج. لوکاچ ئاشنا بوو و تا کاتی مەرگ شاگردی ئەو بوو.

لە1958 تا 1961 لە خوێندنگەی سەرەتایی و لە1961 تا 1973 لە ناوەندی فەلسەفەی ئاکادمی هەنگاریا مامۆستا بووە. ساڵی 1973 بەهۆی "فکری چەواشە"

لە پۆستەکەی لابراوە. ساڵی 1967 عنوانی "کاندیدی زانستی فەلسەفی" (هاوتای دوکترای دەوڵەتی) بەدەست هێناوە.

بەرهەمەکان، کتێبەکان:

Contribution a la critique de la conception phenomenologique husserlienne "scince", Budapest, 1968.

Aux frontiers du mythe du rationnel. La phenomenology de Husserl, Budapest, 1969.

وتارە گرنگەکان:

-"Le probleme de levidence",1964.

-"La representation objective de la nature de la praxis social",1967.

-"Fonction de la dictature fasciste", 1970.

بەرهەمە بڵاونەکراوەکان:

-Mouvement de masse et dictature / Etude sociologico-politique sur le fascisme, 1969-1970 ("function de la dictature fasciste" est un extrait de ce livre).

- Sur les traces de la dialectique/ Lukacs en 1918-1919.

-Mythe et realite de la communication, 1972.

- Vision du monde et gout artitique/ A propos de peinture, 1973.

سەبارەت بە قوتابخانەی بوداپێست

جۆرج لوکاچ

بوداپێست، 15ی فوریەی 1971[76]

ئاغای کروکی خۆشەویست

بۆ نامەکەی 31ی ژانویەی 1971 گەڵێ سوپاستان دەکەم. پرسی "کتێبەکانی ئاینده" زۆر جێگای سەرنجی منە. ئەمە بابەتێکی ئاڵۆزە کە بە رای من دەبێ قوڵترین — دەرهەستترین و هەروەها بەرهەستترین — ویستەکانی هەر تیۆریداڕێژێکی وشیار بەشێوەی سەمەربەخش بەخۆیەوە خەریك بکات.

بەمبۆنەوەیە کە من بە پرسێکی تەوەری دەسپێدەکەم. پاش شەڕی جیهانی دووهەم دەرکەوت کە هەرکام لە دوو بلوکی جیهانی دابەشکراو دەبێ تەنیا لە ژێر دەسەڵاتی تاقە خەتێکی فکریدا خۆ رێکبخەن. لە جیهانی سۆسیالیستیدا دژەڕەوتێکی ئاشکرا لە ئارادا نەبوو، کە لەگەڵ چەواشەکردنی ستالینی مارکسیزم دژایەتی بکات. رۆژاوای سەرمایەداریش چووبووە ژێر دەسەڵاتی پاوانکراوی[77] نیوپۆزەتیڤیزمی شێوەژیانی[78] ئەمریکایی. رووداوە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم 25 ساڵەی دوایی، گەلێ زەبری

---

[76] نامەی لوکاچ بۆ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری Times literary supplement کە وەرگێرانی ئینگلیزی ئەم نامەیەی بڵاوکردۆتەوە(11ژوئەنی 1971). دەقی نامەکە کە بە زمانی ئاڵمانی نووسراوە بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری Praxisی یۆگسلاڤیادا بڵاوبۆتەوە (ژمارەی 2–3،1973)

[77] Manipulations.

[78] American way of life.

کاریگەری لە هەر دوو شێوەی پاوانخوازی ئایدیۆلۆژیك وەشاندووە و لە نێوان لایەنگرانیاندا شك و گومان و تەنانەت قەیرانی خولقاندوە. پێشکەوتنی گەشندە و بەشێنەیی ئەم ئاڵوگۆڕانە رەوتێکی بەشێوەی ناهەموار، بەڵام بەرۆشنی، ئاشکراکردووە کە تاقە ئامێری تیۆری – پراتیکی بۆ دەرخستنی مێژووی راستییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ لە دۆکترین[79] و مێتۆدەکانی مارکس دایە – ئەو دۆکترین و مێتۆدانەی کە لە چارەکە سەدەی رابردوودا لەبرەو کەوتبوون و سووکایەتییان پێدەکرا.

ئەگەر دەوری بەرهەمە تیۆرییەکانی خۆم لە گۆڕینی بیروڕای گشتیدا بە هەند وەرنەگرم، لەگەڵ خۆم درۆم کردووە. بەڵام سەرەڕای خۆشحاڵی خۆم لەم کاریگەرییە، دەبێ بڵێم گۆڕانێکی لەوچەشنە قەت کاری مرۆڤێکی تەنیا نییە. بەپێچەوانەوە ئەگەر بەسەرنجدان بە ئاخیزگە و کاریگەری خێرای نووسراوەکانم توێژینەوەیان لەسەر بکرێت، زیاتر روون دەبێتەوە کە تێکۆشانی تیۆریکی من هەرگیز تێکۆشانی ئەندێشەیەکی ئیزولە و دوورەپەرێز نەبووە، بەڵکوو لە گرسان و هەڵدانی بزاڤێك و قوتابخانەیەکی فکریدا کاریگەری بەرین و گەشندەی هەبووە.

هەرچەند کە هێگل و ئابوریزانانی کلاسیکی بریتانیا و سۆسیالیستە یوتۆپیستەکان لە پێکهاتنی سیستمی فکری مارکسدا کاریگەر بوون، بەڵام خۆشی بلیمەتێکی زانستڤان بوو کە زۆر کەشفی تازەی ئەنجامدا و بە یارمەتی ئەوان چەندین یاسای مێتۆدۆلۆژیکی بەردەوام کاریگەری توێژینەوەی زانستی سەرکەوتووانە نووسیەوە. بۆ تاقیکردنەوەی کاریگەری رۆڵی کۆنکرێتی ئەم مێتۆدانە لە تێکڕای کاروباری ژیانی کۆمەڵایەتیدا و هەروەها بۆ پەرەپێدان بەم مێتۆدانە بوو کە لە درێژەی

[79] Doctrine.

تێکۆشانی تیۆری و فێرکاری مندا قوتابخانەی ناسراو بە بوداپێست دامەزرا. ئەم قوتابخانەیە لە رێگەی توێژینەوەی تاکنووسانەی قۆناغە گرنگەکانی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە تێکۆشاوە تا پێکهاتەکان و ئاڵوگۆڕی بنەمایی پرۆسەی مێژوویی– ئانتۆلۆژیك بەشێوەی کۆنکرێت و هەمەلایەنە رۆشن بکاتەوە، بەجۆرێك کە دەرکی دروستی ئەو، ئاخێزگەی هەر مێتۆدۆلۆژییەکی مارکسیستییە. ئەمە کە تێکۆشانی قوتابخانەی بوداپێست لە بواری جیهانیدا زیاتر بە بەرهەمەکانی خودی من — کە زۆربەیان بە زمانی ئەڵمانی نووسراون — ناسرابێت، قەت نکۆڵی لەم راستییە ناکات کە ئێمە لەگەڵ روانگەیەك بەرەورووین کە گرنگییەکی زانستی بەرچاوی هەیە و بێگومان لە داهاتوودا زیاتر پەرەدەگرێت. ئەگەر بمەوێ وەڵامێکی شیاو بە پرسیارەکەی ئێوە بدەمەوە، دەبێ بەگشتی گرنگترین بەرهەمەکانی قوتابخانەی مارکسیستی بوداپێست ئاراستەبکەم.

جیهانی ئەندێشەی ئەم قوتابخانەیە، بەپێچەوانەی بواره فرەچەشنەکانی، جیهانێکی گونجاو[80] و خاوەن پێکهاتەیە[81]. هەڵسوڕترین ئەندامی ئەو ئاگنش هلێرە کە لەنێوان کارەکانی ئەودا سێ بەرهەم پیشاندەری چەن رەوتێکە کە ئامانجی مارکسیزمی ئەم قوتابخانەیە دەردەخات. **ئەخلاقی ئەرستوو**[82] و **مرۆڤی رنێسانس**[83] (دوو بەرهەمی) تاکنووسی مێژووین. یەکەم کتێب ئاسۆیەك لە تێکڕای فەلسەفەی ئەفلاتون و ئەرستوو ئاراستەدەکات. کتێبی دووهەم چەسپاندنی تەواو و هەمەلایەنەی کاسیرێر[84] مارکسیستێك پیشان ئەدات. باسی وردبینانە و

[80] Coherent.
[81] Structure.
[82] L,Etique D Aristote.
[83] L Homme de la Renaissance.
[84] Cassirer بیرمەندی ئاڵمانی (1874 – 1945).

پڕشەوقی سەردەمێکی فکری کە مارکسیزم تا ئێستا بە قووڵی تۆژینەوەی لەسەر نەکردووە. ئەم دوو بەرهەمە لە توێژینەوەی مێژوویی پەتی ئێجگار سەرتر دەچن: سەردەمانێك کە ئەم کتێبانە باسی دەکەن — کۆتایی سەردەمی کۆن و یوتۆپیای چاخی رنێسانس — لەو سەردەمانەن کە لەو مەودایەدا لەخۆنامۆیی ئەوەندە پەرەی نەسەندبوو و، لەنێوان هێزە سروشتییەکانی مرۆڤ و وزە و توانایی تاکیی ئەودا کەمترین مەودا دەبینرا. ئەم سیستمە فکرییە، ئاگنش هلێری بۆ نووسینی تۆکمەترین و دەوڵەمەندترین بەرهەمی بردووە: **ژیانی رۆژانە**[85] کە نێوئاخنی سەرەکی ئەو، دەرخستنی گشتێتی هەڵسوڕیی سیستمی هەوڵ و تێکۆشان و مێتۆدەکانی ئەندێشەی رۆژانەیە. ئەم سێ کتێبە لەلایەن ناوەندی بڵاوکەرەوەی ئاکادیمی زانستەکانی هەنگارياوە بە زمانی هەنگاری چاپ کراوە. **ژیانی رۆژانە** لە هەمان حاڵدا یەکێ لە گرنگترین نموونەی رنێسانسی ئانتۆلۆژی[86] مارکسیستی لەم دەیە دایە.

توێژینەوەکانی جۆرج مارکوش یش هەر لەم بەستینەدا جێدەگرن. بەڵام گەلێ ئاقاری ئێجگار جیاواز دەگرنەبەر. کتێبی ئەو: **مارکس و چەمکی گەوهەریی مرۆڤ**[87] یەکەم ئەزموونی مارکسیستی بۆ شرۆڤەی چەمکە بنەماییەکانی ئانتۆلۆژی مارکسی و مرۆڤناسی جیانەکراوە لەگەڵ ئەم ئانتۆلۆژییەیە. مارکوش لەم بەرهەمەدا، کارێکی ماناناسانەی[88] وردبینانە و ژیرانەی بە باشی بەئەنجام گەیاندووە– هەرچەند کە ئەم کارە بە یارمەتی کاربردی قووڵی مێتۆدەکانی مارکس ئەنجام ئەدات. بەرهەمی

85 La vie quotidienne.
86 Ontologie.
87 Marx et le consept dessence humaine.
88 Semantique.

ڕەخنەگرانــەی مــارکوش ســەبارەت بــە ڤیتگێنشــتاین[89] و شــرۆڤەی ڕەخنەگرانەی ئەو لەمەڕ پێکهاتــەی پەڕخوازانــەی ئــاوەز[90] — کــە لــەنێوان بەرهەمــە مارکسیســتییەکاندا نموونەیــەکی دەگمەنــە — چــەن بەرهــەمێکی ڕەسەنن و بەپێی دەرکی هــەرە بــەرینی ئەندێشــەکانی مــارکس و ناســینی هەمەلایەنــەی بــوارە زانســتییە تایبەتــەکان زۆر شــێواز و ئاســۆی نوێمــان بەرووداا دەکەنەوە.

بەرهەمــەکانی میهــای وایــدا ڕەوتێکــی تــەواو جیــاواز دەگرنەبــەر: لــە ئێپیستمۆلۆژی[91] یەوە بەرەو ئانتۆلۆژی کۆمەڵایەتی و توێژینەوەی سیاسی کۆمەڵگا دەچنەپێش. وتاری ئەو لەمەڕ هوسرێل[92] بێجگە لەوەی یەکەم کۆششــی ڕاســتینی مارکسیســتی لــە ململانــێ لەگــەڵ دیاردەناســی[93] و سیســتمی فکــری ئــەودا پیشــان ئــەدات، بــەڵکوو بەتایبــەت پرســەکانی ئێپیســتمۆلۆژی لــە ڕوانگــەی پراتیکــەوە، یــانی ئــانتۆلۆژی هــەقیقی ڕۆشــن دەکاتەوە. هەرچەند کتێبی ئەو لەمەڕ فاشیزم بەرواڵەت باسی بابەتێکی زۆر جیاواز دەکات، [بــەڵام] بەرئەنجامــەکانی لــەو پرسانەی کــە گەڵاڵــەی دەکات ئێجگار سەرتر دەچن. بەڕای من ئەو گریمانــەی کــە ئــەو ئاراســتەی دەکات، یەکەم هەوڵی مارکسیستی گرنگە لەم بوارەدا.

هەروەها توێژینەوە لەمەڕ جوانیناسی[94] بەشێکی بەرچاو لە کارەکانی قوتابخانەی بوداپێست داگیردەکات. توێژینــەوەی (هێشتا بڵاونــەکراوەی)

[89] Wittgenstein، بیرمەند و لۆژیکزانی ئینگلیزی (1889–1951)
[90] Perception.
[91] Epistemologie.
[92] Husserl، بیرمەندی ئاڵمانی (1859–1938).
[93] Phenomenologie.
[94] Esthetique.

فرێنس فێهر سەبارەت بە داستایۆفسکی[95]، بەپێی شرۆڤە لـەبیرکراوەکانی مارکس و بەپێی دەرکی قووڵی بەرهەم و بابەتە ئەدەبییەکان، راپـۆرتێکی تۆکمە و رەسەن لە زیندویی فەرهەنگی روسـیا لـە کۆتـایی سـەدەی 19دا ئاراستەدەکات. فرێنس فێهر لە هەمان حاڵدا تیۆرییەکی مارکسیستی نـوێ لەمەڕ رۆمـان دێنێتـە ئـاراوە. جگـە لەمـەش کتێبەکـەی ئـەو بـەو دیالۆگـە چڕوپڕە کە لەسەر تاکگەرایی[96] مـۆدێڕن هەڵیدەگرسـێنێ، لـە بەرهـەمێکی رووتی مێژووی ئەدەبیات ئێجگار بەرینترە.

من بە بڕوای قووڵم گەیشتووم کە هـەر ئێسـتا و لـەنێو ئـەم بەرهەمانـە دایە کە فەلسەفەی داهاتوو دەڕسکێ و دەپشکوێ.

[95] بەرهـەمی فرێنس فێهر لەمـەڕ داستایۆفسکی سـاڵی 1973 بڵاوبۆتـەوە. کورتەیـەکی لـە گۆڤاری Telosدا چاپکراوە.

[96] Individualisme.

چەپی مۆدێڕنی هەنگاریا:
کۆمەڵناسی و شۆڕش

سێرژ فرانکل و دانیال مارتن

دەقێـک کـە لـە پـێش چـاوتانە بـە زمـانی فەرانسـی نووسراوە و پێشتر بەشێکی لەلایەن Franz Marek ـەوە کراوە بە ئاڵمانی و لـە Wiener Tagebuch (ژۆئەنی 1973) بڵاوکراوەتەوە. هەر دوو نووسەری ئەم وتـارە لـەژێر چـاودێری پۆلیسـی هـەنگاریادا بـوون... بۆوەی مەترسی ئەوە هەیە کـە پۆلیسـی هـەنگاریا (بـۆ پیشاندانی جدی بوون و پسپۆڕ بوونی خۆی) رەنگە بـە هەڵـە کەسـانێکی بێتـاوان بگرێـت. بەدڵنیایـەوە رادەگەیەنین کە فرانکـل و مـارتن خـەڵکی هـەنگاریا نین و لەو وڵاتە ناژین.

(فرانسوا - ریڤێر).

1. سەرهەڵدانی رەخنەی مۆدێڕنی رادیکاڵ لە هەنگاریا

لە وڵاتانی پەیمانی ڤۆرشۆی [پێشـو] رەنگـە تـەنیا لـە هـەنگاریا دایـە کـە جۆرێك رەخنەی چەپ و رادیکاڵ بەتایبەت لە ڕەهەندی تیۆریـدا، زۆرتـرین پەرەی سەندووە.

لە پەیدابوونی ئەم چـەپە مۆدێڕنـەدا دەکرێ دوو ئاسـتی رەخنـە لێـك جیاکەینەوە. یەکێ لەم ئاستانە رەخنـەی تیـۆری کۆمەڵگایـە، کـە لەسـەر بنەمای سیستمی بەها مارکسیەکان راوەستاوە.

ئەم ڕەخنە تیۆریکە توانیویە لـە سـاڵەکانی شەسـت دا بپشـکوێ، لـە سەردەمێکا کە شانسـی ئـەوەی هـەبووە کـە بتوانـێ ئەندێشـەکانی خـۆی بـەیان بکـا و بـڵاوی کاتـەوە، تەنانـەت ئەگـەر ئـەم کـارەی بەشـێوەیەکی بەرتەسك بێت (بەڵام لەچاو ئاستەنگەکانی سۆڤیەت تاڕادەیـەك کراوەیـە). ئاسـتەکەی تـری ڕەخنـە ئـاڵۆزتر و تـەماوییترە: چـەمکی بـەها رادیکاڵـە مارکسیەکان– کـە لـە خۆڵەمێشـی ئایـدیۆلۆژی ڕەسمـی بوژێندراوەتـەوە. (ئەم ئایدیۆلۆژییە ئایدیۆلۆژییەکی دەسکرد و ڕزیوە کە لەودا ئەو بەهایانـە کە خزمەت بە بەرژەوەندی تایبەتی توێژی بیرۆکرات دەکەن لەجیاتی بەها مارکسییەکان جێگیر بوون). ئەم بوژاندنەوەی بـەها مارکسـیەکان (کـە لـە بنەرەتدا دژی بروکراسییە) هەموو کۆڕ و کۆمەڵی لاوانی ناڕازی و ناسـازگار لەگەڵ بەها زاڵەکان دەگرێتەوە.

بەڵام لاوان بەگشتی (بێجگە کەمینەی ڕەخنەگر و کەمینەی بـەرزەفڕ) هێشتا وەك بـەرەکانی پێشـو لـە نێـو داوی بـەهاکانی بەرهـەمی ڕۆژاوا[97] دا گیریان کردووە. ئەم بەهایانە هەر ئەوانـە بـوون کـە بەدرێـژایی ماوەیـەکی درێژ، بە هۆی خنکانی ڕەخنەی نێوخۆیی، ڕەخنـەی هـەنگاریای بـۆ خـۆی پاوان کردووە. بەهاکانی بەرهـەمی ڕۆژئـاوا (بـە کـەڵکوەرگرتن لـەو دۆخـە دەگمەنە کە دەسەڵاتی سیاسی بۆی ڕەخساندووە) لە ڕێگەی شەپۆلەکانی رادیـۆوە (رادیـۆ ئـەورووپای ئـازاد، دەنگـی ئـەمریکا) لـە ڕێگـەی کـۆچ و سەفەرەوە، لە ڕێگەی کاڵا فەرهەنگیەکانەوە (سەرەڕای ئەوەی بە تونـدی کـونترۆڵ دەکران) بـۆ جـەماوەرێکی بـەرین لـە خـەڵك، پێشـاندەری تاقـە ئـەلترناتیڤ[98] بـوون کـە ئەفسـانە و خەونـە یوتۆپیاییـەکانیان لـە ئاسـت فاکتی دوور لە هۆمێدی ڕژێمی دەسەڵاتدار، بەرهەست دەکردەوە.

[97] Made in Occident.
[98] Alternative.

دەرفـــەتێك كــە بــە ڕەخنـــەی نێوخــۆیی درا تـــا بەشــێوەی راشــكاو روانگەكانی خۆی دەربڕێ – تا رادەیەك بە هۆی سیاسەتی یـانوش كـادار و گرووپی ئەو– مۆنۆپـۆلی رەخنـەی بەرهـەمی رۆژئـاوای هەڵوەشـاندەوە. دەكرێ بەئاسانی وێنای بكەین كە سەرهەڵدانی رەخنەیـەكی نەتـەویی، بـۆ كۆمەڵگـەی هـەنگاریا، بـۆ خـۆ چـالاككردنی[100] ئـەو، چـەندین بەرئـەنجامی گرنگی هەیە، بەتایبەت ئەگەر ئەم رەخنەیە بیتوانیبا بە دوور لە ئاستەنگە سەختەكان پەرەبگرێ.

لـەم رەخنـە نەتەوەییـەدا، سروشـتییە كـە رەوتـی چـەپی مـۆدێرن لـە كەمینەدا بێت، رەوتـی دیكـە كـە دەكـرێ بەگشـتی بـە "تكنۆكراتیـك"[100] ناودێر بكرێ ئەڵبەت گەلـێ بەهێزترە، بۆوەی بەرژەوەنـدی (چـەنلایەنە) و جیاوازی بروكراسی نوێنەرایەتی دەكات.

دەرفەتەكانی رەوتـی تكنـۆكرات بـۆ رێكخسـتنی هێزەكـانی لایـەنگری ئـاڵوگۆڕی كۆمەڵایـەتی (بەتایبــەت لــە سیســتمی سیاســی دیســپۆتیك دا) ئێجگار زیاتر لەو رەوتەیە كە خۆی بە نوێنەری چـین و توێـژی بـەرفراوانی بێدەسەڵات و بێئتۆریتە دەزانێ، یانی چەپی رادیكاڵی هەنگاریا.

بەهۆی دیسپۆتیزمی سیستمی سیاسی، دوو ئاستی رەخنەی رادیكاڵی چـەپ قـەت نـاتوانن یـەكبگرن و پێوەنـدی كۆمەڵایـەتی و سیاسـی گـرنگ دابڕێژن.

دەرفەتەكانی گرسان و بەرینبوونـەوەی جـۆری رەخنـەی نەتـەوی كـە رەخنــە رۆژئاوایـەكان هێـور دەكاتـەوە، لـە پـاش هێرشـی چـەكدارانەی سۆڤیەت بۆ چێكسلڤاكیا، بە زۆری لە هەموو وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتـدا قەدەغـە كـرا. ئـەم دەسـتێوەردانە چـەكدارانە نیشـانەی سـەرەتای بزاڤـی

[100] Auto dynamisme.
[100] Technocratique.

گشتی سەکوت کردنی رەخنە رەسەن و نەتەوییەکانە لە هەموو بلوکی رۆژهەلاتدا بوو، جێگایەك کە کۆنەپارێزترین هێزەکان هەست بە دلگەرمی دەکەن. ئەم پرۆسەی کۆنەخوازییە کە سالی 1968 دەستی پێکرد، لەم دواییانەدا لە هەنگاریا (ولاتێك کە پاش 1968، رەخنە و پرۆسەی رێفۆرمی ئابووری و کۆمەلایەتی پێشی پێگیرا) لەمەڕ چەپی مۆدێرن، گەشەی زیاتری کردووە. گالتەی چارەنووس لەوە دایە کە خودی جۆرج ئاچل، بەرپرسی فەرهەنگی حیزب، و ئەستێرەی هەلبژێردراوی دنیای فەرهەنگی هەنگاریا (کە بۆ پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیا و پارتی کۆمۆنیستی فەرانسا بەتایبەت ئێجگار خۆشەویستە) لە وتارخوێندنەوەیەکی توند و تیژدا، هێرش دەکاتە سەر "پاشگەزبووەکان" "شۆڕشگێڕە رواڵەتییەکان"، "وردە بورژوازی رۆمانتیك" "رڤیزیۆنیستەکان" و "ئانارشیستە چەپە نوێکان" کە رۆلێکی "بەشێوەی بەرهەست کۆنەپەرستانە"یان هەبووە و بەشێوەی "مەیمون ئاسا لاسایی ئایدیۆلۆژی بورژوازی دەکەنەوە". ج. ئاچل دەستەواژەی چەپی مۆدێرنی زۆر بەکاربردووە، ئێمە لە جیاکردنەوەی چەپی نوێ لە چەپی کۆن لەگەل ئەودا هاودەنگین. ئێمەش ئەم وشانە و چەندین وشەی دیکە وەك چەپی رادیکال بۆ سادەیی باسەکەمان بەکار دەبەین، بەلام لە هەمان حالدا لە ئاستی رواڵەتی بوونی ئەم جۆرە ناتۆر هەلبەستنانە ئاگادارین، بێ ئەوەی بزانین ئایا کەسانی ناودێرکراو قەبولی دەکەن یان نا.[101]

هێرشی ج. ئاچل نیشانەی سەرەتای فەزای پۆلیسی و زەبر و زەنگێکە کە بە شیمانەی زۆر هەلۆێستی "دژە مارکسیزمی" تاوانبارکراوان

[101] تاوانبار کراوان بریتین لە: ماریا مارکوش و ئاندراش هگدوش (کۆمەلناس) میهای وایدا و ئاگنش هلێر (بیرمەند و شاگردی لوکاچ). جۆرج ئاچل لە کونفرانسی راگەیاندن و پروپاگەندەی فەرهەنگیدا کە رۆژانی 24 و 25ی 1973 لە بوداپێست بەڕێوەچوو، ناوی ئەوانی هێناوە.

دەسەلمێنێ و بەخێرایی دەبێتەهۆی قەدەغەبوونی ئازادی بەیان و چاپەمەنی و پێش بە چالاكی زانكۆكان و كۆڕی وتارخوێندنەوە دەگرێ. هەروەها سەفەر بۆ هەندەران، بۆ هەر شوێنێك، قەدەغە دەكات. ئەم وتارە لە مارسی 1973دا نووسراوە. لەو كاتەوە، هەر بەوجۆرەی كە رۆژنامەكانی رۆژاوا نووسیویانە، زۆربەی تاوانباركراوان لە حیزب دەركراون و لەوەش خراپتر، كار و پیشەكانیان لێ سەندراوەتەوە. ئەمڕۆ ئەو كەسانە لەگەڵ زۆر دژواری بەرەو روون و زۆربەیان ناچارن لە رێگی وەرگێڕانەوە ژیانیان راپەڕێنن.

ئێمە بەپێی وتەكانی وتەبێژی سەرەكی ئەم كونفرانسە، جۆرج ئاچل، فەزای زاڵی كونفرانسەكە بە خوێنەران دەناسێنین. ج. ئاچل پاش دووپات كردنەوەی ناو و ناتۆرە باوەكانی كێرملین لەمەڕ پتەوكردنی ریزەكانی ئایدیۆلۆژیك، بەتایبەت چەپی نوێ، لە پلەی یەكەمدا هێرشی كردۆتەسەر تیۆری كۆمەڵایەتی ئەو (تاوانبارانی سەرەكی ماریا ماركوش و ئاندراش هێگدوشن). "رڤیزیونیزمی "چەپی نوێ" و رڤیزیونیزمی راست، بە چەن دروشمێكی بەرواڵەت شۆڕشگێڕانەوە كە وادەنوێنێ دوژمنی بورژوازییە، و هەندێ جار لە قاڵبی دەستەواژەی ماركسیستیدا ئاراستە دەكرێ لە كۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوەندە لایەنگری نییە. سەرەڕای ئەمەش، ئەم بۆچوونانە، هەر وەك ئەو فكرانەی كە لەڕووی سیاسیەوە پڕخەسارن و لەڕووی ئایدیۆلۆژیكەوە، درۆینەن، پیشاندەری یەك مەترسین، بەتایبەت لەمەڕ كۆڕ كۆمەڵی بەرفراوانی لاوان." (بروانە بۆ نامیلكەیەك لەمەڕ كونفرانسەكە كە دەزگای پەخشی Kossuth لە تیراژی 50.000 دانەدا بڵاوی كردۆتەوە). ئاچل چەپی نوێ تاوانبار دەكات كە "رۆڵێكی بەرهەستی دواكەوتوانە"ی هەیە و لە رۆژئاوا بەپێچەوانەی سەندیكا و پارتە كۆمۆنیستییەكان (!!)، لەنێو "سیستمی بورژوازیدا تواوەتەوە"(!)

بەپێچەوانەی بابەتی رۆژئاوا، "رەخنەی وردەبورژوازی رادیکاڵی "چەپی نوێ" لە هەنگاریا نیشانەی قەیران نییە". ج. ئاچل لە وتارەخوێندنەوەی خۆیدا هەروەها دەڵێ لە هەنگاریا ئاکاری نزم، رۆحیەی وردە بورژوازی و عەیش و عشرەت خوازی بەرەی لاو نەفرەت هێنەرە. کەوابوو دەتوانین تێبگەین کە باشترین بەشی لاوەکان ئەم رەوشتە نزمانە لێبڕاوانە رەت دەکەنەوە. بەڵام ئەم شۆڕشە لەرووی کۆمەڵایەتییەوە دەتوانێ زۆر پڕخەسار بێت ئەگەر لاوەکان و خەڵکی تر بەشێوەی ئاقڵانە لەئاست ئەم دیاردانەدا بەرەنگاری نەکەن. ئەم تیۆرییە بەڕواڵەت شۆڕشگێڕانە، بۆیە مەترسی هێنەرە کە (...) جۆرێك ناسیاسی کردن، و "نائایدیۆلۆژی کردن" پەرە پێدەدات، چونکە خۆی بە شکەستی حەتمی ئیدانە کراوە". ج. ئاچل بەتایبەت لە ماریا مارکوش و ئاندرە هێگدوش رەخنە دەگرێ و دەڵێ: "بەڕای ئەوان ئەمڕۆ لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا نە سیستمی سۆسیالیزم، بەڵکوو پرۆسەی "مۆدێرنیزاسیون"[102] لەئارادایە (...) پرۆسەیەك کە ئەگەر دووبارە خاوەنداری تایبەتی ئامێری بەرهەمهێنان دانەمەزرێنێ، بەهەر حاڵ کۆمەڵگەیەك دەخولقێنێ کە ئینتمای بەرەو سوود و قازانج هەیە و داوای خاوەنداری دەکات". سەرەڕای ئەمەش: "خاڵێك زۆر رۆشنە: هەموو ئەم بابەتانە لەگەڵ مارکسیزم و لەگەڵ ئامانجی سۆسیالیزم هیچ پێوەندییەکیان نیە." ئەم باسە "هەم لە قاڵبی ئایدیۆلۆژیکی و هەم لە قاڵبی زانستی سەرتر چووە و ئیتر هیچ قازانجێکی نیە. سەبارەت بەم رەوتە رڤیزیۆنیستییە وا باشترە وتەیەك لە لوکاچ بێنینەوە: (...)". بەدبەخت لوکاچ، کە لەپاش مەرگی لە 1971دا رژێمی دەسەڵاتدار وەك ئامێر کەڵکی لێ وەردەگرێ و بۆ پاساودانی سەرکوتکردنی شاگردەکانی بەڵگەشی لێدێنێتەوە!

[102] Modernisation.

لێرەدا پێویستە لەگەڵ تیۆری کۆمەڵناسانەی چەپی رادیکاڵی هەنگاریا زیاتر ئاشنا بینەوە. گرنگترین کاری کۆمەڵناسانەی چاپ کراوی چەپی هەنگاریا، بەرهەمی ئاندرە هێگدوش و ماریا مارکوشە کە زۆر جار پێکەوە کاردەکەن و بەرهەمی هاوبەش دەنووسن. بەمبۆنەوە ئەم تۆژینەوەی ئێمە لەسەر نوسراوەکانی ئەوان تەرکیز دەکات.

بۆچوونی ئێستای ئەم نووسەرانە بەتایبەت لە دەیەی 60دا پێکهاتووە و، بەگشتی ئەوانیش وەکوو هەموو چەپی نارەسمی[103] ، لەپاش رووداوەکانی 1968ی فەرانسا و چێکسلڤاکیا رادیکاڵتر بوونەتەوە. یەکێ لە سەرچاوەکانی تیۆریك و ئایدیولۆژیکی هەرە گرنگ بۆ روانگەی ئەوان، بێگومان قوتابخانەی بوداپێستە کە جۆرج لوکاچ دامەزرێنەری بووە. قوتابخانەی ناوبراو سەرەتا زیاتر خەریکی فەلسەفە بوو. کۆمەڵناسانی رادیکاڵی هەنگاریا، پاش کاریگەری ئەم قوتابخانەیە، بەجۆرێك دەستیان دایە "کۆمەڵناسانەکردنەوەی"[104] . چونکە ئەم قوتابخانەیە بەتایبەت سروشتی مەرامی هەیە و سیستەمە بەهاییەکانی ئەم کۆمەڵناسانە، لە سیستمی بەهایی ئەم مەکتەبە ئێجگار نزیکە، دەکرێ ئەوان بە ئەندامانی مەکتەبی بوداپێست حساب بکەین کە ئەڵبەت بەمجۆرە پانتایی ئەم مەکتەبە کۆمەڵناسیش دەگرێتەوە. هێرشی ج. ئاچل بەگشتی لەسەر ئەم قوتابخانەیە چەقی بەستووە و تێدەکوشی دامەزرێنەری قوتابخانەکە، یانی لوکاچ لە قوتابخانەکە جیابکاتەوەو بە قازانجی رژێم بەکاری بێنێ. ئەم جۆرە بەکارگرتنەی رەخنەگرانی رژێم لەپاش مەرگیان، پیلانێکی کۆن و ئێجگار ناسراوە (بڕوانە بۆ یەکەم لاپەڕەی دەوڵەت و شۆڕش!). لوکاچ لەدوا ساڵەکانی تەمەنیدا زۆر رادیکاڵ بووبوو، ئەو ئیتر لوکاچی پێشوو نەبوو. بەڵام ئێستا رژێم تەنیا دەیەوێ ئەو بەجۆرێك پیشان بدات کە ئەو

[103] Non-orthodoxe.
[104] Sociologisation.

بەردەوام رەخنەگرێکی نەرم و نیان و میانەڕەو بووە. یان وابنوێنێ کە قوتابخانەی بوداپێست لە سەردەمی لوکاچ دا وەك ئەمڕۆ رادیکاڵ نەبووە.

تایبەتمەندی سەرەکی قوتابخانەی بوداپێست چییە؟ سروشتی سەرەکی ئەم قوتابخانەیە (کە تایبەت بە خۆی نییە) هەڵوێستی رەخنەگرانەی ئەوە لەئاست تیۆری و پراتیکی کۆمەڵگە سوسیالیستییەکان (بەتایبەت لە ئەوروپای رۆژهەلات)دا، هەڵوێستێك کە لەسەر سیستمێك لە بەها مارکسییەکان و لەسەر شروڤەی زیندووی فاکتی بەرهەست راوەستاوە. دەکرێ ئامۆژگاری لوکاچ وەك دروشمی سەرەکی ئەم مەکتەبە لەقەڵەم بدەین: "بۆ دەرکی مارکسیزم "بزاڤێکی دوو لایەنە" پێویستە: لەرووی مێتۆدۆلۆژیکەوە پاشەکشە بەرەو مارکس و، لەمەر ئەوەی بە فاکت دەناسرێ، پێشرەوی بەرەو شرۆڤەی مارکسیستی دیاردەکانی هەنووکە".[105] بێگومان ئەم چەند دێرە بۆ پێناسەکردنی هەمەلایەنەی ئەم بزاڤە فکرییە گونجاو نیە و، هەموو لایەنەکانی ئەم بزاڤە رۆشن ناکاتەوە.

2. لەمەڕ سرووشت و تایبەتمەندی کۆمەڵگەی بلوکی رۆژهەلات

لەم بابەتەوە، تیۆری پێکهاتەی بروکراتیك، پێگەیەکی ناوەندی هەیە. تیۆری ماکس ڤێبر (و لەم دواییەشدا تیۆرییەکانی رێکخستن) لە بۆچونی کۆمەڵناسانی رادیکاڵی هەنگاریا لەمەڕ بروکراسی کاریگەری تایبەتی هەبووە. ئەوان بەم ئاکامە گەیشتوون کە کێشەکانی کۆمەڵگەی بلوکی سۆسیالیستی، تەنیا لە چەندین هۆکاری دەرەکی، زەینی و شەخسی و

[105] گفتوگۆ لەگەڵ لوکاچ لەمەڕ"هەندێ لە پرسەکانی هاوژینی تەبایانە" (بە زمانی هەنگاری): Kortars (Budapest) n 5 (mai) 1968

"کەمتەرخەمی"[106] یان لە خەیانەتی دەسەلاتدارانەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو ئەم پرسانە زیاتر بەرهەمی چەند هۆکارێکی بنەمایین و لە ئەنجامدا، لەگەڵ گەوهەری خودی پێکهاتەی ئابووری – کۆمەلایەتی ئەو وڵاتانە پێوەندییان هەیە. کەوابوو، وەها کۆمەڵگەیەك لەگەڵ ئەو سوسیالیزمەی کە چەندین بەرە لە شۆڕشگێڕان بە دڵ و گیان خەباتیان بۆ کرد، جیاوازی بنەڕەتی هەیە. کۆمەڵناسانی رادیکاڵی هەنگاریا، کۆمەڵگەی ولاتانی بلوکی سۆسیالیستی بە جۆرە کۆمەڵگەیەکی تازە دەزانن کە نە سەرمایەدارییە و نە هیچ سیستمێکی کۆمەلایەتی– بنەمایی کە بەپێی خاوەنداری تایبەتی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان پێکهاتبێ. ئەم کۆمەڵگا هەر ئەو شتەیە کە مارکس بە فۆرماسیونێکی کۆمەلایەتی نوێ ناودێری دەکرد. ئەو بەپێچەوانەی هەندێ مەزەندەی وشیارانە نەیتوانی سەرهەڵدانی ئاوا کۆمەڵگەیك پێشبینی بکات.

بەشێك لە ئاشقانی بێهەتوانی کاربردی رەهای چەمك و دەستەواژەی دامەزرێنەرانی مارکسیزم لە توێژینەوەی کۆمەڵگەی هاوچەرخدا پێیان وایە بەو کەشفە گەیشتوون کە ئەگەر سەرئەنجام بە سۆسیالیزم نەگەین، بەناچار بورژوازی سەقامگیر دەبێت. سەرەڕای ئەمەش، ئەم رەخنەگرانەی بلوکی ئەورووپای رۆژهەلات، تاقە رەخنەگرانێکی رادیکاڵن کە بە سیستمی بەها مارکسییەکان وەفادار ماونەتەوە. بەلام شەیدایی فۆرماڵیستانەیان[107] بە سیستمی چەمکی مارکسیستی، ئەوانی لە رۆشتن بەرەو تاقە مۆدێل کە دەربازبوون لە بنبەستی تیۆری (و پراکسیسی) شۆڕشگێڕانەی سەردەم هەموار دەکات، دوور راگرتووە: چەسپاندنی شۆڕشی پێویست بۆ پچڕانی حەتمی لە سیستمی بروکراتیك، تەنانەت ئەو کاتە کە ئەم پێکهاتە خۆی بە مارکسیستی دەزانێ و، لە هەمان حاڵدا

[106] Dysfonction.
[107] Formaliste.

پاراستنی پرنسیپی مارکسیستی. تەنیا بەمجۆرە دەکرێ یارمەتی بە خولقانی بزاڤێکی کۆمەڵایەتی بکرێت کە ئیتر پاشکۆی پێکهاتەی بروکراتیك نەبێت و بەپێی نەریتی تا ئەمرۆ باو بە بنبەستی بروکراتیك نەگات. تەنیا شۆڕشێکی تیۆریك لە نێو ئەم نەریتە فەرهەنگییە مارکسیستییەدا دەتوانێ بەشێوەی ریالیستی (هەرچەند ژاناوی) شارستانیەتی هەنووکە بنرخێنێ، وەها شۆڕشێك کە بناغەی بەرنامەی راستینی گۆڕینی بنەرەتی کۆمەڵگا بێت، وەها شۆڕشیك لەگەڵ ئامانجە رەسەنەکانی مارکسیزمدا سازگارە. نووسەرانی ئەم وتارە پێیان وایە کە تۆژینەوەی کۆمەڵگەی بروکراتیك یان روو لە بروکراسی (کۆمەڵگەی سەنعەتی رۆژهەڵات و رۆژئاوا) لە ژێر تیشکی شروڤەی رەخنەگرانی هەنگاریادا دەتوانێ زۆر دەرس و ئەزموون وەرگرێ. هەرچەند ئەم بەرنامەیە هێشتا زۆر سەرەتاییە، بەڵام دەکرێ زۆر بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی لێ ساز بکرێ و بەتایبەت لەمەڕ کۆمەڵگەی پیشەسازی زۆر یارمەتیدەر بێت.

" بروکراسی لە مێژووی مرۆڤدا لە قۆناغێکی تایبەت لە دابەشبوونی کاردا سەری هەڵدا، لە کاتێکدا کە کارکردی چەسپاندنی مافی خاوەندارێی و چەسپاندنی رێبەری [کار و باری] کۆمەڵایەتی لەژێر کاریگەری بارودۆخی [کۆمەڵایەتی]دا هەم لە مڵکداران جیابوونەوە هەم لە بەرهەمهێنەرانی راستەوخۆ، یانی چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا. لە کاتێکدا کە لێکبەستراوی[108] کۆمەڵایەتی بە وەها ئاستێك گەیشت کە بۆ ئەنجامدانی وەها کارکردێك، پێویستی بە پێکهێنانی رێخراوەیەك بە پێکهاتەی زنجیرە پۆست و پلەی پسپۆڕانەوە هەبوو کە پسپۆڕێتی[109] بەکار ببات. بزاڤی بنەڕەتی لەم پرۆسە کۆمەڵایەتیە ئاڵۆزەدا ئەوەیە کە

[108] Integration.
[109] Technicite.

خاوەن – چ یەك کەس بێت یان گروپێکی کۆمەڵایەتی بێت– ناتوانێ کاروباری بەڕێوەبەری ئەنجام بدات. ئەو دەبێ دەسەڵاتی خۆی لەگەڵ گروپێك کە شایستەیی ئەنجامدانی وەها ئامانجێکی هەیە، دابەش بکات. ئەم گرووپە خاوەن زنجیرە پۆست و پسپۆڕە لە هەمان حاڵدا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەگەڕێ."[110]

پێکهاتە (یان سیستمی کۆمەڵایەتی) بروکراتیك لە "شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی"دا دەسەڵاتدار بووەو لە ئەمپراتۆریە گەورەکانی دیکەی چاخی کەوناراردا رۆڵی گرنگی گێڕاوە. ئەم سیستمە لە ڕێکخراوە بەرینە ئاینیەکاندا زاڵ بووە و لە سیستمی دەوڵەتیدا و لە پرۆسەی سانترالیزمی سیاسیدا کە لە کۆتایی کۆمەڵگەی فیوداڵیدا بە دەوڵەتی دیسپۆتیك گەیشت رۆڵی سەرەکی هەبووە و وەك دەزانین پیکهاتەی بروکراتیکی ئەم دەوڵەتە، زۆر رەهەندی بەرفراوانی لێکەوتۆتەوە.

ژیاری پیشەسازی لەوە بەدوا زۆر ڕێخراوی بەرفراوانی لە سیستمی ئابووری دا وەك پێویستی هێناوەتە ئاراوە. ئەم ڕێکخراوانەش، کە سیستمی بەڕێوەبەرییەکی هەرە ئاڵۆزیان هەیە، پێکهاتەی بروکراتیکیان پێکهێناوە کە تاقە پێکهاتەیەکە کە توانای بەڕێوەبەری وەها کۆمەڵگەیەکی هەیە. هەنووکە، تایبەتمەندی هاوبەشی هەموو کۆمەلگا سەنعەتییەکان، تەنانەت جیاوازترینیشیان، رۆشتن بەرەو ڕێخراوی گەورەی بروکراتیکە. تاقە ڕێخراوەیەك کە توانای بەڕێوەبردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان مۆدێرنی هەیە بەگشتی و بەشێوەی هەندێجار شێنەیی – هەندێجار ریشەیی – هەموو پێکهاتەکانی دیکەی مناسباتی کۆمەڵایەتی لە بەشەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا لادەبەن تا خۆیان ببن بە پێکهاتەی زاڵ.

---

[110] Andreas Hegedus: "Marx sur les bases de la bureaucratie"… (Budapest), Avril 1966, p.214.

"بێگومــان دەتــوانین بڵــێین کــە بــە بــێ بۆچــوونی کۆمەڵناســانە لــە بروکراسی[111] ، یـان بـە وتەیـەکی هەمەلایەنـەتر، بـەبێ دەرکـی مناسـباتی بروکراتیك کە هـەم لـە دەروونـی سیسـتمی بـەڕێوەبردنی پێوەندییـەکان و هەم لە نێوان سیستمی ئیدارەی کارەکـان و تێکـڕای کۆمەڵگـەدا پێکـدێت، نــە دەتــوانین لــە بــورژوازی بۆچــوونێکی ریالیســتیمان هــەبێت نــە لــە سۆسیالیزم"[112] .

تۆژینــەوەی ڕێگــای مێــژوویی و ڕەوتــی بروکراتیزەبــوونی ئــەوروپای ڕۆژهەڵات، لە دۆخی فەرهەنگی سیاسی هەنگاریادا زۆر ئەستەمە، چـونکە ئازادی ئەندێشە و بەیان لەئارادا نیە. لەم وتارەدا تێدەکۆشین روانگەیەکی گشتی (هەرچـەند ناتـەواو) لـە تیـۆری ڕەوتـی مێـژویی وڵاتـانی ئـەوروپای

[111] نابێ ئەم بۆچوونە لەگەڵ روانگەیەك وەك یەك بزانین کە بروکراسی بە لقێکی کۆمەڵایـەتی تایبـەت لـە پێکهاتـەی بروکراتیك دەزانـێ، بۆ نموونـە: سیسـتمی دەوڵـەتی، یـان تـەنیا ئـەو ڕێخراوانە بە بروکراتیك دەزانێ کە بە سستی و "کەمتـەر خـەمی" کاردەکـەن. هەنـدێ لـە بۆچـوونەکانی هەنووکـە لەمـەڕ پێکهاتـەی بروکراتیـك، لەگـەڵ بۆچـوونەکانی ئـەم وتـارە هاوشــێوەن و تــەنیا چــەند وشــەیەکی جیــاواز بــەکار دەبــەن، وەك: تکنۆبروکراســی، تکنۆکراسی و تکنۆستراکتور و هتاد.

[112] A. Hegedus: "Marx sur les bases de la bureaucratie" p. 213.
دەبـێ بـزانین کـە کـاتی چـەپی رادیکـاڵی هـەنگاریا، چـەن وشـەیەك وەك سۆسـیالیزم یـان سـەرمایەداری بـەکاردەبات، مەبەسـتی لـەحنی بەهاناسـانەی بێلایەنانەیـە. سـەرمایەداری تەنیا بۆ ئەو کۆمەڵگایانە بەکاردەبات کە مڵکداری یاسایی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان لەواندا پارێزراوە، سەرەڕای ئەمـەش لـە هـەمان دەقدا لەگـەڵ کاربردی وشـەی سۆسیالیزم بـە دوو مانــای هــەرە جیــاواز بــەرەوروو دەبــین: مانایــەك کــە پیشــاندەری کۆمــەڵگای بــەناو سۆسیالیستی هەنووکەیە و مانایەك کە پیشاندەری پرۆسەی ئازادبوونی مرۆڤە بە مانـای مارکسی وشەکەیە...

رۆژهەڵات ئاراستە بکەین و لە هەمان حاڵدا هەندێ لە ئاڵۆزییەکان رۆشن بکەینەوە.

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی قوتابخانەی بوداپێست پێداگری قووڵ لەسەر ئەم تێزەیە کە خودی مرۆڤ، لە رێگەی کار و تێکۆشانییەوە، خۆی وەك مرۆڤ دەخولقێنێ و بەمجۆرە مێژووی تایبەت بەخۆی دەئافرێنێ. کەوابوو مرۆڤ و مێژووی ئەو، پێرەوی حەتمی یاسا ئابستراکت و گشتییەکان نین، یاسایەك کە سەرتر لە خەباتی واقعی مرۆڤەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بێت، خەباتێك کە ئاراستەی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لە دوا ساتدا دیاری دەکات. ئەم ئەندێشە دەگەرێتەوە بۆ ساڵەکانی1920، تەنیا بەهۆی لوکاچەوە گەڵاڵە نەکراوە، بەڵکوو لەگەڵ گرامشی و کارل کورش[113] یش پێوەندی هەیە. ئەمڕۆ قوتابخانەی بوداپێست ئەم ئەندێشەیە ئاوا بەیان دەکات: "چ بۆ تاکی مرۆڤ و چ بۆ بەرەی مرۆڤەکان، فەزایەکی بەشێوەی بەرهەست ئاراستە کراو کە بە دۆخێکی ئامادە سنووردار کراوە، بازنەیەك (بەپێی سەردەم، کەم تا زۆر بەرفراوان) لە دەرفەتەکان و بژاردەکانی[114] گەشەی [مێژوو]. مرۆڤ لەنێوان ئەم دەرفەتانەدا دەست دەداتە هەڵبژاردن، کۆمەڵێك هەوڵ و تێکۆشانی ئینسانی یەکێ لەم بژاردانە دەچەسپێنی، کۆمەڵە تێکۆشانێك کە چەندین هۆکاری بێئەژماریان هەیە، زۆرجار هۆکاری رێکەوتەکان کاریان تێدەکەن و وشیارانە یان ناوشیارانە لێکبەستراون. مرۆڤ، بەپێی وتەی لوکاچ، بونەوەرێکی "دەربەستە". ("بونەوەرێك کە وڵام دەداتەوە") کە بەردەوام لە ئاست بژاردەکانی بەرهەمی گەشەی کۆمەڵایەتی دژەکردەوە

[113] Karl Korsch.
[114] Alternative.

پیشان ئەدا و دەتوانێ رەوتی خۆڕسکی ناکۆکی گەشەی مێژوو بکاتە چەندین پرسیار کە وڵامی وشیارانەیان بۆ بدۆزێتەوە."[115]

لە یەکەم ساڵەکانی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبر، بەگشتی سێ بژاردە لەمەڕ گەشە [ی کۆمەڵگە] ئاراستە کرابوو:[116]

یەکەم بژاردە کە هی تروتسکی بوو یەکەم ساڵەکانی پاش شۆڕشی ئوکتبر ئاراستە کرابوو (لەگەڵ بژاردەی ساڵانی دواتری تروتسکی تەواو جیاواز بوو). ئەم بژاردە پێکهێنانی کۆمەڵێکی سانترالْ لە دام ودەزگای ئیداری، کۆمەڵێکی یەکپارچە و سەرەڕۆی پیشنیار دەکرد کە چاودێری کرێکاران بەسەر ئەودا ئیمکانی نەبوو. دواتر ستالین ئەم بژاردەیەی پراکتیزەکرد و ئەمڕۆ هەموو وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات خاوەنی ئەو خەسڵەتە بنەڕەتییەن، هەرچەند لەچاو سەردەمی ستالین ئەم رەوتە هێور بۆتەوە. لە دۆخی دواکەوتوانە و گەمارۆی کۆماری ساوای سۆڤیەتدا، ئەرکی باشکردن[117] و گەشەی چەندی ئابووری، گرنگی زیاتری پێدرا و هەموو ئەرکی ئینسانیکردن[118] و چاککردنی مناسباتی کۆمەڵایەتی گرنگی پلە دووی پێدەدرا. پاشەکەوتی بەخێرایی پێویستی بە دام و دەزگای بروکراتیك بۆ ئیدارەی کۆمەڵگا[119] هەبوو، چەندین سیستم بە پێکهاتەی قەتیس و نەگۆڕەوە کە خۆیان لەگەڵ قازانجی کۆمەڵایەتی گشتی هاوتا پیشان ئەدا و لە بەرژەوەندی تایبەت نکوڵییان دەکرد. "هەر کە خەڵکی زەحمەتکێش بە دەسەڵات گەیشت، دەوڵەت، چونکە دەوڵەتی

---

[115] Georges Markus: "Discussions et Courants dans la philosophie marxiste" (en hongrois), Kortars, (Budapest), juillet 1968.
[116] A. Hegedus: "sur les alternatives du developpement Social"..
[117] Optimisation.
[118] Humanisation.
[119] A. Hegedus:"Relation bureaucratique et socialism"…

زەحمەتكێشانە، تەنیا بەرژەوەندی زەحمەتكێشان دابین دەكات." بە وەها دروشمێكی كلێشەیی ئەم بژاردە دەس پێدەكات. بەپێی ئەم دروشمە ئەوان راستەوخۆ بەو ئاكامە دەگەن كە هەر جۆرە رەخنەگرتنێك لەم دەوڵەتە و هەروەها هەر چەشنە رەخنەیەك لە دام و دەزگای رێبەری كۆمەڵگا، رەخنەیەكی دژی گەلی و دژ بە شۆڕشە. ئەم سیستمە سیاسییە دیسپۆتیك و پاوانخوازە، پێكهاتنی كۆمەڵایەتی هەر رەوت و بزاڤێكی فكری سەربەخۆ قەبووڵ ناكات. ئەگەر ئەم دیاردە لە سەرەتادا، پێش بە دینامیزمی كۆمەڵگایەكی روو لە گەشەی بەرفراوان ناگرێت، هەر كە ئەم گەشەیە زیاد دەكات و پێویستی بە رێفۆرم و چاكسازی بنەمایی هەیە كە لاسایی رووتی وڵاتانی پێشكەوتوو ناتوانێ وڵامدەرەوەی ئەو بێت، وەها دیاردەیەك لەئاست دینامیزمی كۆمەڵایەتی وەك لەمپەرێكی قورس و بەهێز دەردەكەوێ.[120]

لە سەردەمی ستالیندا، تیۆری رەسمی ماركسیستی زیاتر لە پێشوو سادە و ساویلكانە دەبێتەوە، رۆڵی كۆمەڵایەتی مەعریفی یان رەخنە لەخۆ گرتن لە دەست ئەداو لە رۆڵی بەرگری و پاساوداندا دەردەكەوێت.[121] ئەگەر ئەم كارە لە سەرەتادا دەیتوانی بۆ مانەوە و كاركردی سیستمی نوێ، گرنگی مێژوویی– كۆمەڵایەتی تایبەتی هەبێت، بە تێپەڕینی كات و بە سەقامگیربوونی سیستمی تازە، ئەم تیۆرییە زۆر زیاتر پارێزكارانە دەبوو و بە وتەیەك بەتەواوی لە راستییەكان جیا دەبۆوە و دەمامكێكی "ماركسیستی" بە سیستمی ئەو بەهایانە ئەدا كە پێ بە پێی دامەزران و سەقامگیربوونی بنەما ئابووری و كۆمەڵایەتییەكانی

[120] M. Markus et A.Hegedus: "Modernisation and the alternatives of social progress"…

[121] A.Hegedus: Lautocritique de la socite Socialiste, en tant que realite et necessite, in Etudes sociologiques ouvrage collectif publie sous la direction de A. Hegedus…

دەسەڵاتی بروکراتیك، بەشێوەی بەرفراوان لە بەرژەوەندی جەماوەر جیا دەبۆوەو زیاتر لە پێشوو، بەشێوەی تایبەت و کۆنەپەرستانە دەردەکەوت.[122] پاش بیستەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، ئایدیۆلۆژی رەسمی تێکۆشاوە جۆرێك "نوێکردنەوە" ئەنجام بدات. "یەکێ لە باوترین فۆرمەکانی ئەم "نوێکردنەوە" ئەوەیە کە ئایدیۆلۆژی رەسمی تێدەکۆشی کە خۆی بە چەمك و بنەمای کۆمەڵناسانە ساغ بکاتەوە، ئەڵبەت نە بەجۆرێك کە ئایدیۆلۆژی رەسمی تووشی مەترسی بکات...

دووهەمین بژاردە کە لە یەکەم ساڵەکانی شۆڕشی ئوکتۆبردا ئاراستە کرا، بژاردەی "ئۆپۆزیسۆنی کرێکاری" بوو. ئەم ئۆپۆزیسۆنە خوازیاری ئەوە بوو کە بەڕێوەبەران لە هەموو ئاستەکانی بەڕێوەبەری ئابووریدا (سەرۆك کرێکارەوە بگرە تا وەزیر) دەبێ هەڵبژێردراوی کرێکاران بن. ئەم ویستە "سەندیکایی کردنەوەی دەوڵەت" لەئاست بژاردەی یەکەم "دەوڵەتیکردنی سەندیکاکان" گرنگی بەو پرسانە نادات کە زوجوێب[123] و رۆزا لوکزامبورگ[124] و روبر میشل[125] ماوەیەك دواتر لەمەڕ برۆکراسیزەبوونی رێخراوە سەندیکاییەکان ئاراستەیان کردووە. ئینتما بۆ بروکراسی، بەو ئەرکە ئێجگار بەرینەوە کە بەرئەنجامی بەمجۆرەی سەندیکایی بوونەوەی دەوڵەت و ئابوورییە، بەناچار گەشەی دەکرد. ئەم دووهەم بژاردە لە ئەزموونی یوگسلاڤیادا دوای ساڵی 1948 بەشێوەیەکی

[122] A.Hegedus et M. Markus: Les tendances principales du developpement de la sociologie marxiste dans les pays socialiste…
[123] Webb
[124] Rosa Luxembourg.
[125] Robert Michels.

ناتەواو بەكار براوە. تیۆری و پراتیكی خۆ–ڕاپەڕاندنی[126] یوگسلاڤیایی لە هەمان حاڵدا كە بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی "ناوەندێتی بروكراتیك" دەكات، بەرواڵەت دەسەڵاتی بەڕێوەبەری بە "ڕێكخراوە كرێكارییەكان" سپاردووە و بەمجۆرە، پێویستی پێكهێنانی دەسەڵاتی بروكراتیكی لە تیۆریدا ڕەتدەكردەوە. خاڵی بەهێز و لاوازی ئەو لەمە دایە كە هاوشێوەیی خۆڕایی بەرژەوەندی دام و دەزگای بروكراتیك و بەرژەوەندی گشتی كۆمەڵگەی خستۆتە ژێر پرسیار. سەرەڕای ئەمەش خۆڕاپەڕاندنی یوگسلاڤیایی لە بواری پێكهێنانی دام و دەزگای بەڕێوەبەری بیروكراتیكدا ئەزمونێكی وشیارانەی دەستەبەر نەكردووە و نەیتوانیوە چاودێری كرێكاران لەسەر بروكراسی مسۆگەر بكات. خودموختاری یوگسلاڤی ئەم وێنایەی پەرە پێداوە كە دەتوانێ بروكراسی بسڕێتەوە. بەڵام هەر بەو جۆرەی كە چەندین توێژینەوەی بێئەژماری كۆمەڵناسانە بەرۆشنی پیشان ئەدەن، بەڕێوەبەری بروكراتیك، بەشێوەی حاشاهەڵنەگر لەودیو دەمامكی دام و دەزگای خودموختارەوە بەنهێنی پێكهاتووە. بروكراسی بەمجۆرە توانیویە تا ڕادەیەكی زۆر بێتاوان خۆبنوێنێ و ئەركەكان بخاتە ئەستۆی دام و دەزگا خودموختارەكان كە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان پاساو ئەدەن و تەنانەت دەیشارنەوە، هەر ئەم كارەش، خەباتی كارساز و واقعی لە دژی بروكراسی و بە قازانجی خودموختاری كرێكاری ڕاستین دژوارتر دەكات.

بژاردەی سێهەم كە چەپی ڕادیكاڵی هەنگاریا (هەر ئێستاكە) بۆ داڕشتنی تیۆریكی ئەو تێدەكۆشێ لە ئەزموونەكانی دوو بژاردەی پێشوو سود وەردەگرێ، ئەزموونێك كە دەبێ لەبەر تیشكی پێشكەوتنێكی بەریندا توێژینەوەی لەسەر بكرێ، كە زانستی كۆمەڵایەتی لە نیوەی

[126] Autogestion.

دووهەمی سەدەی بیستەمدا لەو سودی بینیوە(بەتایبەت ئەو زانستانەی کە بەجۆریك بە پرسەکانی بەڕێوەبەری کۆمەڵگاوە خەریك دەبن).

ئێستا بە پرسیارێکی سەرەکی گەیشتووین کە -بەرای ئێمە- کۆمەڵناسی رادیکاڵی هەنگاریا توانیویە وڵامێکی رەسەنی پێبداتەوە. رەنگە ئەم وەڵامە زۆرێك لەو و خەیاڵاتە بسڕێتەوە کە رۆڵی بەرهەستیان تەنیا خزمەت کردن بە بەرژەوەندی هەندی گرووپی بروکراتیکە.

سەرەتا دەبێ گرنگی بەرینی کۆمەڵ- مێژووناسانەی پێکهاتەی بروکراتیك بناسینەوە. ئەگەر نکۆڵی لە گرنگی ئەم پرسە بکەین توێژینەوەکەمان قسر دەردەچێ. پاشان دەبێ ئاستەنگە حەتمییەکان و پێویستی ئەو بناسینەوە و دواتر گەڵاڵەی چاودێری خەڵك لەسەر پێکهاتەی بروکراتیك دابڕێژرین تا سەرئەنجام پرسی چارەسەرکردنی پێکهاتە بروکراتیکەکان ئاراستە بکرێت.

بژاردەی تازەی پێشچوونی کۆمەڵایەتی، بەپێی سیستمی بەها مارکسییەکان، دۆخێکی ئابوری- کۆمەڵایەتی دەبێت کە تا رادەیەکی زۆر بۆ مارکس شیاوی پێشبینی نەبوو.

بەرنامەی ئەم بژاردە:

لەلایەکەوە قەبوڵ دەکات کە بەڕێوەبردنی هەموو دەڤەرە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە دام و دەزگای پسپۆڕانە، لە بەراورد لەگەڵ بەڕێوەبەری ناپسپۆڕ، رێگەچارەیەکی خێراتر و کارسازترە. کەوابوو، بەرئەنجامی حەتمی گەشەی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی ئێستای گەشەی مێژوودا، پێکهێنانی دام دەزگای پسپۆڕانەی بەڕێوەبەری کارەکان، لەگەڵ بەرژەوەندی، مەبەستەکان و هێزە تایبەتەکان دایە.

لەلایەکی ترەوە بۆئەوەی ئەم جۆرە سیستەمەی بەڕێوەبەری پسپۆڕانە، بەگشتی جۆرێ بەرژەوەندی تایبەت لەئاست بەرژەوەندی

کۆمەڵگا هەموار دەکا و هەروەها، هاوکات لەگەڵ ئەم بەرژەوەندییە تایبەتە، بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەسەڵاتی مەهارنەکراوی هەیە، بە هەر حاڵ، بەرنامەی ناوبراو، پێکهێنانی مناسباتێکی کۆمەڵایەتی بە پێویست دەزانێ کە دەبێ ئەم سیستمی بەڕێوەبەری پسپۆڕانە پێڕەوی ئەو بن.

بە وتەیەکیتر، بابەتی سەقامگیربوونی مکانیزمی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لەسەر دەسەڵاتی بەڕێوەبەری لە ئارادایە. مارکس کۆمەڵگەیەکی دوور لە دەسەڵاتی بەدوا ئامانجی خۆی زانیوە، بەڵام تا دەسەڵات هەبێ ئامانجەکەی مارکس ناچەسپێ. تا کاتێ وەها دۆخێك نەڕەخسێ، جۆرێك دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی پێویستە. ئەمڕۆ دەسەڵاتێکی واقعی لە دەست بەڕێوەبەرییەکی پسپۆڕدا چەقی بەستووە. بەرئەنجامی هەوسارپچڕاوی ئەم دەسەڵاتە، کۆمەڵێکی بەرین لە مەترسی و دیاردەی نگەتیڤە کە تەنیا بە چاودێری کاریگەری کۆمەڵایەتی چارەسەر دەبێ. ئەم پرسانە بۆیە ئاڵۆزتر دەبن چونکە (لە دوو بژاردەی ناوبراودا) لە جۆراوجۆرترین رەهەند و ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، چەندین ئامێری ئیدارەی پسپۆڕانەی ئێجگار سەقامگیر پێکدێن کە فەن و زانیاری بەڕێوەبەری بۆ خۆیان پاوان دەکەن و تەنانەت چەندین مێتۆدی کۆمەڵایەتی – دەروونی ئێجگار زراقی شکڵ پێدان بە رەفتاری مرۆڤەکانیش دەناسن.

ئاندرە هێگدوش دەڵێ نوتفەی ئەم دوا بژاردەیە لە نیوەی یەکەمی دەیەی 1920 لە ئەندێشەی لێنین دا پەیدا دەبێ، بەڵام بە ئاشکرا بەیان ناکرێ. لەراستیدا، لێنین لەئاست دوو بژاردەی دەوڵەتیکردنی سەندیکاکان و سەندیکایی کردنی دەوڵەت، و لەئەنجامدا لەئاست بژاردەی بروکراسی زەبەلاح و هەوسارپچڕاو سیستمێکی کارساز و سەقامگیری بانگەشە

دەکرد کە کرێکاران لەئاست ئەودا دەرفەتی داکۆکی لە مافەکانی خۆیان هەبێ و چاودێری کرێکاری لەسەر ئەو ئیمکانی هەبێت. ئەم کارەش، لە ئاسۆی پرۆسەی چاودێری روولە گەشەی کرێکاراندا دەبێ بەجۆرێك بەئەنجام بگات کە زۆربەی ئەوان بە یارمەتی فەرهەنگ و ئەزموونی بەڕێوەبەری رووله‌گەشەی خۆیان بتوانن قۆناغی چاودێری پەتی تێپەڕ بکەن و لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا دەوری ئەکتیڤ و راستەوخۆ بگێڕن تا بەمجۆرە، بەڕێوەبەری مدیرانی پسپۆڕ کە بەدرێژایی تەمەنیان تیۆری و پراتیکی بەڕێوەبەری بۆ خۆیان پاوان دەکەن بێسود بکەن.

ئاندرە هێگدوش و ماریا مارکوش لە توێژینەوەیەکی تازەتردا، رەوتەکانی گەشەی کۆمەڵگەی ناسراو بە سۆسیالیستی ئەورووپای رۆژهەڵات لە روانگەیەکی نەختێ جیاوازترەوە راڤەدەکەن. "لەمەڕ ئەو شتەی لەگەڵ ئەندێشەکانی داهاتوو و فاکتەکانی گەشە پێوەندی هەیە، لانیکەم دەتوانین دوو رەوتی سەرەکی گەشە و ساغبوونەوە لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵاتدا بەدی بکەین". مۆدێلی یەکەم کە لە رێگەی یاسا و شێوازە رەسمییەکانەوە رێبەری و کاریگەری خۆی دەچەسپێنێ، "مۆدێلی دەوڵەتی" یە. ئەم مۆدێلە، پێکهاتەکانی ئەمڕۆ بەسەر داهاتووشدا تەعمیم دەدات و هەرچەند کە دەتوانێ و هەندێ جار لەگەڵ هەندێ لە ئاڵوگۆڕەکان خۆی سازگار بکات، سەرەڕای ئەمەش مۆدێلێکی بەراستی ئەکتیڤ نیە. مۆدێرن کردنەوە، تەنانەت ئەگەر بە بەرتەسکترین مانا راڤەبکرێت، پێویستی بەوەیە کە سیستم نە تەنیا بەردەوام بگۆڕدرێ، بەڵکوو هەروەها توانای ئاڵوگۆڕێکی هەبێ کە لە سنوورەکانی خۆی سەرتربچێ. ئەم مۆدێلە لە سەردەمی گەشەی بەرفراوان و قات و قڕی کاڵاکاندا پێکهاتووە. سەرەڕای ئەمەش، سۆسیالیزم بە هەموو شکڵ و شێوازە باوەکانی لەم سەردەمەدا وەك یەك دەزانێ. بەمهۆیەوەیە کە ئەم

مۆدێله له وڵاتانێك كه گەشەی چڕوپڕ لەجیاتی گەشـەی بـەرفراوان جـێگیر بووه، به خەستی كەوتۆتەبەر رەخنەوه. ئەم رەخنەیـه لـه قـاڵبی رێفـۆرم (بەتایبەت رێفۆرمی ئـابووری)دا بـەیان كـراوه. "سـەرەڕای ئەمـەش وەهـا رێفۆرمێـك لـه زۆر بابەتـەوه (...) تـەنیا تێكۆشـاوه رێگەچـاره كۆنـەكان مۆدێرن بكاتەوه.

بـژاردەی دووهـەم، بـژاردەی "شـاڕێ" "بەشـێوەی راسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ ئـەم ئـەم فكـره بـەیان دەكـا كـه دەبـێ وڵاتـانی ئـەوروپای رۆژهەڵات رێگـای وڵاتـانی رۆژئـاوایی پێشـكەوتوو بگرنەبـەر". بـەپێی ئـەم بۆچوونه، رادەی گەشـەی ئابوورییـه كـه جـۆری دروسـتی شـێوەی ژیـان، نیازەكان، پێكهاتەی بەرهـەمهێنان و بـەكارهێنان، شـێوازەكانی چـاودێری رێكخستن و هتاد دیاری دەكات.

مشـت و مـڕی نێـوان لایـەنگرانی دوو بـژارده لەسـەر رۆڵـی پێوەنـدی كاڵاكان له دەڤەری بەرهەمهێنان و بەكارهێنان و لەسـەر پرسـی رێبـەری و رێخستنی ژیانی ئابووری چـەقی بەسـتووه. لایـەنگرانی "شـاڕێ" مـۆدێلی یەكەم به قەتیس و بێسەمەر دەزانن. ئەوان بەرژەوەندی سوودی شـاراوه له بازاڕدا به هێزی بزوێنەری سەرەكی بەرهەمهێنان و سەرئەنجام به تاقـه رێگەی گەشەی ئەكتیڤ دەزانن. كەوابوو پێیان وایه كه گەشه و دامركـانی رەوتـەكانی "خاوەنـداری خـواز"ی مـرۆڤ گـرنگترین بزوێنـەری رەفتـاری ئابوررییه. ئەوان گەشـەی مناسـباتی كـاڵایی بـه تاقـه رێگـەی سـڕینەوەی سانترالیزم و تا رادەیـەكی تایبـەت دیمـوكراتیزەكردنی دەسـەڵاتی ئیـداری دەوڵەت له رێبەری بەرهەمهێناندا دەزانن. ئەم گەشـەیه – بـەڕای ئـەوان– دەبێ بەئەنجام بگات تا ئازادی هەڵبژاردن له مەسـرەفی شەخسـیدا بـەرین بكاتەوه، كارێك كه كاریگەری پۆزەتیڤی لەسەر بەرهەمهێنان هەیه.

ئەم بەڵگاندنە کاتی نزیکبوونەوەی ڕەوتی گەشەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە ڕەوتی گەشەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات – کە لەگەڵ کەمبوونەوە بەرەوڕوو بووە– بە هەر حاڵ بەهێز دەکرێت.

ئەم بژاردەیە تکنۆکراتیك یان فەنساالارانەیە ئەڵبەت چەندین ڕێگەچارەی بۆ دەربازبوون لە کێشەکانی زادەی "دەوڵەتگەرایی" ئاراستەکردووە. – کێشەکانی سەمەرەی کەمبوونی کاڵاکان کە بەرهەمی نائەقڵانیەتی ئابووری، ئاستەنگەکانی ئازادی تاك، شێوازەکانی ژیانی داسەپێندراوی دیسپۆتیك و شتی ترن. سەرەرای ئەمەش، دووهەم بژاردە، ئەگەرچی زۆر سەرەنجڕاکێشە، بەڵام ڕوون نیە کە بە بواردان بە مۆدێلی شێوەژیانی وڵاتانی پێشکەوتوو، و بە زیادکردنی جیاوازی چینایەتی نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، بەختەوەری حەتمی جەماوەر دابین بکات.

3. بەرەو شۆڕش لە شێوەژیاندا، بەرەو جڤاتێکی نوێ

لای مارکس بەهایەکی بنەڕەتی هەیە کە ڕوونکردنەوەی ئەو بۆ بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی چەپی نوێی هەنگاریا زۆر گرنگە. ئاگنش هلێر دەنووسێ: "من سوور دەزانم کە مارکس یاسایەکی ناسراوی بەهای گشتی[127] ئاراستە دەکرد کە دەکرێ هەموو بەهاکان و هەموو داوەریە بەهاییەکان[128] دەتوانن لەڕووی بەهاناسانەوە لەو هەڵبهێنجرێن. ئەم بەها بنەڕەتییە، یەکەم کاتێگوری ئانتۆلۆژیکە (کە ناکرێ لە کاتێگۆرییەکی تر هەڵبهێنجرێت)، ئەم بەهایە "سامانداری"[129] یە. سامانداری یانی"

---

[127] Axiomes de valeur universels.
[128] Jugement de valeur.
[129] Richesse.

پشـكوتنی هەمەلایەنـەی هـەموو هێـزە گەوهەرییـەكانی رەگـەزی مـرۆڤ. یەكەم یاسای ناسراوی بـەهایی: بـەها بریتیـە لـە هـەر شـتێ كـە پاشـكۆی هێزە بنەڕەتییەكانی رەگەزی مرۆڤ بێ و هەر شتێ ئەم هێزانـە دەوڵەمەنـد بكاتەوە. دووهەمین یاسـای ناسـراو: سـەرترین بـەها ئەوەیـە كـە تاكـەكان دەتوانن ساماندارى رەگەزی مرۆڤ بۆ خۆیان ببەن. ماركس هەموو بەهاكان لەم دوو یاسا بنەڕەتییەوە هەڵدەهێنجێ."

لە روانگەی چەپی رادیكاڵی هەنگاریادا، یەكێ لە پرسە بنەڕەتییـەكانی گەشەی هەنووكە، پرسی پەیدابوونی فـۆرمێكی تـازە لـە ژیـانی ئینسـانی كراوە (كە نابێ لەگەڵ چەمكی "هیۆمانیزاسیۆن"[130] كە تیۆری مناسـباتی ئینسـانی[131] یـان تیۆرییـەكانی تـر بـەكاری دەبـەن تێكـەڵ بكـرێ) كـە بەستێنی گەشەی هەمەلایەنەی تاك بێت. ئەم شێوازە نوێیـەی ژیـان دەبـێ ئەو دەرفەتە بۆ تاكەكان بڕەخسێنێ تا بەپێی هەڵبژاردنێكی وشـیارانە بـۆ ژیانی تایبەتی خۆیان بڕیار بدەن.

كۆمەڵناسانی هەنگاری بژاردەیـەك هەڵدەبـژێرن كـە دەبـێ بـە دەسـتی بزاڤێكی جـەماوەری بـەرفراوان بچەسـپێندرێ و نابـێ ئامـانجی ئـەم بزاڤـە جێگیركردنی گرووپێك لە ئلیتەكان لەجیاتی گـرووپێكیتر بێـت، كارێـك كـە لەرووی كۆمەڵایەتییەوە زۆر بەئەستەمی تەواو دەبـێ و ئاكـامی كارەكـەش سـەرئەنجام هـەمان شـت دەبێـت: تـەنیا ئـەو كرێكـار و روناكبیرانـەی كـە خۆیـان بەشـێوەی حـەتمی دەبنـە گرووپێكـی برۆكـرات، جێگـەی گرووپـی برۆكراتی پێشوو دەگرنـەوە. كـەوابوو ئامـانجی ئـەم بزاڤـە كۆمەڵایەتییـە، چەسپاندنی چاودێری كارسازی جەماوەر لەسـەر كاركردەكـانی بروكراسـی دەبێت نە داگیركردنی ئـەم كاركردانـە. لـە ئەنجامـدا دوائامـانج، پرۆسـەی

[130] Humanisation.
[131] Human Relation.

گشتی "ئینسانیکردنی" دۆخی ژیان و مناسباتی کۆمەڵایەتی دەبێت، پرۆسەیەك کە لەگەڵ رەوتی بەشداری ئەکتیڤ و بەردەوامی مرۆڤەکان لە رێبەری و ئاراستەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا... پێوەندی قووڵی هەیە.[132]

لە دیدگای گەشەی کۆمەڵایەتیدا، "گرنگترین پرس ئەمەیە کە زاڵبوون لەسەر رەوتەکانی کۆمەڵگای "مەسرەفی بەرفراوان" لە شتشێوەیی[133] دا کە لە بنەرەتدا ئازادی تاك لە بژاردنی "شت و مەکی" حازر و ئامادەدا و لە هەڵبژاردنی کالا جۆراوجۆرەکاندا بەرتەسك دەکاتەوە، ئایا گەشەی هەمەلایەنەی تاکەکان هەموار دەبێ یان نا ئەگەر ئا، بە چ شێوەیەك؟ ئایا شکڵ و فۆرمی کۆمەڵایەتی کە بزوێنەری گەشەی تاك بن و ئەو بەرەو بەها ئینسانییەکان رێنوێنی بکەن، پێکدێن، یان نا؟"[134]

لە وڵاتانی ئەوروپای بەناو سۆسیالیستی کە لەواندا شێوەی ژیانی ناسراو بە "کۆمەڵگەی مەسرەفی" ئەمڕۆ "لە روانگەی بەشێکی بەرین لە کۆمەڵگەدا، وەك گیراترین مۆدێلی گەشە خۆ دەردەخات– مۆدێلێك کە بەوهۆیە گرنگی زۆر پەیدا دەکات کە شیوازە تازەکانی ژیانی پێکهێنەری بەها سۆسیالیستییەکان نە لە تیۆریدا بەدی هاتوون و نە لە پراتیکدا" ئەم شێوە ژیانە کە لە درێژەی هەموو پرۆسەی خەبات بۆ"ئینسانی کردن" و بۆ "دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی" شکڵ دەگرێت، لە پراتیکدا بوونی نیە. تەنانەت ئەگەر مۆدێلی "شاڕێ" "ژیانێکی ئاسوودەتر بۆ خەڵك دابین بکات (بەڵام خاوەنداری تایبەتی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان دووبارە سەقامگیر نەکات) رەنگە لەگەڵ پەیدابوونی کۆمەڵگەیەکی سوودخواز،

---

[132] M.Markus et A. Hegedus: Communaute et individu (en hongrois). Kortas. 1970, n 12(decembre). Page 1933.

[133] Chosification

[134] Ibid, p. 1925.

کۆمەڵگەیەکی خاوەنداری خواز هاوکات بێت".[135] خـەبات بـۆ شـێوەژیانی نوێ خەباتێکە بۆ "گـۆڕینی بنـەڕەتی" کۆمەڵگـەی بـەناو سۆسیالیسـتی و "چەسپاندنی پراتیکی ئەم مۆدێلەی گەشەی سۆسیالیسـتی نابـێ پێـڕەوی بڕیارەکانی حکومەت بێت (تەنانـەت ئەگـەر حکومـەت لـە خـۆی نیازپـاکی پیشان بدات) بە بێ داهێنان و تێکۆشانی جەماوەر هەموار نابێت".[136]

لە گەشەی کەسێتی مرۆڤدا، کار، رۆڵی بنەڕەتی دەگێڕێ. ئـەمڕۆ کـار، بەشـێکی بـەرین لـە ژیـانی هـەموو مرۆڤـەکان دەگرێتـەوە. ئـەمڕۆ کـاری تاکەکان و جێگـای ئـەوان لـە دابەشـبوونی کۆمەڵایـەتی کـاردا– زۆر زیـاتر مافە قانوونیەکانی مڵکداری تاکەکان یان نـەبوونی ئـەم قانوونـە– جێگـای ئـەوان لـە پێکهاتـەی کۆمـەڵگا و سـەرئەنجام سیسـتمە بەهاییـەکان، بەرژەوەندی، شێوەکانی ژیان، مەیل و ئینتماکان، و بەکورتی ژیانی ئەوان بەشێوەی بنەڕەتی دیـاری دەکـات. کـاری کۆمەڵگـەی هاوچـەرخ، کـارێکی لەخۆنامۆیە، دابەشبوونی کۆمەڵایەتی کـار، زۆربـەی تاکـەکان لـە گەشـەی وزە و تواناکانیـان بـەپێی کـار[137] و لـە چـاودێری لەسـەر پرۆسـەی

[135] bid, p.1927.
[136] M. Markus et A.Hegedus: "Modernisation…
[137] ئاگنش هلێر دەنووسێ:"لەخۆنامۆیی (...) لەوەدا نیە کە وزە و تواناییەکانی تاکەکان نەتوانن بپشکوێن، بەڵکوو لەمە دایە کە ئەم تواناییانە یەکلایەنە بپشکوێن (دابەشببونی کار ئەم تواناییانە "دابەش دەکات"). هەروەها لەخۆنامۆیی لەم بوارەش دایە کە چینە کۆمەڵایەتیەکان بەتەواوی دەرفەتی گەشەی هەندێ لە تواناییەکانیان لە ئاستێکی بەرزتردا نیە. هەر بەمهۆیە، هێشتا ئێمە بە سامانداری "راستین" نەگەیشتووین، هەرچەند ئەم قۆناغانەی گەشە، مەرجی مێژوویی – و پێویستی ئەوە. "چونکە سامانداری راستین، هەر هەمان توانایی بەرهەمهێنانی هەر تاکێکە" (مارکس). لەم روانگەوە، لەخۆنامۆییش تەنیا ناسازگاری نێوان گەوهەری تیپێك و ژیانی تاکی نیە، بەڵکوو بەشێوەی هەمەلایەنەتر، ناسازگاری نێوان سامانداری تپێك و سامانداری تاکییە. لە روانگەی مارکسدا، کۆمۆنیزم تەنیا کۆمەڵگەیەك نیە کە لەودا سامانداری تاکەکان بپشکوێن، بەڵکوو کۆمەڵگایەکە کە لەودا سامانداری تاکەکان دەتوانن بۆ خەڵك (بۆ

بەرهەمهێنان و گەشەی کۆمەڵایەتی دوور رادەگرێ. بەپێی هەندێ لە روانگەکان، دەکرێ لە دەرەوەی کار، بەبێ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی کار و رێخستی کار، بە گەشەی هەمەلایەنەی کەسێتی تاکەکان بگەین. ماریا مارکوش و ئاندرە هێگدوش لەڕووی کۆمەلناسانەوە دەیسەلمێنن کە "کاتی ئازاد و شێوەی کار، پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان پێکەوە هەیە و بەمهۆیەوە، پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی قووڵ لە یەکیاندا، بەبێ گۆڕینی ئەویتر ئیمکانی نیە". بەمجۆرە تەنیا زیادکردنی "کاتی ئازاد" یانی کاتی بێکاری، لەو بوارانەدا کە تا ئەمڕۆ چەسپێندراون، بە ئاکامی گەورە و بەرین ناگات. "ئەزموونی واقعی و تۆژینەوەی کۆمەڵناسانە پیشان ئەدەن کە تەنیا زیادبوونی کاتی بێکاری هێشتا شێوە ژیانی خەڵك ناگۆڕێ و، ئەوپەڕەکەی تەنیا دەرفەتی گەشە و پەرەگرتنی هەندێ کار و تێکۆشان دەڕخسێنێ، تێکۆشانێك کە بۆ دابینبوونی ئەو پێویستییانە بەکار دەبرێت کە لە ناخی ئەو شێوە ژیانە تایبەتەدا، لە هەموو توند و تیژترن."[138] چۆن دەتوانین پەیوەندی هەمیشەیی و بەستراوەی تاك لەگەڵ کارێکی تایبەت لەنێوببەین یان لانیکەم کەمی بکەینەوە؟ بەرای ئەم نووسەرانە ئەنجامدانی وەها کارێك پێویستی بە جۆریك سیستمی پەروەردە و رێخستنی کار هەیە، "کە جێگای تاك لە دابەشبوونی کاردا بە درێژایی هەموو ژیانی، قەتیس نەکات، بەڵکوو ئەو بەرەو پشکنینی بەردەوامی خۆی رێنوێنێ بکا و دۆخێکی سازگار پێکبێنێ تا کرێکار لە هەر قۆناغێك لە ژیانیدا بتوانێ پسپۆڕی و دەڤەری تێکۆشانی خۆی

هەموان!) وەك ئامانجێکی گەوهەری دەرکەون (...) بەوهۆیە تاك "هەژار دەکات" چونکە تەنیا بەشێك لە تواناییەکان (بە زیانی ئەوانی تر) گەشە پێدەدات، دەوڵەمەندی هەستەکانی مرۆڤ لە یەك هەستدا کورت دەکاتەوە: هەستی "داگیرکردن"و تواناییەکانی مرۆڤ تەنیا بەهۆی دابینکردنی ژیان هەموار دەبن"(hypothesee, p. 773).

[138] بروانە بۆ ئاندرە هێگدوش و م. مارکوش: کاتی ئازاد و دابەشبوونی کار.

بگۆڕێ".[139] بەپێچەوانەی سیستمی پەروەردەی هەنووكە كە تەنیا تاك بۆ كارێكی تایبەت باردێنێ و زانست تەنیا وەك ئامێرێك بۆ گەیشتن بە دۆخێكی كۆمەڵایەتی بانتر دەزانێ – دەبێ سیستمێكی پەروەردە پێكبێت كە لە پاڵ پەروەردەی پسپۆڕانەدا، وەها فەرهەنگێكی گشتی دروس بكا كە تاكەكان بۆ زاڵبون لەسەر مناسباتی كۆمەڵایەتی، بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیان، ئامادەبكات. لە روانگەی سیستمی زاڵدا، ئەم جۆرە سیستمەی پەروەردە قەبووڵ ناكرێت: مرۆڤەكان بە گەشەكردنی جدی ئاستی فەرهەنگی گشتی خۆیان زیاتر لە پێشوو ناڕازی دەبن و لەئاست كاری خۆیان و كۆمەڵگە بەگشتی هەڵوێستی رەخنەگرانە دەگرن. سەرەڕای ئەمەش – بە وتەی ئەم نووسەرانە – چونكە ئەم رەخنە و نارەزایەتییانە هەم لە رێكخستنی كاردا و هەم لە كۆمەڵگادا پێویستی ئاڵوگۆڕێكی ئەكتیڤ دێننە ئاراوە، ئێجگار پۆزەتیڤ دەبن.

لێرەدا و لە نرخاندنی دیالكتیكی كۆمەڵگای بروكراتیكدا بە بابەتێكی بنەڕەتی گەیشتووین: ئایا ئەم رەخنەیە، نرخاندنی هەمان شتە كە ماركس و ئنگڵس بە كۆمەڵگەی چینایەتی ناودێریان دەكرد؟ یانی كۆمەڵێك كە ئێمە دەتوانین ئەو بە دوو بەش ناودێر بكەین چونكە دابەشبوونی دوالیتەی كار لەم كۆمەڵگەیەدا (دەستەیەك بەڕێوەبەرن و دەستەیەك فەرمانبەرن و گرووپی یەكەم لەم دۆخەدا بەهرەمەند دەبن و مناسباتی كۆمەڵایەتی بەپێی بەرژەوەندی خۆیان رێك دەخەن) لە دواین ساتدا، بناغەی دابەشبوونی ئەو بەسەر ئەو گرووپانە دایە كە كێشمەكێشی كۆمەڵایەتی نێوان ئەوان هەمیشەیی و (لەرووی پێكهاتەوە)حەتمییە. بەداخەوە ئەم بابەتە هێشتا لە بەرنامەی دژی بروكراسی كۆمەڵناسانی رادیكاڵی هەنگاریادا دەرنەكەوتووە... شۆڕشی دابەشبوونی كار كە دەبێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی پاوانخوازی بەڕێوەبەری (كە نە هەر تایبەتمەندی

[139] هەمان سەرچاوە.

کۆمەڵگای بروکراتیك، بەڵکوو هەموو کۆمەڵگا دوو پارچەکانە) ئەنجام بدرێت، تاقە بنەمایەکە کە بەپێی ئەو، پرۆسەی "دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی"و "ئینسانیکردنی" مناسباتی کۆمەڵایەتی دەتوانێ بە باشی بەئەنجام بگات. تا کاتی ئەم دوو پارچەییە لەئاردایە، ئەوپەڕی تەنیا شتێ دەتوانێ خۆڕاگرێت کە ئالێن تورین[140] ئەو بە "بەشداری ملکەچانە"[141] ناودێر دەکات... بەرای ئێمە ئەم بەرنامەیە ئێجگار گەشبینانەیە، بەتاییەت سەبارەت بە دەرفەتی چاودێری و کۆنترۆڵی کرێکاران بەسەر دام و دەزگای بروکراتیکدا(وە هەروەها بەسەر چەندین دەزگای بەم رادەیە بروکراتیك ... کە دەبێ دام و دەزگاکانی تر کونترۆڵ بکەن، کونترۆلێك کە تێکۆشانێکی بەرین و ئالۆزە و سەرئەنجام بۆ خۆی پێویستی بە پێکهاتەیەکی بروکراتیك هەیە) ئەویش لە کۆمەڵگەیەکدا کە بە هەر رادە دام و دەزگاکانی دیموکراتیك بن، لە بنەڕەتدا بە دوو پارچەیی دەمێننەوە. سەرەڕای ئەمەش ئێمە پێمان وایە کە وتاری "کاتی ئازاد و دابەشبوونی کار" یەکەم هەنگاوە بەرەو چارەسەرکردنی پرسەکە: دامەزراندنی بناغەیەکی پتەو بۆ گەلاڵی "دەسەلاتی کۆمەلایەتی".

یەکێ لە پرسە گرنگەکان لە شۆڕشی شێوە ژیاندا، بێگومان پرسی بنەماڵەیە.[142] لە کۆمەڵگەی لەخۆنامۆی ئەمڕۆدا یەکێ لە ئەرکە سەرەکییەکانی بنەماڵە، بارهێنان و ئامادەکردنی بەرەی نوێیە بۆ کۆمەڵگەی داهاتوو، یانی دروستکردنی وەها کەسێتییەك کە لەگەڵ دۆخی کۆمەڵگەی لەخۆنامۆ، بەتەواوی سازگار بێت. منال لە سەرەتای

---

[140] Alain Touraine، کۆمەڵناسی فەرانسی (لەدایکبووی 1925)، ئەو بە تۆژینەوەی مناسباتی کار لە پێکهاتەی پێوەندی کۆمەڵایەتیدا، تێکۆشاوە بنەماکانی کۆمەڵناسی سەنعەتی بەپێی "پراکسیس" شرۆڤە بکات – و.

[141] Parttcipation dependante.

[142] A. Heller et Mihaiy Vajda: Forme familiale et communisme, (en hongrois). Kortars,1970, n 10 (octobre).

لەدایکبوونیــەوە لەگــەڵ پێکهاتــەی زنجیرەیــی و دیســپۆتیك (ســەرەڕۆ)ی بنەماڵــە خــوو دەگــرێ کــە زەمینــەی ڕۆشــتن بــۆ نێــو کۆمەڵگــەی بــەرینتر ئامادەدەکــات، کۆمەڵگەیــەك کــە بنەماڵەیــەکی گــەورەی هــەر لەوچەشــنە پێکدێنێ. بارودۆخ لە ڕۆژاوا یان لە ڕۆژهەڵاتدا، لەمەر پەروەردەی کەسانی تەواو سازگار، هەم لەنێو بنەماڵە و هەم لــە دەرەوەی بنەماڵــە(قوتابخانــە، مەس میدیا، و هتاد)دا بەســتراوە، لــە بنەرەتــدا وەکــوو یەکــە. بنەماڵــەش یەکەیەکــە کــە لــەودا بەگشــتی، ڕاســتەوخۆترین پەیوەنــدی لــەنێوان ژن و پیــاودا هەیــە، پەیوەندیــەك کــە وەکــوو پەیوەندییــە ئینســانییەکانی تــر لەخۆنامۆیە. لەم پەیوەنــدی لەخۆنامۆیــەی نێــوان ژن و پیــاودا، یــەکێ لــە بزوێنەرە سەرەکیەکان هەر هەمان داگیرکردن و لــە بەرچــاوگرتنی ئەویــدی وەك ئامرازی بەدەست هێنانی پرستیژە.[143] ئەگەرچی لە کۆمــاری ســاوای شوراکاندا هەوڵدرا ئەم چەشنە بنەماڵەیە بنرخێنێ، [بەڵام] بە گەیشــتنی سەردەمی ستالین، بەشێوەی ناوشیار تێگەیشتن کە بنەماڵەی دیســپۆتیك، بناغەیــەکی گرنگــە بــۆ کۆمەڵگــەی دیســپۆتیك و دیســان فــۆرمی بنەماڵــەی بورژوایی سەقامگیر کرایەوە. پاشــان "لــە ســەردەمی پەیــدابوونی وڵاتــانی دیکەی سۆسیالیستیدا، گۆڕینی فۆرمی بنەماڵە، قەت بەرنامــەی دەوڵــەتان نەبوو."[144]

شــۆڕش لــە ژیــانی ڕۆژانــەدا لەگــەڵ شــۆڕش لــە فــۆرمی بنەماڵــە یــان مناســباتی گشــتی نێــوان ژن و پیــاودا پێوەنــدی قــووڵی هەیــە. ســەرەڕای ئەمەش ڕەنگە شۆڕش لە شکڵی بنەماڵەدا(و شۆڕش لە ژیانی ڕۆژانەدا) بەر لە ئــاڵوگۆڕی بنــەڕەتی لــە هــەموو کۆمــەڵگادا دەس پێبکــات. هــەر ئێســتا زۆرێك لە لاوان شێوەژیانی بنەماڵەکانیان کــە لەســەر دەســەڵات، پرســتیژ، خاوەنداری، هاوڕەنگی لەگەڵ کۆمەڵگە، و هتاد ڕاوەستاوە، تێدەپەڕێنن و

[143] A. Heller: Sur lavenir des relation enter les sexes,...
[144] A. Heller et Mihaiy Vajda: Forme familiale…, p. 1660.

بـە پێکهێنـانی کۆمۆنـەکان، "بنەماڵـەی بـورژوایی تـاك هاوسـەری"یـش ڕەتدەکەنـەوە. ئـەم خاڵـە، پێویسـتی فـۆرمێکی تـازە لـە ژیـان پیشـان ئەدات. ڕێبەرانی هەنگاریا لەگەڵ ئەم دیاردەیە ناکۆکن و لەگەڵ لاوانـی هەنگاری -کە لە لاوانـی وڵاتـانی "بـرا" ئـازادی ڕێـژەیی زیاتریـان هەیـە- کەوتوونەتە کێشەوە.

ئاگنش هلێر و میهای وایدا پێیان وایە ئەوەی دەسەڵاتداران بانگەشـەی دەکـەن یـانی پـەروەردە لـەنێو کۆمـەڵگای تـاك هاوسـەری، کـۆیی و "سەنعەتی"دا ناتوانـێ "دەسـەڵاتی کۆمەڵایـەتی" بچەسـپێنێ و کەسـێتی تاکـەکان بپشـکوێنێ. بـەڵکوو ئـەوە کۆمۆنـە کـە میراتـداری بنەماڵـەی بورژواییە کـە نـە لـە پێگـەی کۆمـەڵی هاوبەشـی ئـابووری یـان سیاسـیدا، بـەڵکوو لـە پێگـەی "ناوەنـدی ڕێخسـتنی هـاوژینی ڕۆژانـەدا" بـە وەهـا ئامانجێك یارمەتی دەکات. کۆمـۆن بەرەیـەکی نـوێ باردێنـێ و لـە هـەمان حاڵدا زۆر کەسێتی جیاواز و ئازادمەنش دەخولقێنێ کە هیچ زوڵم و زۆرێـك قـەبووڵ ناکـەن و دەس دەکـەن بـە ڕەخنـەگرتن و نـاڕەزایی و کوێرانـە پێڕەوی ناکەن. بـەڵکوو بەشـێوەی وشـیارانە و ڕەخنەگرانـە هەڵدەبـژێرن. "منداڵی کۆمۆن لەمەڕ داهاتووی ژیانی خۆی قسـەی خـۆی دەکـا، بڕیـاری خۆی دەدا، بەپێچەوانەی فەزای نێو بنەماڵـەی دیسـپۆتیك و تـاك سـلوولی، بە زوترین کات فێردەبێ، کە نایەوێت ئیرادەی ئەویدی پێشێل بکات". ئەم دەرفەتـە دەڕەخسـێ کـە مناسـباتی ئینسـانی لەمـەڕ توانـایی بـژاردنی تاکەکان، ئازادتر بن و کەمتر خوو و ڕەوشتی نەریتی کاریان تێبکات. منداڵ ناچار نیە کەسانێکی تایبەت (بۆ نموونە خزمانی سروشتی) خـۆش بـووێ، بـەڵکو ئـەو خـۆی کەسـانێك هەڵدەبـژێرێ کـە خۆشـی دەوێ یـان بەپێچەوانەوە. لەمەڕ مۆدێلەکانی پەیوەنـدی سێکسـی، ئەنـدامانی کۆمـۆن دەبێ بەبێ پێشداوەری یەکتر هەڵبژێرن. لە ڕوانگەی ژنیشدا، کۆمۆن تاقـە

[145] بروانە بۆ: تیۆری و پراتیك بەپێی نیازە مرۆڤییەکان، ئاگنش هلێر.

ڕێگـەی چارەسـەر بـۆ هەلومەرجێکـە کـە هەرچـەند زۆرێـك لـە لەمپـەرە یاسـاییەکانی سـڕیوەتەوە، بـەڵام هێشـتا دوایـن لەمپـەر کـە زادەی دابەشـبوونی کـارە لـە بەرابـەری نێـوان ڕەگەزەکانـدا نەسـڕیوەتەوە. سڕینەوەی ئەم نایەکسانییەش لەخۆیدا بە سڕینەوەی نایەکسانیەکانیتری هەموو کۆمەڵگاوە بەستراوە و هـەموو ڕێگەچـارەیەکی بنـەڕەتی یـەکێ لـە نایەکسانییەکان، پێڕەوی چارەسەری بنەڕەتی کێشەیەکی ترە.

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی چەپی نوێی هەنگاریا، هەرچەند زۆر ساوایە، بەڵام ئێستا لـەوە زیـاتر گەشـەی کـردووە کـە بکـرێ لێـرەدا هـەموو نـاوەڕۆکی دەربخەین...

لەم قـاقڕە بێبژاردەیـەدا کـە بـە کۆمەڵگـەی سۆسیالیسـتی ئـەوروپای ڕۆژهەڵات ناسراوە، سەرهەڵدانی ڕەخنەی رادیکاڵی چـەپ تاقـە هومێدێکـە کـە بـەهاکان و پراکسیسـی مارکسـی بتوانـێ پـاش نغرۆبـوون، یـان پـاش سەردەمێکی درێژ پێڕەوی لە گاڵتـەجاڕی مێـژووی پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی دوولـەت، دووبـارە ببوژێتـەوە. لـە کاتێکـدا لـە کۆمەڵگـەی ڕۆژئـاوایی پێشـکەوتوو و پلۆرالیسـتی ئێمـەدا، ئـەکتیڤیی کۆمەڵایـەتی بەشـێوەی گەشندە بە ڕەخنەکانی ئەم چەپە تازەیە نیـازی هەیـە کـە تاقـە هێزێکـی بەراسـتی هـۆگرە کـە دەیـەوێ لـەڕووی تیـۆری و پراتیکییـەوە لەسـەر ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان زاڵ بێت، لە کۆمەڵگەی ئـەوروپای ڕۆژهەڵاتـدا، بەپێچەوانەوە، حکومەت لەجیاتی سوودوەرگرتن (بۆ بەرژەوەنـدی خـودی گرووپی بروکرات) لە هەندی لە ئەزموونەکانی ئەم ڕەخنەیە، پێـی باشـترە بە زەخـت و زۆر سـەرکوتی بکـات. ئایـا ئـەوروپای ڕۆژهـەڵات لـە بـەراورد لەگەڵ کۆمەڵگەی پێشکەوتووی ئەوروپای ڕۆژئاوادا کە لەئاست نارەزایەتی تیۆری و پراتیکیدا نەرم و نیانترە، لە گەشەی چۆنی ژیـانی کۆمەڵایەتیـدا مەحکوم بە چەقینە؟ ئایا ئەوروپای ڕۆژهەڵات هەر بەوجۆرەی کـە مـارکس سەدەیەك پێش گوتوویە، دەبێتە "هێلانەی کۆنەپەرستی ئەوروپایی"؟

تیۆری و پراتیك به پێی نیازه مرۆڤییه‌كان

ئاگنش هلێر

تیـۆری و پراتیـك، هه‌میشــه توخمــه گه‌وهه‌رییــه‌كانی پێكهاته‌یــه‌كی ئــابووری– كۆمه‌لایــه‌تی دیــاریكراون. هــه‌ر به‌مهۆیــه تیــۆری و پراتیكــی كۆمه‌لگا جۆراوجۆره‌كان نه ته‌نیا له نێوه‌رۆكدا، به‌ڵكوو له پێوه‌ندییه‌كان و له‌و ده‌وره‌ی كه تیۆری له كۆمه‌لگه جیاوازه‌كاندا ده‌یگێڕێ، لێك جیـاوازن. هه‌روه‌ها له زۆرێك له كۆمه‌لگه‌كاندا... تیـۆری و پراتیـك لـه یـه‌كتر جیـاواز نین به‌ڵكوو ئه‌ركی دووباره به‌رهه‌مهێنانه‌وه‌ی كۆمه‌لایه‌تی پێكـه‌وه ئـه‌نجام ئه‌ده‌ن. هه‌ر به‌مهۆیه بۆ وێنه ناتوانین له روانگـه‌ی ئـه‌م بابه‌تـه‌وه خـاڵێكی هاوبه‌ش لـه نێـوان سـه‌ره‌تای چـاخی ناوه‌ڕاسـت و كۆمه‌لگـه‌ی بورژواییـدا بدۆزینــه‌وه، چـونكه لــه چـاخی یه‌كه‌مـدا مه‌سـیحیه‌ت نـه تـه‌نیا رۆڵـی ئایدیۆلۆژییـه‌كی یه‌كده‌سـتی ده‌گێـرا، بـه‌ڵكوو له‌سـه‌ر پراتیكـی رۆژانـه‌ی خـه‌ڵكیش كاریگـه‌ر بـوو، بـه‌مجۆره ئـه‌م ده‌رفه‌تـه بـۆ مـرۆڤ ده‌ره‌خسـا تـا كاره‌كـانی خـۆی بـه ئایـدۆلۆژی زاڵ راڤـه‌بكات. پرسـی گشـتی پێوه‌نـدی تیۆری و پراتیك، به‌ر له گه‌شه‌ی كۆمه‌لگـه‌ی بـورژوایی ته‌نانـه‌ت گه‌ڵاڵـه‌ش ناكرێـت، مه‌گـه‌ر كاتـێ كـه مرۆڤـه‌كان ناچـار بـن نه‌چه‌سـپانی پره‌نسـیپی تایبه‌تی خۆیان راڤه‌بكه‌ن. به‌ڵام ئه‌م كاره له‌گه‌ڵ پرسه‌كه‌ی ئێمه پێوه‌ندی نیه ئه‌وپه‌ڕه‌كه‌ی یه‌كێ له ره‌هه‌نده لاوه‌كییه‌كانی ئه‌و پیشان ئه‌دات.

بــه‌مجۆره پرســی گشــتی تیــۆری و پراتیــك لــه پرســه تایبه‌تــه‌كانی كۆمه‌لگه‌ی بورژوایی و به‌رهه‌می پێكهاتـه‌ی ئـه‌م كۆمه‌لگایـه و پیشـانده‌ری ئه‌م پێكهاته‌یه.

کەوابوو ئەگەر بمانەوێ ئەم پرسە بە وردی و لە گشتێتی خۆیدا گەلاڵە بکەین، دەبێ بەرۆشنی بزانین کە لێرەدا پرسێکی تایبەت لەئارا دایە و خودی گەلاڵەکردنی پرسەکەش مۆرك و نیشانەی مێژوویەکی تایبەتی پێوەیە و رەنگە تەنیا بە قۆناغێکی مێژوویی تایبەتەوە... بەستراوە.

سەرەتا دەبێ بلێین کە هەرچەند گەشەی زانستی سروشتی – لە گالیلە بەملاوە– بەشێکی جیانەکراوەی ئەم پرۆسەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا پێوەندی نێوان تیۆری و پراتیك لە زانستی ئینسانیدا راڤە دەکەین.

گەلاڵەکردنی پرسی پێوەندی نێوان تیۆری و کرداری کۆمەڵایەتی، جۆرێك بەرئەنجام – و فۆرمی بەیانی – دابەشبوونی کار و بەرهەمهێنانی بورژواییە. لە پاش دابەشبونی کار دایە کە توێژی روناکبیر، وەك توێژێکی کۆمەڵایەتی تایبەت کە ئەرکی "بەرهەمهێنانی" تیۆرییە، شکڵ دەگرێت. هەر لەم کاتەدا هێزە کۆمەڵایەتییەکان لێك جیادەبنەوە. لەلایەکەوە چەند هێزێك هەن کە تیۆری بەرهەم دێنن و لەلایەکیترەوە چەند هێزێکیتر هەن کە تیۆری پراکتیزە دەکەن. ئەم کارە تەنانەت لەو بابەتەشدا کە خولقێنەری تیۆری، نوێنەری راستەوخۆی بەرژەوەندی چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەتیش بێت، راستە. لە کۆمەڵگەی بورژواییدا، لە راستیدا، جۆراوجۆرترین روانگەی تیۆریك زۆر جار لە مۆدێلی بەرهەمهێنانی کاڵاکان پێرەوی دەکەن. ئەم روانگانە، چ ئینتمای چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بەیان بکەن یان نا، لەهەر حاڵدا تێکەڵاوی بازاڕ دەبن. ئەڵبەت زۆر رۆشنە کە هەموو تیۆرییەکان دەستیان بە بازاڕ ناگا و لێرەدا پێویست ناکات باسیان بکەین، چونکە لەم بابەتەوە – و بەپێی پێکهاتەی کۆمەڵگای بورژوایی – ئەوان ناتوانن ببن بە پراتیك و سەرئەنجام بۆ باسەکەی ئێمە گرنگ نین. یەکەم شێواز کە تیۆری لە قاڵبی ئەودا دێتە بازاڕ، کتێبە. تیۆری بەمجۆرە بڵاودەکرێتەوە و دەتوانێ بۆ بەکارهێنان ئاراستە بکرێت.

شـێوازە لاوەكییـەكانی ئـەو بانگەشـە و ڕاگەیاندنـە، چ لـە ڕێگـەی هەنـدێ كەسەوە بگوێزرێنەوە یان لە ڕێگەی میدیا گشتییەكانەوە، یان لە هەر دوو ڕێگاوە.

لە سیستمی بازاڕی ئازاددا، تیۆریش دەبێتە كاڵایەكی ئـازاد. مرۆڤـەكان بەپێی نیازەكانیان دەیكڕن یان نایكڕن، پراكتیزەی دەكـەن یـان نایكـەن. ئەڵبـەت لـە دۆخـی بـازاڕی كـۆنترۆڵ كـراودا، پێشـبڕكێی تیۆرییـەكانیش بەرتەسـكە. زۆربـەی ئـەو بەرهەمـە تیۆرییانـە كـە برەویـان هەیـە، چـەن كلێشەیەكن كە ئامانجیان ڕێنوێنی كردنی بیروڕای گشتی بـە ئاراسـتەیەكی تایبەت دایە. سەرەڕای ئەمـەش، لـە كۆمەڵگـەی بورژواییـدا، تیۆرییـەكانی لایـەنی بەرهەڵسـتكار و تەنانـەت تیۆرییـە شۆڕشـگێڕانەكانیش دەبـێ ئـەم ڕێگـا سـەوداگەرانەیە بپێـون، چـونكە ئـەم كـارە بەرئـەنجامی پێویسـتی پێكهاتەی كۆمەڵایەتیە. وتەی بەناوبانگی ماركس كە دەڵێ: "تیۆرییەك كە بچێتە نێـو جـەماوەر، دەبێتـە هێزێكـی مـادی، لەلایەكـەوە پێویسـتی بـە جــەماوەری ژێردەســتی ئایــدیۆلۆژی چــینی دەســەڵاتدار هەیــە و لەلایەكیترەوە، پێویستی بە تیۆرییەكی شۆڕشگێڕانەی بێجەماوەر هەیە.

كەوابوو تیۆریسیەن ــ چ ئابوریزان و چ كۆمەڵناس یان بیرمەند ــ كەسێكە كە بەپێی یاسا تازەكـانی دابەشـبوونی كـار، تیـۆری خـۆی ئاراسـتە بـازار دەكات. چونكە ئێمە بە مۆدێلێكی تایبـەت كـار دەكـەین، لـە فرەچەشـنی بزوێنەرەكان چاوپۆشی دەكەین و وایدادەنێین كە هـەموو ئـەو "مرۆڤانـەی كە تیۆری بەرهەم دێنن" بەوهۆیە لـە بـازاڕدا بـە كـاڵای تیـۆری خۆیانـەوە دەردەكەون، چـونكە پێیـان وایـە نـاوەڕۆكی تیۆرییەكـەیان دروسـتە و بـە فرۆشتنی ئـەم كاڵایـە تـەنیا خوازیـاری پـووڵ یـان بەرزبوونـەوەی پێگـەی كۆمەڵایــەتی خۆیــان نــین، بــەڵكوو هیــواداران كــە بڵاوبوونــەوە یــان

قەبووڵکردنی ئەندێشەی ئەوان بتوانێ لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی، یان لە هەندێ بواردا، کاریگەر بێت. بێگومان وەها کارێك زۆرجار بە سەرکەوتن ناگات، بەڵام ئێمەش دەبێ لەم تۆژینەوەی خۆماندا لەمەڕ پێوەندی تیۆری و پراتیك، ئەم مەبەستانە لابەین. ئێستا پرسیاری ئێمە ئەمەیە: کێ ئەم کاڵایە دەکڕێ، بۆچی و بە چ مەبەستێك ئەم کارە دەکات؟ دەزانین کە بەگشتی توانەوەی[146] هەندێ ئەندێشە، تەنانەت ئەگەر بەجۆرێك جەماوەری بێتەوە، بەناچار بە مانای ئەوە نیە کە تیۆری ــ بە وەها دەرفەتێك ــ ڕێگای خۆی بەرەو پراتیك دیوەتەوە. زۆر جار ئەو کەسانەی کە تیۆرییەکان فێردەبن، تەنیا چەند بەکارهێنەرێکی پەتین کە تیۆری ڕاست وەك هەویری دان بەکاردەبەن. ئەم جۆرە "بەکارهێنانە" کە بە"فەرهەنگی گشتی" ناسراوە بە هەمان ڕادەی "مەرجی حەتمی"[147] پێوەندی بە هەندێ توێژی تایبەتی کۆمەڵگاوە هەیە، کە هەویری دان. ئەڵبەت خودی ئاستی بەکارهێنانیش ڕەنگە پیشاندەری هەندێ شت بێت: دەتوانێ پیشان بدات کام تیۆری لە کام توێژی کۆمەڵایەتی تایبەتدا خەریکە دەبێتە پراتیك، چونکە لەم حاڵەتەدا، ڕادەی داخوازی بەکارهێنەران زیاد دەکات. سەرەڕای ئەمەش بە هەر ڕادە زیاتر بازار کونترۆڵ کرابێت، ئەم نیشانەیە شاراوەترە.

لەبەر ئەوە کە ئێمە تیۆری لە ڕوانگەی پراتیکەوە شرۆڤە دەکەین، دەبێ هەموو ئەو "کڕیارانە کە بە مانای سەرەوە "بەکارهێنەر"ن لابەرین.

[146] Assimilation.
[147] Sine qan non.

کەوابوو تۆژینەوەکەمان بۆ ئەوانە تەرخان بکەین کە کاڵای تیۆریک بۆ پراکتیزەکردن دەکرێن، [کەوابوو] تۆژینەوەکەمان لە مەبەستەکانی ئەواندا و لەو ئامێرانەدا کە بەکاری دەبەن کورت دەکەینەوە.

بەڵام ئەم تۆژینەوە پێویستی بەوەیە کە سەرەتا مەبەستی ئێمە لە کردار (پراتیک) پێناسە بکرێت، یانی ڕۆشنی بکەینەوە کە کارکردی پراتیکی تیۆری چۆن پێناسە دەکەین. دەکرێ پراتیک بەمانای هەرە بەرینی وشە لەبەرچاو بگرین و ئەو بە هەڵگری هەموو تێکۆشانیکی کۆمەڵایەتی و سەرئەنجام هەموو تێکۆشانێکی مرۆڤایەتی بزانین. ئەمە بۆچوونێکی گرنگە، بەڵام ئەگەر پراتیک لە پێوەندی لەگەڵ تیۆریدا لێکبدەینەوە، بەکار نایەت. چونکە ئەگەر مانای بەرینی ئەو لەبەرچاو بگرین، هەموو تێکۆشانێکی تیۆریکش دەبنە چالاکی پراتیکی و ئەوجار دەرکی "جیاوازی تایبەتی" ئەوان ئیمکانی نیە. هەربەمهۆیە، بەبێ نکۆڵیکردن لە چەمکی پراتیک لە ئانتۆلۆژی گشتیدا، دەبێ چەمکێکی سنووردارتر بدۆزینەوە. بەڵام لێرەدا لەگەڵ دژوارییەکیتر بەرەوڕوو دەبین. بەتایبەت دژواری بێتوانایی بۆ ئاراستەکردنی پێناسەیەکی گشتی بۆ وەها چەمکێ لە پراتیک، چونکە هەر پراتیکێ کە بە مانای سنووردار لەبەرچاو بگیردرێ ناتوانێ لە دەرەوەی پێوەندی خۆی لەگەڵ تیۆری هاوتەرازی خۆی، مانایەکی هەبێت.

هەروەها لە درێژەی وتارەکەدا لەو ئایدیۆلۆژییانە کە جۆرێک پاساودانی سادەی کۆمەڵگای بورژوایین و هەروەها لە پراتیکێکی هاوتەراز کە یارمەتی بە پاراستنی ئەم کۆمەڵگایە دەکات، خۆدەبوێرین. وەها

ئایدیۆلۆژییەك تەنانەت ئەگەر بە تیۆریش حساب بکرێت، لە روانگەی ئێمەدا، بە تیۆری حساب ناکرێت. ئەوانە بەیانی راستەوخۆی جۆری وشیاری درۆینەن و تەنانەت رەنگە لەگەڵ تیۆری هاوشێوە بن، راست هەر بەوجۆرەی پراتیکی هاوتەرازی ئەوان شێوەپراتیکە و بەس.

پراتیکی جۆراوجۆر ـ و تیۆری خوازیاری ئەو ـ بەپێی ئامانجەکەی و هەروەها بەمپێیە کە لە تێکۆشانی جەماوەردا دەچەسپن یان نا، یان بەرەو کردارێکی جەماوەری دەچن، یان نا، بەپێی ئەو تێکۆشانە جەماوەرییە کە ئەم پراتیکانە لەودا دەچەسپن، یان بەرەو ئەو دەچن، لە یەکتر جیا دەکرێنەوە. پرسی درۆینەی "ئامێرەکان" زیاتر لەهەر شتی، پرسی بەکاربردن یان رەتکردنەوەی توندوتیژی ــ بە رای من لێرەدا گرنگی بنەرەتی هەیە هەروەها من پێم وایە کە جێگیرکردنی پرسی درۆینەی "ئامێرەکان" لە پلەی یەکەمدا لەئاست دەرکی جیاوازی هەقیقی نێوان تیۆری و پراتیکە جۆراوجۆرەکاندا دەبێتە لەمپەر. ئەم پرسیارە کە ئایا بەکاربردنی توندوتیژی دروستە یان نادروست، شیاوە یان ناشیاوە، پێویستە یان ناپێویست، بەڕای من لەم ئاستەدا پرسیارێکی قسرە، لەراستیدا ئەم پرسیارە چارەسەر ناکرێت مەگەر لە بەستێنی پرسی کۆنکرێتدا، لە روانگەی ئامانجەکان و گەوهەری بزاڤیك کە لە کردارێکی تایبەتەوە هەڵقوڵیوە و هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ دۆخێکی تایبەتدا. هەر تیۆری و هەر پراتیکێ لەهەر دۆخێکی تایبەتدا، چەندین ئامێری هەیە کە لەگەڵ ئەوان تەواو سازگارە. ناتوانین لەمەڕ بەکارهێنان یان رەتکردنەوەی توندوتیژی بڕیار بدەین، مەگەر لە رێگەی زنجیرە

تۆژینەوەیەکی بەرینەوە بۆ دیاریکردنی سازگاری ئەو ـــ نە سازگاری توندوتیژی بەگشتی، بەڵکوو سازگاری یەکێ لە مودێلەکانی ئەو لەگەڵ ئامانجی کردارێکی تایبەت، یان لەگەڵ بزاڤی کۆمەڵایەتی هاوتەرازی ئەو، دەبێ ناسازگاری ئەویش دیاری بکەین و لەم بابەتەوە، ناسازگاری، ئامانجەکان و خۆدی بزاڤ تێکدەشکێنێ یان ئەوان بەرەو ئاراستەیەکی جیاواز لەگەڵ مەبەستی سەرەتا لادەدات.

لێرەدا دووپاتی دەکەینەوە کە بۆ پۆلینبەندی واقعی مۆدێلە جیاوازەکانی پراتیك، ئامانجەکان و ناوەرۆکی بزاڤە کۆمەڵایەتیەکانی، کردارێکی تایبەت دەکەینە بنەما. لەم روانگەوە چوار کرداری خوارەوە لێك جیادەکەینەوە.

ئەلف) تێکۆشانێك کە ئامانجی ئەو گۆڕینی هەندێ لە بەشەکان، دام و دەزگاکان یان مناسباتی کۆمەڵگایە و دەکرێ بە "ریفۆرمی پاژی" ناودێری بکەین. لەم بابەتە تایبەتەدا، چاکسازی پاژی مەبەستە و کەوابوو لە قەوارەی ئەو کۆمەڵگایە سەرتر ناچێ. وادەنوێنێ کە زۆربەی ئەم تیۆری و چالاکییە ریفۆرمیستییانە لە چەندین بواری ئابووری، سیاسی، فێرکاری یان یاساییدا چەق دەبەستن. چاکسازی پاژی زیاتر لەلایەن کارناسان (پسپۆڕانی دەڤەرێکی تایبەت)ـەوە گەڵاڵە دەکرێ، بەڵام ئەوان تەنیا خۆیان لەم کارەدا بەشداری ناکەن. ئەم ریفۆرمە بەگشتی بە سەرەتایەك لە "بزاڤی رەخنەگرانە"لە دژی دام و دەزگا داڕزیوەکان حساب دەکرێت. پێگەی جەماوەری ئەم کارە، لەمەڕ ریفۆرمێکی بەرتەسك، رەنگە بەتەواوی سنووردار بێ و تەنیا بە تێکۆشانی کارناسان کورت بێتەوە، بەڵام زۆرجار وا شتێك روونادات. بەهەر ڕادە بەرئەنگاری لەئاست چاکسازی پاژی بەهێزتر بێت، جەماوەری بەشدار بەرفراوانترن —

لەلایەکەوە بەهۆی ئەو زەخت و فشارە کە دەیخولقێنن و لەلایەکیترەوە لە چەسپاندنی ئەم ڕێفۆرمەدا... لەم بابەتەوە کردەوەی جەماوەر کاتییە و هەر کە چاکسازی بە ئەنجام بگات، دادەمرکێ و نامێنێ. ئەم بزاڤانە (تەنانەت بەپێچەوانەی مەبەستی ڕێبەرانی) ڕەنگە بەئاسانی وەك ئامێری زەخت و گوشار بەکار ببرێن، چونکە ناڕەزایی لە سیستمێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بەرەو گۆڕانی بەرهەست (و هەندێجار پاژی) دام و دەزگاکان ڕێنوێنی دەکەن و لەم ڕێگەوە ئەگەری گۆڕینی سیستمی کۆمەڵایەتی ناوبراو بەڕواڵەت چەسپێندراو پیشان ئەدەن.

ب) دووهەمین جۆری پراتیك، دەیەوێ تێکڕای کۆمەڵگا لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی پاژییەوە بگۆڕێ. ئێمە ئەم کارە بە "ڕێفۆرمی گشتی" ناودێر دەکەین. دەکرێ تیۆریداڕێژانی بزاڤی ڕێفۆرمی گشتی بەوجۆرە پێناسە بکەین کە لەئاست تێکڕای سیستمی کۆمەڵایەتی زاڵ هەڵوێستی ڕەخنەگرانەیان هەیە. ئەوان کارناس نین، یان ئەگەر هەشبن، خۆیان بە کارناسان پیشان نادەن. زۆربەی ئەوان ڕێبەری بزاڤەکانن یان لە پێوەندی لەگەڵ بزاڤەکانی هەموو کۆمەڵگەدا پێناسە دەکرێن. بزاڤەکانی چاکسازی گشتی جەماوەرێکی بەرین ڕێك دەخەن و بەجۆرێك ڕێکخراون کە بزاڤ پاش ئەنجامدانی هەندێ ڕێفۆرمی پاژی ئارام ناگرێت، بەڵکوو بەردەوام "ئەکتیڤ" دەمێنێتەوە. وەك بزاڤەکانی سۆسیال دێموکراسی بەر لە 1914.

ج) سێهەمین جۆری پراتیك لە بزاڤی شۆڕشگێڕانەی سیاسیدا دەچەسپێ. ئامانجی ئەو گۆڕینی بنەڕەتی تێکڕای کۆمەڵگایە کە لە درێژەی ئەودا، گەیشتن بە دەسەلاتی سیاسی، ساتێکی گرنگ و چارەنوسسازە. ئەم بە دەسەڵات گەیشتنە ڕەنگە بە دوا ئامانج حساب بکرێت، هەرچەند لە زۆربەی ئایدیۆلۆژییە شۆڕشگێڕە سیاسیەکاندا، تەنیا دەوری خاڵی دەسپێك دەگێڕێ. پێگەی جەماوەری ئەم بزاڤانە ڕەنگە کەم

تــا زۆر بــەرفراوان بێــت. ئەگــەر ئــەم پێگەیــە بەرتەســك بێــت، ئەگــەری ســەرکەوتن ئێجگــار کــەم دەبێتــەوە. بەپێچــەوانەوە، لــە بزاڤــی سیاســی شۆڕشگێڕانەی سەرکەوتوودا، پێگـەی جـەماوەری خەسـڵەتێکی دوالیتـەی هەیە. هێزی ڕێبەری بزاڤەکە زیاتر کەمینەیەکە (ئلیتانی شۆڕشگێڕ) کە لـە ئـەنجامی هــەر کارێکـدا، لێبڕاوانــە هــەموو مەترســیەکان قــەبوڵ دەکـات. ئەڵبەت بە پشتیوانی و بە داکۆکی جەماوەر. بەڵام هەر کە بە ســەرکەوتنی سیاســی گەیشــت، لــەناکاو بزاڤــی پاشەکشــە دەســت پێــدەکات. چــالاکی جــەماوەر لاواز دەبــێ و تووشــی وەســتان و پاســیڤیزم دەبێــت. هــەموو شۆڕشە سیاسییەکان کە لەنێو کۆمەڵگەی بورژوازیدا روودەدەن هـەر ئـەم ڕەوتــە دەپێــون (شۆڕشــە سیاســییەکان تــەنیا لــە چوارچــێوەی وەهــا کۆمەڵگەیەکـدا بــەرپا دەبــن). باشــترین و ڕەســەنترینی ئــەم شۆڕشــە سیاسییانە ژاکوبنیزمی فەرانسیە.

بۆ دەرکی باشتری ئەم بزاڤە دەبێ وتـە بەناوبانگەکـەی مـارکس وەبـیر بێنینەوە، ئەو دەڵـێ: لـە [بـیری] کەسێکدا کـە لـە کۆمـەڵگای بورژواییـدا بەســەر دەبــات، بــورژوا لــە شــارۆمەند، جیادەبێتــەوە. ژیــانی ئاســایی، "سروشـتی" مرۆڤـی کۆمەڵگـەی بـورژوایی، ژیـانی تـاکی بورژوایـە، ژیـانی مرۆڤێکی ئیزولەیە کە بۆ بەرژەوەندی خێـرای خـۆی، خـەبات دەکـات. زۆر ڕۆشنە کـە ئەمـە ژیـانێکی لەخۆنامۆیـە، چـونکە بـورژوا — بەتایبـەت— لـە چــالاکی کۆمەڵگــە دەســت هەڵــدەگرێ. ژیــانی شــارۆمەندانەی ئــەویش لەخۆنامۆیە، چـونکە تێکۆشـانی ئـەو لـە بـواری سیاسـیدا، ئـەو لـە ژیـانی ڕۆژانە — زیاتر لە هەر شتێ لـە ژیـانی ڕۆژانـەی خـەڵکیتر و، هـەروەها لـە ژیانی شارۆمەندی تایبەتی خۆی — جیادەکاتەوە. ئەم دابڕانە نە لە ئینتما بـۆ شۆڕشــی سیاســی لــەنێو دەچــێ و نــە لــە پراتیکــی بەرهــەمی ئــەم ئینتمایـەدا. شـێوەی ژیـان، ڕەوتـی ژیـانی مرۆڤـەکان هـەر وەك پێشـوو دەمێنێتەوە. کـەوابوو جێگـەی سەرسوڕمان نییـە کـە کـاتی گەیشـتن بـە دەسـەڵات پێگـەی جـەماوەری بەرتەسـك بێتـەوە و تەنانـەت لـەنێو بچـێ.

زۆرینەی خەڵك دەچنەوە باوەشی ژیانی بورژوایی. بەڵام کەمینە، لە ئلیناسیۆنی ژیانی شارۆمەندیدا، یەخسیر دەبن. بە وتەی ئنگلس: دەسەڵاتی بورژوازی جێگەی دەسەڵاتی ئەقڵ دەگرێتەوە (ئانتی دورینگ).[148]

د) چوارەمین جۆری پراتیك، پراتیکی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵایەتی بەرفراوانە. ئەم جۆرە پراتیکە لە هەمان حاڵدا شۆڕش لە شێوە ژیانیش دایە. هەرکات کە شۆڕشی شێوە ژیان لە کاردا بێت، پێگەی جەماوەری بزاڤەکان بەردەوام بەرینتر دەبێتەوە. ئەم شۆڕشە، بەشێوەی دەشندە چین و توێژی بەرفراوانتر لەبەر دەگرێت کە شێوەی ژیانیان بە هۆی

148 "... بیرمەندانی سەدەی هەژدەهەم، ئەم پێکهێنەرانەی شۆڕش، ئەقڵیان بە تاقە داوەری هەموو شتەکان دەزانی. دەبوو دەوڵەتێکی ئەقڵانی و کۆمەڵگەیەکی ئەقڵانی پێکبێت، ئەو شتەی کە لەگەڵ ئەقڵی هەمیشەیی دژواز بووبا، دەبوو بێڕەحمانە نابووت بکرێت... ئەڵبەت ئەم ئەقڵە هەمیشەییە بێجگە لە ئەقڵی رازێندراوی چینی ناوەڕاست کە بەرەو بورژوازی دەگۆڕا، شتێکیتر نەبوو. بەڵام کاتێ شۆڕشی فەرانسا ئەم کۆمەڵگا ئەقڵانیو دەوڵەتە ئەقڵانییەی پراکتیزە کرد، ئەو دام و دەزگا تازەیە، هەر چەندەش لە بەراورد لەگەڵ دۆخی پێشوو ئەقڵانی بوون، بەڵام ئاشکرا بوو کە هەرگیز بەشێوەی رەها ئەقڵانی نین، دەوڵەتی ئەقڵانی بەتەواوی هەڵشکابوو، پەیمانی کۆمەڵایەتی رۆسۆ لە حکومەتی ترۆردا پراکتیزەکرا... کۆمەڵگەی ئەقڵانیش چارەنووسێکی باشتری پەیدا نەکرد. لەجیاتی ئەوەی کە ناکۆکی نێوان دەوڵەمەند و هەژار بە گەشەی سامان و ئاسایشی گشتی چارەسەر بکرێت، زیاتر بووبوو.... گەندەڵی جێگەی سەرکوتی زەختاوی گرتەوە، لەجیاتی شمشێر وەك بەرزترین ئامێری دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، پووڵ جێگیر بوو. لەشفرۆشی بە رادەیەکی زۆر پەرەی سەند. ژیانی هاوبەش کە وەك رابردوو، شکڵی یاسایی قەبوڵ کراوو وەك سەرپۆشی رەسمی لەشفرۆشی مابۆوە، لەگەڵ زنای روو لە زیاد بوون گەشەی کرد. بەکورتی، ئەو دام و دەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە "سەرکەوتنی ئەقڵ" پێکی هێنا، لە بەراورد لەگەڵ قەوڵ و بەڵێنی فریوکارانەی بیرمەندانی سەردەمی رۆشنگەری وەك کاریکاتۆرێکی خەمهێنەر دەرکەوتن..."

بەشداری لەم بزاڤەدا، تووشی گۆڕان دەبێت. هەر بەمهۆیە، شۆڕشەکانی شێوە ژیان، لە داهاتویەکی مێژوویی نزیکدا، ڕووئەدەن و پاشگەزبوونەوەیان بۆ نییە. لە مێژووی ئەوروپادا، مەسیحیەت و، لە هەندێ ولاتدا، چاخی رنێسانس نمونەی ئەم جۆرە شۆڕشانەیە لە شێوە ژیاندا.

بەلام ئەگەر ئێمە گوتومانە شۆڕشی کۆمەلایەتی بەرفراوان، هەمیشە شۆڕش لە شێوەی ژیانیش دایە، مەبەستمان ئەوە نەبووە کە شۆڕشەکانی شێوە ژیان، هەمیشە شۆڕشی کۆمەلایەتی بەرفراوانن. بەپێچەوانەوە دەتوانین بە دلنیاییەوە بلێین کە مێژوو تا ئەم سەردەمە هێشتا شۆڕشێکی لە شێوە ژیاندا بەخۆوە نەدیوە کە شۆڕشێکی کۆمەلایەتی بەرفراوان، وشیارانە و هەلگری هەموو بوارەکانی کۆمەلگا، هەر لە ژیانی ئابووری تا بواری سیاسەت و فەرهەنگ بووبێت.

مارکس سەرەڕای ئەمەش، بزاڤی کۆمۆنیستی لە قالبی وەها کردارێکی شۆڕشگێڕانەی بەرفراواندا پێشان داوە. ئەلبەت ئەو پشتی بە بەراوردکردنی مێژوویی نەبەستووە. بۆوەی کە بزاڤی کرێکاری لە ناخی کۆمەلگەی بورژواییدا گەشە دەکات، بەناچار قۆناغی شۆڕشی سیاسی لە پێش دایە– چونکە دەبێ دەسەلاتی سیاسی بەدەس بێنێ. بەلام لە روانگەی مارکسدا شۆڕشی سیاسی تەنیا قۆناغێکە و بەس، چونکە ئەو رزگاری مرۆڤ لەئاست رزگاری سیاسی پەتیدا دادەنێت. ئێمە ناتوانین لێرەدا ئەم پرسە بەدرێژی شرۆڤە بکەین، تەنیا ئەم بنەمایە گەلالە دەکەین کە شۆڕشی کۆمەلایەتی بەرفراوانی مەبەستی مارکس، لە هەمان قۆناغی سەرەتاییدا، پێویستی بە هەلچوون لە پێکهاتەی بورژوایی تیۆری و پراتیك هەیە. بەپێچەوانەوە، هەر سێ پراتیك کە لە سەرەوە راڤەکران – چ رێفۆرمی پاژی، یان رێفۆرمی گشتی، یان شۆڕشی سیاسی– سێ جۆر تیۆری و پراتیکی [ریفۆرمیستی] و شۆرشگێڕانەن کە لەگەل پێکهاتەی بەرهەمهێنانی بورژوایی سازگارن.

ئێستا با بزانین کە کرین، چەسپاندن یان تێکۆشان بۆ چەسپاندنی "کالا تیۆرییەکان" — لە سێ بابەتی یەکەمدا— بەرەو کوێ دەڕوا و چ ئامانج و مەبەستێکیان هەیە.

گەشەی داخوازی بۆ "کالای تیۆری" پیشاندەری هەبوونی نیازێکە[149] ئەگەر بەکارهێنانی رووتی فەرهەنگی لابەرین، ئەوجار تێدەگەین کە ئەم تیۆرییە کۆمەلایەتییە جۆرێک پێویستی دەرك یان بەیان کردووە— پێویستییەك کە بەناچار تیۆریك نیە.

بۆ ئەوەی کە بتوانین توێژینەوەکەمان بەم ئاراستەیەدا سەربخەین، بەکورتی مانای "نیازی کۆمەلایەتی" شرۆڤە دەکەین. ئەلبەت هەرچەند کە لە بەرهەمەکانی ئێمەدا چەمکی نیاز زۆر بەکاردەبرێت، بەلام پێناسەکردنی ئەو ئێجگار دژوارە و هەروا ئالۆز و تەماوی ماوەتەوە.

نیاز، ویستی وشیارانە، ئینتما، ئارەزوویەکە کە بەردەوام بەرەو بابەتێك مەیلی هەیە و بەمهۆیە تێکۆشانێك دەبزوێنێ. ئەم بابەتە بەرهەمێکی کۆمەلایەتییە. ئەمە کە وەها بابەتێك کالای مەسرەفی بێت، یان جۆرێك شێوەی ژیان، یان تەنانەت "مرۆڤێکی تر"، بە هەر حال لە نێوان بەرهەستبوونەوەی[150] کۆمەلایەتی و نیازە کۆمەلایەتییەکاندا پێوەندییەك گەلالە دەبێت. بەرهەستبوونەوە کۆمەلایەتییەکان، پێویستییەکانی کەسانێکی زیندوو لە کۆمەلگەیەکی تایبەت و لەنێو توێژێکی کۆمەلایەتی تایبەتدا "گەلالە" و دیاری دەکەن. کەوابوو نیاز، تاکیە (تەنیا تاکەکان وشیارانە مەیل و ئارەزوویان بۆ شتێك هەیە) لە هەمان حالدا کۆمەلایەتیە (هەر نیازێك بەشێوەی بەرەهەستبوونەوەی کۆمەلایەتی دەردەکەوێت). "نیازی سروشتی" بوونی نییە. بەمجۆرە بۆ وێنە هەوا بۆ ئێمە نیاز نییە بەلکوو هۆکارێکی ژیانبەخشە. بەلام خواستنی

[149] Besoin.
[150] Objectivation.

هەوای خاوێن لەجیاتی هەوای پیس نیازێکە. سەرەڕای ئەمەش دەبێ لەنێوان "نیاز حەیاتییەکان" و "نیازە ئینسانییەکان"دا جیاوازی دابنێن.

"نیازە حەیاتییەکان" یان نیاز بۆ "مانەوە" چەند پێویستییەکی ئانتۆلۆژیکن، چونکە بە وزەبەخشین بە ژیان، بەردەوامی پێدەبەخشن. ئەم جۆرە نیازانە بریتین لە: نیاز بە خواردن، نیازی سێکسی، نیاز بە تێکۆشان، نیاز بە پێوەندی و هاوکاری کۆمەڵایەتی. بەڵام ناشکرێ ئەم نیازانە لە ریزی نیازە "سروشتی"یەکاندا لەقەڵەم بدەین، چونکە ئەوان وەك نیاز، ئێجگار بەرفراوان و هەمەلایەنەن و تەنیا لە بوارێکی کۆمەڵایەتی تایبەتدا مانایان هەیە. هەر بەمهۆیە، بۆ نموونە، تەنانەت بۆ نیازەکانی خواردنیش ناکرێ "رێژەیەکی سروشتی" دیاری بکەین. وەك دەزانین لە هەندێ هۆزی ئافریقادا بەکاربردنی کالۆری ئێجگار کەمتر لەو رێژەیە بوو کە ئێمە بە پێویستی دەزانین، بەڵام ئەو کەسانە، لە بەراورد لەگەڵ قۆناغی گەشەی تایبەتی خۆیاندا، تووشی کەم خۆراکی نەبوون. کەم خۆراکی تەنیا وەك بەرئەنجامی لێکترازانی هاوکێشی کۆمەڵایەتی دەرکەوتووە. دەتوانین بیسەلمێنین کە بەگشتی، پێکهاتەی کۆمەڵگەی سەرەتایی، بەگشتی نیازەکانی مانەوەی دابین و مسۆگەر کردووە. رێژەی ئەم دابینکردنە بەهۆی سروشتەوە دیاری کراوە: لەو شوێنەدا مردنی بەکۆمەڵ، بەهۆی رووداوە سروشتیەکانەوە رووی داوە. بورژوازی یەکەم کۆمەڵگەیە کە بە هۆی سروشتی پێکهاتەی خۆیەوە چینە کۆمەڵایەتییەکان بەتەواوی ناچار بە خەباتی رۆژانە دەکات تا نیازەکانی مانەوەیان دابین بکەن. ئەم دۆخە لە سەردەمی پاشەکەوتی سەرەتایی سەرمایە تا سەدەی بیستەم لە ئەورووپا زاڵ بووە و ئیستاکەش لە جیهانی سێهەمدا زاڵ بووە. مارکس بەم مەبەستە گوتویە چینی کرێکاری سەردەمی ئەو وەك چینێکی "بێنیاز"ی لێهاتووە، یان تەنانەت نیازەکانی حەیاتی تا ئاستی شێوەحەیوانی دابەزیون.

"نیازی ئینسانی" راستین، لەئاست "نیازە حەیاتییەکان" بەرەو چەن ئامانجێك دەئاژوون کە بزوێنەرە سروشتییەکان، لەواندا دەوری راستەوخۆ نابینن. لەوانە حەسانەوە کە بۆ بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار پێویستە، چالاکی فەرهەنگی، بیرکردنەوە، عیشق، دۆستی، ئینتما بۆ پشکووتنی هەمەلایەنە، نیاز بە ئەخلاق. هەروەها نیازە ئینسانییە لەخۆنامۆکانیش وەك پارە، دەسەلات، داگیرکردنیش نیازی لەم جۆرەن. لە کاتی پەرەگرتنی بورژواییەوە — هەر لەوکاتەوە کە خەباتی چینی کرێکار تەنیا بە خەبات بۆ دابینکردنی نیازە حەیاتییەکانی تەرخان بووە — نیازە ئینسانییەکان، نیازی لەخۆنامۆن. لە کۆمەڵگەی بورژوایی مۆدێرندا (لانیکەم لە ئەورووپا و ئەمریکا) تاقە گۆڕان لەم پرسەدا شاراوەیە کە زاڵبوونی نیازە مرۆڤیە لەخۆنامۆکان، لەسەر چەندین چین و توێژی کۆمەلایەتی بەرفراوان و هەروەها چینی کرێکار پەرەدەگرێت.

ئەو نیازە مرۆڤییانە کە لەخۆنامۆ نین، نیازی چۆنین. گەشەی ئەوان — لە بواری فاکتی ئۆبژکتیڤدا — بە پاشەکەوتی بێسنووری ئەوان دیاری ناکرێت، بەڵکوو بە گەشە و بەرینبوونەوەی ئەوان — ئەو شتەی کە مارکس بە "ساماندارى" ناودێری کردووە — دیاری دەکرێ. لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە جیاوازی نێوان نیازە حەیاتییەکان و نیازە مرۆڤییە رەسەنەکان رێژەییە. رەنگە نیازە مرۆڤییە رەسەنەکان هەندێ جار هەندێ لە نیازە حەیاتییەکان بەرەو خۆ رابکێشن. وەك نیازی ژن و پیاو بە یەکتر. بەپێچەوانەوە، نیازە ئینسانییە لەخۆنامۆکان، نیازی رێژەیین. یانی لە پراتیکدا هەرچەندە زیادبکرێن و لەسەر یەك کەڵەکە بن بەدەگمەن بە "ئاستی رەزامەندی" دەگەن. تەنیا هۆکارێك دەتوانێ لەئاست کەڵەکەبوونی لەرادەبەدەری نیازە رێژەییەکان — نیزە لەخۆنامۆکان —دا راببوەستێ: سەرهەڵدان و سەربوونی نیازە چۆنییەکانە. لەم بابەتەوە بۆچوونی مارکس لە کۆمۆنیزم زیاتر ئەم پرسە رۆشن دەکاتەوە: ئەو کۆمۆنیزمی بە پرۆسەیەکی کۆمەلایەتی زانیوە کە لە درێژەی ئەودا، نیازە

حـەیاتی و لـەخۆنامۆکان (نیـازی ڕێـژەیی) زیـاتر لـە پێشـوو دەچـنە ژێـر دەسەڵاتی نیازە ئینسانییە ڕەسەنەکان (نیازی چۆنی).

پاش ئەم باسە پێویستە، دەگەڕێنەوە بۆ بابـەتی مۆدێلـە جیاوازەکـانی تیۆری و پراتیك. گوتمان کە کارکردی پراتیکی تیۆری لەوە دایە کە تیۆری دەتوانێ نیازەکانی سەردەم "ڕۆشن بکاتەوە". بەڵام بۆ دەبێ ئەم نیازانـە "ڕۆشن بکەینەوە"؟

نیـازە ئینسـانییەکانی کۆمەڵگەیـەکی تایبـەت لـە بەرهەسـتبوونەوەی زەقـــی هـــەموو چـــاخ و ســـەردەمەکاندا، دەردەکـــەون هـــەر ئـــەم بەرهەستبوونەوەیە کە سنوورەکانی بزاڤ و نوێبوونەوەی نیازەکـان دیـاری دەکات. لە دوا پلەدا، ئەم پرسە لەمەڕ کۆمەڵگەی بورژواییش ڕاستە، بەڵام پێویستی دولایەنەی نیازەکان و بەرهەستبوونەوەکان لەم کۆمەڵگەیەدا لـە کۆمەڵگـە نـا"پـەتی" ییـەکانی پێشـوو ئێجگـار ئـاڵۆزترە. ئێمـە پێشـتر ئاماژەمـان بـە یـەکێ لـەم ئاڵۆزییانـە کـردووە: تـەنیا کەڵەکـەبوونی نیـازە چـەندییەکان هـەر لـە سـەرەتای کۆمەڵگـەی بورژواییـەوە ڕۆڵـی سـەرەکی دەگێڕێ. بەڵام ئەم کارە تەنیا یەکێ لە بەرئەنجامەکانی هێزێکی بزوێنەری گەورەترە: سەرمایەداری لە جەوهەری خۆیدا، یەکـەم کۆمەڵگـەی ئەکتیڤـە کە لەودا، بەدوای خێرایی سەرسوڕهێنەری بەرهەمهێناندا نە تـەنیا ڕێـژەی کاڵا مەسرەفییەکان زیاد دەبێت، بەڵکوو هەروەها — بەشێوەیەکی خێراتـر لە پێشوو —چەندین شت و مەکی تازە و نیازی تازە دەخولقێنێ. هەروەها بورژوازی ، یەکەم کۆمەڵگەی "کراوە"یە کـە لـەودا نیازەکـان، تایبـەت بـە چەن چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی لە پێشدا دیاریکراو نیـە. ئەگـەر بابـەتی نیازێك لە بەرهەستبوونەوەی کۆمەڵایەتیدا دەرکەوێت، بەخێرایی دەتوانـێ —لانیکەم لەرووی تیۆرییەوە— وەك نیازێکی گشتی دەرکـەوێت، سـەرەڕای ئەوەی کە دەرەتانی دابینکردنی ئەویان هەیە یان نا. ئەم پرسە نـە تـەنیا نیازە چەندییەکان، بەڵکوو لەمەڕ هەموو نیازەکـان ڕاسـتە. کـەوابوو ئـەوە

تەنیا پێکهاتەیـەکی یەکدەسـت لـە نیازەکـان نیـە کـە لـە نـاخی سیسـتمە بەرهەستبوونەوەکان (و هەروەها بەها) یەکدەستەکاندا "جـێگیر" کـراوە، بەڵکوو لەنێوان ئەو نیازانەدا کە بەشـێوەی ناهـەموار بەرهەسـت دەبنـەوە دەرفـەتی بـژاردنی –لانیکـەم تیۆریـك هەیـە. کـەوابوو، دابینکردنـی چـەن ئاستێکی بەرفراوان لەو نیازە تاکییانەی کە لەگەڵ یەکتر جیاوازن ئیمکانی هەیە. هەروەها بورژوازی یەکـەم کۆمەڵگایـە کـە لەسـەر چـەندین کۆمـۆنی ئورگانیك[151] رانەوەسـتاوە، تاقـە کۆمـۆن، لێـرەدا، بـازاڕە. بـەمجۆرە، لـە کاتێکا لە کۆمەڵگەکانی پێشوودا، ئاستی بـەهای پەیوەسـت بـە نیازەکـان کە لە ناخی کۆمۆنەکاندا شکڵیان دەگـرت تـاکیش ناچـار بـوو ئـەو نـۆرم و نەریتە قەبوڵ بکات کە کۆمۆن بەسەر ئەودا دەیسەپاند، پاش پەیـدابوونی کۆمەڵگـەی بـورژوایی، ئـیتر ئـەم کـارە ئیمکـانی نـەبوو: لـە بەسـتێنی نیازەکانیشدا مناسباتی فرەنێوەنجی[152] لـەجیاتی مناسـباتی کۆمەڵایـەتی راستەوخۆ جێگیر بوون.

ئەندامی کۆمۆن پێویستی بـەوە نـەبوو کـە بـۆ "رۆشـنکردنەوەی" ئـەم نیازانە تێبکۆشێ. ئەو نیازەکـانی تاکـەکانی کۆمەڵگـەی خـۆی بەسـادەیی دەناسی، ئەو پێویستییانەی کە ئەو– بەپێی توانای تیۆریکی خـۆی — لـە هەر ئاستێکدا، بەشێوەیەکی کەم تا زۆر قـووڵ و گونجـاو بـەیانی دەکـرد. بەڵام ئەو کاتەش کە پێویستییەکانی کۆمەڵگەیەکی دیکەی بـەیان دەکـرد، ئەم کارەی بـەپێی ئـەو پێویسـتییانە کـە کۆمـۆنێکی دیکـە پێشـتر دیـاری کردبوو، ئەنجام ئـەدا. ئـەم خاڵـە ئەوەنـدە کـە لەمـەڕ تومـاس ئاکوینـاس راستە ئەوەندەش لەمەڕ ئەفلاتوون راستە. لـە بەرانبـەردا، لـە کۆمەڵگـەی سـەرمایەداریدا کـە تێیـدا کۆمـۆنی ئورگانیـك نیـە و تیۆریسـیەن — وەك کرێکـاری فکـری– زیـاتر لـە پێشـوو دەبێتـە پێـڕەوی وەهـا سیسـتمێکی

[151] Cmmunautes organiques.
[152] Multi- Mediatisee.

دابەشبوونی کار، کە لەودا بەیانی راستەوخۆی پێویستییەکان کە لەگەڵ بەرهەستبوونەوەی بەستێنی سازگار بێت گەشە دەکا، ئیمکانی نیە. هەر بەمهۆیە تیۆریسیەن دەبێ لە دیدگای تایبەتی خۆیەوە دەس پێ بکا، و بەشێوەی تاکی کۆمەڵگەی خۆی شرۆڤە بکاو تیۆری خۆی دابڕێژی، تەنیا لەپاش ئەنجامی ئەم کارەیە کە — لە بازاڕدا— روون دەبێتەوە کە ئایا لە روونکردنەوەی نیازەکاندا سەرکەوتوو بووە یان نا، و سەرئەنجام ئایا لە بەیانی ئەو نیازانەدا بە ئاکام گەیشتووە یان نا. کەوابوو کاتێ کە بەرهەستبوونەوەی ناهەموار، نیازەکان دیاری بکات، پانتایی بژاردنی تیۆرسیەنیش — لانیکەم بەشێوەی تیۆریك — بەرین دەبێتەوە. بژاردنی وشیارانەی بەهاکان... دەتوانێ لە چارەنووسی تایبەتی تیۆریدا رۆڵی بنەڕەتی بگێڕێ: ئایا دەیکڕن یان نا، پراکتیزەی دەکەن یان نا، کام چین و توێژ پراکتیزەی دەکەن؟ دەرکی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی — بەتایبەت ئەگەر ئەم پێکهاتە قووڵ و ئاڵۆز بێت— رەنگە بەم دژوازی[153] یە بگات کە هیچ توێژێکی کۆمەڵایەتی، بەیانی نیازەکانی خۆی لە تیۆریدا ناناسێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو تیۆرییە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو سازگار بێت. لەوانە چارەنووسی لویاتانی هابز[154] وابوو. هەر وەها رەنگە ئەم کارە بە دۆخێکی بە هەمان رادە دژواز بگات کە لەودا چەن توخمێکی تیۆری پراکتیزە دەکرێن، جەماوەری دەبنەوە (لەگەڵ چەن نیازێکی گرنگ و حەیاتی سازگارن) بە بێ ئەوەی کە هەموو ئەو سیستمە تیۆریکە بچەسپێندرێت. (وەك چارەنووسی مارکسیزم، لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەم بەملاوە). سەرئەنجام — پاش گەشەکردنی بورژوازی، تەنیا نیازە رێژەییەکان، نیازە حەیاتییەکان رۆڵی دیاریکەر دەگێڕن— ئەو

[153] Paradoxe.

[154] Hobbes، بیرمەندی ئینگلیزی (1588–1679). لە کتێبی لویاتان دا تیۆری فەلسەفی و سیاسی خۆی شرۆڤەدەکات کە بەپێی ماتریالیزمی مکانیکی پێکهاتووە.

تیۆرییانەی کە بەخێرایی پراکتیزە دەکرێن، ئەوانەن کە ئەم نیازانە بەیان دەکەن، یان چەن توخمێك لەوانە کە ئەم نیازانە دەردەخەن.

ئێستا دەبێ پێوەندی چوار رەوتی پراتیکی باسکراو لەگەڵ دنیای نیازەکان و لەگەڵ ئەو تیۆریانەی کە ئەم پێویستیيانە بەیان دەکەن بەکورتی راڤە بکەین.

تیۆرییەکانی چاکسازی پاژی و بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانی سازگار لەگەڵ ئەو، هەر لەسەر بنەمای نیازە کۆنەکان بەیان و فۆرمولە کراون دەیانەوێ هەر ئەم نیازانە دابین و رێبەری بکەن و لەگەڵیان زیاترین سازگارییان هەیە. ئەم تیۆرییانە زیاتر وەك سوپاپ رۆڵ دەبینن کە لەئاست شۆڕش و ئاخێزەکاندا دەکرێنەوە و لە کەڵەکەبوونی قین و نەفرەت و بێزاری پێشگیری دەکەن. ئەم تیۆرییانە و ئەم جۆرە بزاڤانە، بەردەوام نیازە چەندییەکان و "نیازەکانی مانەوە" بەیان دەکەن. بەمجۆرە، لەبەر ئەوە کە ئەم تیۆرییە، بەشێوەی ئیزولە دەمێنێتەوە، بەشێوەی ئۆرگانیك کۆمەڵگەی باسکراو پاساو دەدا و لەودا دەتوێتەوە و سەرئەنجام بەکردەوە وەردەگیرێ و هەمان کۆمەڵگا سەرلەنوێ بەرهەم دێنێتەوە. پێوەندی نێوان تیۆری و پراتیك لە مکانیزمی بەرەهەمهێنانی کاڵاکان پێرەوی دەکات. لە بابەتێکدا کە تیۆری رێفۆرمی پاژی خواستێك دابین دەکات، [خواستێکی نزمە و] دەرفەت و دەرەتانی سیاسی و مادی دابین کردنی ئەوی هەیە.

تیۆرییەکانی چاکسازی گشتیش هەر نیازەکانی پێشوو ئاراستە دەکەن، بەڵام ئەم کارە وشیارانە ئەنجام ئەدەن. بزاڤەکان و راگەیاندنی ئەوان ... لە هەمان حاڵدا کە ئەم نیازانە بەگشتی گەڵاڵە دەکەن، چەندین نیاز بۆ جەماوەر "فەراهەم دەکەن" کە تا ئێستا لای ئەوان نەبوون، ئەوان لە بوون و نەبوونی ئەوانە ئاگادار نەبوون. هەر ئەم بەرهەستبوونەوەیە —

تا ئەو شوێنە کە بەرەو گۆڕینی هەموو کۆمەڵگە دەئاژوون — دەتوانن وەك پردێك بەرەو نیازە تازەکان دەور ببینن. سەرەڕای ئەمەش ئەم نیازانە، پێکهاتەیەکی یەکدەست و ئۆرگانیك دروست ناکەن. کاریگەری و بڕشتی تیۆری لە بواری ڕێکخستندا بەتایبەت لەو شێوازەدا ئاشکرا دەبێ کە تیۆری، ناکۆکی نێوان وجودی پەتی چینێك لەگەڵ نیازەکانی ئەو... بەیان دەکات. ئەو نیازە دابین نەکراوانە کە تیۆری باسیان دەکات، لە پلەی یەکەمدا، نیازی حەیاتین و تەنیا لە پلەی دووهەمدا نیازی چەندین، و تەنیا هەندێ جار نیازی چۆنین. لێرەدا پێوەندی تیۆری و پراتیك بەتەواوی لەگەڵ مۆدێلی بەرهەمهێنانی کالایی سازگارە(گرووپی کارناسان لەم بزاڤانەدا هیچ ڕۆڵێك ناگێڕن). گەشە و پەرەگرتنی داخوازی کەم تا زۆری تیۆری دیاری دەکا و لە پراتیکدا ناچاری دەکات بەر لە هەر شتێ بەرەو نیازە حەیاتی و ڕێژەییەکان بچێت: لەم حاڵەدا مناسباتی بورژوایی نێوان تیۆری و پراتیك چارەسەر نابن. کەوابوو ئەم جۆرە بزاڤانە جۆرێك نزیکی لەگەڵ یەکەم پلەی تیۆری و پراتیك ئاراستە دەکەن. ئەو بزاڤانەی کە بۆ چەسپاندنی ڕیفۆرمی پاژی ئینتمایان هەیە، چەمکی سەرەتایی ڕیفۆرمی گشتی ئالۆز دەکەن. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، بزاڤەکانی سۆسیال دیموکراتی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم ڕێك وەها ڕەوتێکیان پێواوە.

ڕەوتی سێهەم تیۆری و بزاڤی سیاسی شۆڕشگێڕانە— ئەوکاتەی کە لەسەر جیایی پێکهاتووی نێوان بورژوا و شارۆمەندی کۆمەڵگەی بورژوایی پێکدێت — لەمەڕ پرسی دارشتنی نیازەکان، دەس دەداتە مەزەندەیەکی دوالیتە. ئەوان تێناکۆشن تا جەماوەر لە دنیای نیازە "تایبەت"ـەکانی کۆمەڵگەی بورژوایی جیابکەنەوە، ڕێکخستنی جەماوەر هەروا لەسەر بنەمای پێکهاتەی نیازەکانی کۆمەڵگەی بورژوایی دەچێتەپێش. سەرەڕای

ئەمەش، گرنگی زۆر بە هەڵخڕاندنی هەست و سۆز[155] ئەدەن. بەڵام ئەم هەست و سۆزە ڕێکخراوانەش، ناتوانن (لانیکەم لە ئاستی جەماوەردا) لەو هەستانەی کە لە ناخی کۆمەڵگەی بورژوازیدا بارهاتوون، جیاواز بن. ڕێك هەر ئەم رووهێنانە بۆ نیاز و هەست و سۆزەکانی کۆمەڵگەی بورژوایی، یەکێ لە هۆکارە گرنگەکانی پرۆسەیەکی نموونەییە کە پێشتر ئاماژەی پێکرا: دامرکانی بزاڤی جەماوەری لە قۆناغی پاش گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی. ئێمە هەروەها دەزانین کە ڕێبەری بزاڤی شۆڕشگێڕانەی سیاسی، شارۆمەندێکی ئلیتە. تاکی ئلیت ناتوانێ دەور و کارکردی سیاسی هەبێت مەگەر ئەوە کە – بە ویستی خۆی و لانیکەم بەشێوەی کاتی– لە هەندێ لە نیازەکانی خۆی دەس هەڵگرێت. ئەم چاوپۆشی – ریازەتکێشییە شۆڕشگێڕانە– یە دەتوانێ مایەی دڵگەرمی چەندین کرداری قارەمانانە بێت، کە سپاس و ستایشی خەڵك هەڵخرێنێت. کەوابوو، بەرهەستبوونەوەی پراتیکی شۆڕشگێڕانەی سیاسی، پێویستی گۆڕینی پێکهاتەی نیازەکان دێنێتەئاراوە. بەڵام سەرەڕای ئەمەش، ئەم کارە گەلێ کێشەی لاوازی هەیە. لە پلەی یەکەمدا ئەم سیستەمە دووپارچەیەی نیازەکان، ناکۆکی نێوان بورژوا و شارۆمەند لەنێو نابات بەڵکوو بەپێچەوانەوە، بەهێزی دەکات. هەروەها، ئەم سیستەمەی نیازەکان کە لە ناخی کۆمەڵگەی بورژواییدا هەڵقوڵیوە و پێکهاتووە، تەنانەت لای شارۆمەندیش برەوی هەیە و تەنیا دابینبوونی نیازەکانی ئەمرۆ فەراهەم نەبووە و بۆ داهاتوو دانراوە. سەرئەنجام ئەم سیستەمە دوالیتەی نیازەکان بەشێوەیەکی ئێجگار کاریگەر لەسەر یەکێ لە نیازە گرنگەکانی کۆمەڵگەی بورژوازی رادەوەستێ: نیازی دەسەڵات. هەر بەمبۆنەوەیە کە ریازەتکێشی تاکی ئلیت نە هەر ناتوانێ لەئاست ئلیناسیۆن زاڵ بێت،

[155] Passions.

بـەڵكوو لـەوەش خـراپتر – و بەپێچـەوانەی هـەموو قارامانگـەری خـۆی– بەردەوامی پێدەبەخشێ.

هەموو ئەم خاڵانە پیشان ئـەدەن کـە بزاڤـی شۆڕشـگێڕانەی سیاسـیش پێکهاتەی مناسـباتی تیـۆری – پراتیکـی کۆمەڵگـەی بـورژوایی بەشـێوەی بنەڕەتی ناگۆڕێت. جارێکی تر تیۆری لەسەر نیازەکانی پێشوو دادەڕێـژرێ و لەو ئاستەشدا کـە بـۆ دروسـتکردنی نیـازە تازەکـان – نیـازی چـۆنی – تێدەکۆشێ، ئەم هەوڵـەش رێـك وەك هەوڵـەکانی بزاڤـی چاکسـازی گشـتی جێگەی بڕوا نیە و بە پێکهاتەیەکی تۆکمە لە بـەهاکان ناگـات. لـە ئاکامـدا تەنانــەت لــەم رەوتەشــدا تیــۆری دەبــێ لەگــەڵ نیازەکــانی کۆمەڵگــەی بورژوایی خۆی رێك بخات – هەم بزاڤی جەماوەری و هـەم تـاکی ئلیتـیش – تەنانەت ئەگـەر بەشـێوەیەکی جیـاوازیش بێـت دەبـێ خـۆ رێـك بخـەن. چارەنووسی ئایدیۆلۆژی ژاکوبنی، یەکێ لە هۆکارە ئاشکرا و ناسـراوەکانی ئـەم رەتەیـە. هـەر بەمهۆیـە، بزاڤـی شۆڕشـگێڕانەی سیاسـی، لـە ژیـانی رۆژانەدا و لە سیستمی نیازەکانی جەماوەردا گـۆڕانێکی قـووڵ و بنـەڕەتی ناخولقێنێ.

کەوابوو، بزاڤی شۆڕشگێڕانەی بەرفراوان نە دەتوانێ بەو شێوەیە کە لە سەرەوە باسکرا، دەرکەوێ و نە "سەرکەوێ". بۆیە وشەی "سـەرکەوێ"م لەنێو گیومە داناوە چونکە سـەرکەوتنی بزاڤـی شۆڕشـگێڕانە کـە هـەموو کۆمەڵگا بگرێتەوە، لە کاتێکی تایبەتدا ڕوونادات. ئەم سەرکەوتنە هـەرگیز تاقە کارێك یان کۆمەڵە کردارێك نییـە بـەڵکوو هەمیشـە جۆرێـك پرۆسـەیە. ئەویش وەها پرۆسەیەك کـە خـودی مرۆڤـەکان – جـەماوەری بـەرفراوان– دەیبەنە پێش. لە بزاڤی شۆڕشگێڕانەی بەرفراواندا تێکڕای کۆمەڵگا خودی مرۆڤــەکانن – کــە لــە درێــژەی گەشــەی بــەردەوامی ئوبــژکتیڤ بــوونی خۆیاندا– پێکهاتەی نیازەکان و بەهاکانیان دەگۆڕن. تیۆری لێرەدا لەگـەڵ

نیازەکانی جەماوەری ئێستا یان ئەو جەماوەرەی کە لە حاڵی گرسان دان "هاوتەراز" نابێ و لەسەر ناکۆکی نێوان وجود و نیازەکانی مرۆڤ پێك نایەت، بەڵکوو لە ناخی خودی بزاڤی ڕێکخراوی جەماوەردا گەشەدەکا. شۆڕش لە ڕوانگەی مارکسدا، هەروەك گوتمان، شۆڕشێکی بەرین و کۆنکرێتە کە تێکڕای کۆمەڵگا دەگرێتەوە و مناسباتی کۆمەڵگەی بورژوایی نێوان تیۆری و پراتیك، و هەروەها، تێکڕای پێکهاتەی بورژوایی نیازەکان دەسڕێتەوە.

بەڵام ئاڵۆزی چەسپاندنی تیۆری مارکسیستی هەر لێرەدا شاراوەیە. لە کۆمەڵگەیەکدا دەبێ شۆڕشی بەرین و کۆنکرێت بکرێت کە پێکهاتەکەی لەسەر بەرهەمهێنانی کاڵاکان و دابەشبوونی کار ڕاوەستاوە، سەرئەنجام دەبێ لەناخی ئەو سیستمەدا، پێوەندی تیۆری و پراتیك، وەك پرسێکی گشتی گەڵاڵە کرابێ و لە ڕێگەی بازاڕەوە، وەك کردارێکی گشتی چەسپێندرابێت. دەبێ تێکڕای نیازەکان و بەهاکان لە کۆمەڵگەیەکدا نوێ بکەینەوە کە لەخۆنامۆیی تا قووڵایی ئەو ڕەگی کوتاوە– هەرچەند کە چینی کرێکار لەم ئلیناسیۆنەدا "هەست بە بێزاری دەکا"[156] – لە کۆمەڵگەیەکدا کە نیازەکانی جەماوەر زیاتر لە هەر شتێ نیازی حەیاتی

---

[156] لە"ماڵباتی پیرۆز"دا هاتووە: "چینی بورژوا و چینی کرێکار، هەر دوو، ئلیناسیۆنێکی ئینسانی تاقانە پیشان ئەدەن، بەڵام چینی یەکەم لەم ئلیناسیۆنەدا "هەست بە ئاسایش دەکات"و لەودا توانایی تایبەتی خۆی دەناسێتەوە و بە ڕواڵەتی ژیان ئینسانی دەگات. بەڵام دووهەم چین لەم ئلیناسیۆنەدا هەست بە نابووتی دەکات، بێتوانایی خۆی و ڕاستیەکانی ژیانی دژە ئینسانی لەودا دەبینێتەوە. بە وتەی هێگل، ئەو لە حاڵەتی ئاخێر لە دژی ئەم دۆخە پڕ لە زەبوونی و سووکایەتیە دایە، ئاخێزێك کە ناکۆکی نێوان خەسڵەتی ئینسانی ئەوو بارودۆخی ژیانی ئەو کە بەشێوەی ئاشکراو لیبڕاوانە لە دژی ئەو خەسڵەتەیە، بەرەو شۆڕش دەیبات..."

یان نیازی ڕێژەیین. بێگومان بۆ ئەنجامدانی ئـەم کـارە، شۆڕشـی سیاسـی پێویستە، بەڵام بە تەنیایی نـاتوانێ پێکهاتەیـەکی تـەواو نـوێ بخـولقێنێ. مـارکس چـەندین جـار تێکۆشـاوە تـا بەتایبـەت بـە چـەمکی "نیـازە بنەڕەتییەکان"، وڵامێك بۆ ئەم پرسیارە ئاڵۆزە، بنووسـێتەوە. نیازەکـانی چینی کرێکار "نیازی رادیکاڵ"ن، چونکە هەر ئەم چینەیە کە ئیمکانی نیە نیازەکـانی لـە قـاڵبی کۆمەڵگـەی بورژواییـدا دابـین بکرێـت. دابینبـوونی نیازەکانی ئەو بەناچاری لە کۆمەڵگەی بـورژوایی و سـەرئەنجام لـە هـەموو پێکهاتەی ئەو سـەرتر دەچـێ. چـینی کرێکـار نـاتوانێ خـۆی رزگـار بکـات مەگەر ئەوە کە هەموو مرۆڤایەتی رزگار بکات و چەندین بزاڤی کۆمەڵایەتی بۆ سڕینەوەی خاوەندارێتی تایبەتی و ئلیناسیۆن بەرپا بکات. بەڵام کێشە کاتێ سەرهەڵئەدات کە لەگەڵ ئەم راستییە بەرەوڕوو دەبین کە لە راستیدا بەناو "نیازە رادیکاڵەکان" بەو مانایە کە تا ئێستا بـەکارمان بـردووە نـین. لـە راسـتیدا نیـازی رادیکـاڵ نیازەکـانی ئـەمڕۆ و درێـژەی ئەمانـەش نـین، چونکە پێویستیان بە چینی کرێکارێکی وشیارە کە ئەرکی مێـژوویی خـۆی ناسیوە، وەها چینێك کە – بە وتەی لوکاچ– "وشیاری شیاوی"[157] خـۆی خولقاندووە و بەپێی ئەو کار دەکات. بەمپێیـە ئێمـە دەتـوانین لـە ڕێگـەی قیاسـەوە،"نیـازی رادیکـاڵ" بـە "نیـازی شـیاو" نـاودێر بکـەین. بـەڵام ئەزموونی مێژوویی – تا ئێستا – پیشانیداوە کە بـەبێ سـڕینەوەی شـێوە ژیانی بورژوایی و پێکهاتـەی بـورژوایی وەهـا"وشـیاریەکی شـیاو" ناتوانـێ لـەنێو جـەماوەردا پـەرەبگرێت، لەئاکامـدا "نیـازی رادیکـاڵ"یـش دروسـت نابێت. قەبووڵکردنی وشیارانە یان ناوشیارانەی ئەم راسـتیە، دەرسـەکانی مارکس خەوشدارناکات، چونکە رەوتە جۆراوجۆرەکانی بزاڤی کرێکاری بـە رووهێنان بۆ نیازەکانی کۆمەڵگەی بورژوایی لە پلەی یەکەمدا بەرەو نیـازە حەیاتی و ڕێژەییەکان ڕۆشتوون.

---

[157] Conscience adequate.

بەڵام ئەگەر بەرنامەی مارکس لەمەڕ شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەرفراوان بە جدی وەرگرین، ئەوجار – هەروەها بە سەرنجدان بە ئەزموونە مێژووییەکان – دەبێ بۆ ڕێگای تر بگەڕین. ئەم ڕێگا نوێیە، شۆڕشە لە هەموو شێوە ژیاندا و خولقانی چەندین پێکهاتەی تازەی نیازەکانە کە لە هەموو بوارێکی تێکۆشانی مرۆڤەکاندا، هەر لە ژیانی ڕۆژانەوە تا ئاڵۆزترین چالاکییەکان دەگرێتەوە. خولقاندنی پێکهاتەیەکی تازە لە نیازەکان تەنیا کاری ئەو مرۆڤە ڕێکخراوانەیە کە لە کۆمۆنێکی ئۆرگانێك دان. بەڵام ئەگەر ئەو نیازە رادیکاڵە کە دروس دەبێت، لە راستیدا نیاز نەبێت، ئایا ڕێخستنی وەها گرووپێکی ئۆرگانیك دەتوانێ لەسەر هەر بنەمایەك پێکبێت؟ ئایا وەها بەرنامەیەك خەیاڵی نییە؟

بەڕای من توخمەکانی وەها بەرنامەیەك هەر ئێستا پێکهاتووە و دەکرێ ئەوانە لە ئاکار و رەفتاری چەندین توێژی روو لە گەشەدا بەدیبکەین. زۆر جەماوەری بەرین و بێئەژمار هەست بە ناڕەزایەتی دەکەن، لە دنیای نیازە ڕێژەییەکان، "بێزارن" و بەشێوەی ناوشیار بۆ شێوەیەك لە ژیان دەگەڕن کە لەودا، ئیتر نیازە ڕێژەییەکان زاڵ نەبن. کاتێ کە لە پێشکەوتووترین کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، توێژێك لە لاوان (بەتایبەت باشترینیان) لە سیستمی بەها نەریتییەکانی بنەماڵە (فریزێر، ئۆتۆمبیل، و پرستیژی کۆمەڵایەتی) روو وەردەگێڕن. کاتێ کە لاوان – دیسان باشترینیان – پۆل پۆل زانکۆکان بەجێ دێڵن، کاتێ کە شێوازێکی تازە لە بنەماڵە – کۆمۆنی ئۆرگانێك – لە هەموو جێگایەك پەرە دەستێنێ، هەموو ئەمانە پیشان ئەدەن کە پێویستی گۆڕینی پێکهاتەی نیازەکان لەدایك بووە. ئەم نیازە چۆنییانە کە لەئاست نیازە چەندییەکان جێگیردەبن، هەر چییەك بن، پێشاندەری ئەم راستییەن کە بزاڤی کۆمۆنی ئۆرگانێکی پێکهێنەرەی نیازی رادیکاڵ، خەیاڵ نییە، یوتۆپیا نیە.

وەها شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان – کاتێ کە بەئەنجام بگات- سروشتیە کە لە بزاڤی ڕێفۆرمی پاژی و ڕێفۆرمی گشتی و شۆڕشی سیاسی نکۆڵی ناکات، بەپێچەوانەوە، هەر سیانیان وەك چەند قۆناغێك دەپارێزێ بەم جیاوازیەوە کە ئەم بزاڤانە بە ئامێر دەزانێ نە ئامانج. ئیتر لە ئەستۆی بزاڤی سۆسیالیستی دایە کە تێکۆشی چەندین کۆمۆنی بەرین و ئۆرگانێك پێکبێنێ کە لەواندا نیازە چۆنییەکان زاڵ بێت. تەنیا وەها بزاڤێك دەتوانێ دوالیتەی بەرهەمی کۆمەڵگەی بورژوایی نێوان فێرکار و فێرخواز، پێشەنگ و جەماوەر، شارۆمەند و بورژوا، تیۆری و پراتیك، بسرێتەوە.

پێوەندی نێوان تیۆری و پراتیك، لە وەها شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا، چۆن پێکهاتەیەکی دەبێ؟ تیۆری و پراتیك بە پشتبەستن بە کۆمۆنی ئۆرگانێك – کە جیاوازی لەگەڵ کۆمەڵگای پێشوودا لە هەڵبژاردنی ئازاد دایە و ئەمەش خاڵێکی گرنگە- ئیتر لە "بازاڕ"دا دەرناکەوێ. خودی ئەم کۆمۆنە ئۆرگانێکە – پێداویستییەکان و نیازەکان – تیۆرییەك کە ئەم پێداویستی و نیازانە بەشێوەی کەم تا زۆر شیاو، قووڵ و تۆکمە بەیان دەکات، بەرهەم دێنێ و بە کاری بەردەوام – کە چالاکی تیۆریك، بەشێکی جیانەکراوەی ئەو دەبێ- ئەم تیۆرییانە دەنرخێنێ و گەشەی پێدەدات. تیۆری، بەرهەمی ئۆرگانێکی پراتیکی رۆژانە دەبێت، ئەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە تیۆری خۆی ناتوانێ پراتیکی بەرهەمی خۆی بنرخێنێ و گەشەی پێبدات. بەڵکوو ئیتر ئەوە تەنیا تیۆری نیە کە لەسەر پراتیك "کاریگەری دەبێت" بەڵکوو پراتیکی کۆمۆنی ئورگانیکی تیۆرییەك کە ئەو بەیان دەکات، لەسەر تیۆری و پراتیکی کۆمۆنەکانی تریش کاریگەری دەبێت. بەمجۆرە پرسی گشتی تیۆری و پراتیك – کە هەر وەك دیمان پرسێکی تایبەتی کۆمەڵگەی بورژواییە- بێمانا دەبێت.

کاتی ئازاد و دابەشبوونی کار

ماریا مارکوش و ئاندراش هێگدوش

لە بەرهەمەکانی مارکسدا دەتوانین سەرەداوی دوو بۆچوون لەمەڕ دەرفەتی بەرینکردنەوەی پانتایی سەربەخۆیی مرۆڤ بەدیدبکەین. هەرکام لەم دوو بۆچوونە، لە ئەندێشەی زانستی– کۆمەڵایەتی هاوچەرخدا لایەنگرانی تایبەتی خۆیان هەیە.

بەپێی یەکەم بۆچوون، گەیشتن بە هەرێمی ئازادی — بە سەرنجدان بەو ئاستەنگانەی کە دابەشبوونی کاری هەنووکە پێکیهێناوە — تەنیا لە دەرەوەی کاتی کاری کۆمەڵایەتی فەراهەم دەبێت. کەوابوو، بەرزترین ئامانجی گەشەی کۆمەڵایەتی، زیادکردنی کاتی ئاسایشە، ئەوەش بەجۆرێك کە خودی تاك بتوانێ بەشێوەی گەشندە لە سروەتی مادی و مەعنەوی کۆمەڵگە بەهرەمەند بێت و جیاوازی نێوان ئاستی گەشەی تاك و ئەو دەرفەتانەی کە کۆمەڵگە فەراهەمی دەکات، کەم بکاتەوە. بەپێی دوهەم بۆچوون، ئەرکی بنەڕەتی، ئینسانیکردنی دۆخی کارە. بەمبۆنەوە، دەبێ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە خودی دەڤەری کاری کۆمەڵایەتیدا بەئەنجام بگا و بەر لەهەر شتێ تەگەرەکانی بەرهەمی دابەشبوونی کار لەنێو ببرێن و پاشان شێواز و مکانیزمێك پەرەبگرێت کە لەگەڵ کونترۆڵی کۆمەڵایەتی بەراستی کاریگەر سازگار بن. کەوابوو دەبێ وەها دەرفەتێك بۆ هەر تاکێك بڕەخسێ تا هەموو کەسێتی خۆی لە دەڤەری کاردا بپشکوێنێ. یەکێ لەو بابەتانەی کە دەمانەوێ لەم تۆژینەوەدا بیسەلمێنین ئەوەیە کە دنیای کار و دنیای ئاسایش، لەگەڵ یەکتر پێوەندی توندوتۆڵیان هەیە و سەرئەنجام

پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی قووڵ لە دەڤەرێکیاندا لەهەمان حاڵدا دەڤەرەکەیتر دەگرێتەوە.

ئەزموونەکان پیشانیان داوە کە ئەگەر گەیشتن بە"هەرێمی ئازادی" لە کاتی ئاسایشدا بەرتەسك بێتەوە، رێگە چارەیەك پەیدا نابێ. کاتی ئازاد بەو چالاکییانە پڕ نابێتەوە کە دەتوانن کەسێتی تاك و تواناکانی ئەو بپشکوێنن، بەڵکوو بۆ بەدەسهێنانی پارە سەرف دەکرێت. بەمپێیە ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی کە لە کاتی ئازاددا ئەنجامدراوە، بە چەندین شێوەی جیاواز، وەك بەشێك لە رێخراوی بەرهەمهێنان دەردەکەون و لەراستیدا دەکەونەبەر کاریگەری خراپی دابەشبوونی کارەوە. ئەزموونەکان سەلماندوویانە کە زیادکردنی "کاتی ئازاد" لەخۆیدا شێوەی ژیانی مرۆڤەکان ناگۆڕێت، بەڵکوو لانی زۆر دەرفەتێ زیادکردنێ هەوڵەکان یان تێکۆشانی تازە فەراهەم دەکا کە هەندێ لە نیازە خێراکان دابین دەکەن. بەڵام دووهەم بۆچوون (ئینسانیکردنی کار) یش، لەگەڵ چەندین کۆسپ و تەگەرە بەرەوڕوو دەبێ. دابەشبوونی کار مرۆڤەکان بەگشتی لە چەن پیشەیەکی تایبەتدا بەدرێژایی هەموو تەمەنیان دەبەستێتەوە. بێجگە لەمەش زۆر جار، هەڵبژاردنی ئەم کار و پیشانە بەهۆی هۆکاری دەرەکیەوە دیاری دەکرێن و بە دڵخوازی کرێکارانی (ژن یان پیاو) دیاری ناکرێن، ئەم ئاستەنگانە بەتەواوی پێش بە گەشە و پشکووتنی تاك دەگرن.

بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەك لەم بنبەستە، دەبێ داوەکانی هەر دوو رەوتی ناوبراو لێکبدەینەوە.

ئەگەر بە زیادکردنی کاتی ئاسایش هیوادار بین، یەکێ لە روونترین هۆکارەکان ئەوەیە کە کاتی دەرەوەی کاری"رەسمی"لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەراستی زیاد دەکات. رەنگە ئەم پرسە بەو ئاکامەمان بگەیەنێ کە کاتی ئازادی واقعیش هەر بەو رادەیە زیاد دەکات. بەڵام، بەکردەوە، لە هەموو ئەم وڵاتانەدا، کاتی بەدەر لە کاری "رەسمی"کە بۆ

بەدەسهێنانی پارە سەرف دەکرێ بە هەمان رادە زیاد دەکات.[158] ئێستا ئەم دیاردەیە بەتایبەت لەمەڕ پیاوان راستە، چونکە ژنان بەهۆی ئەرکی گرانی کاری نێو ماڵە، لەراستیدا بەکردەوە کاتی ئاسایشیان نیە. تەنانەت ئەگەر کەمبوونەوەی کاتی کاری رەسمی درێژەی ببێت، دیسان ناتوانین چاوەڕێی هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێکی واقعی لەم دۆخە دابین چونکە ئاشکرایە کە پرۆسەی ماشێنیکردن زۆرتر ئەرکەکانی نێوماڵە ئاسان دەکات، بەڵام کاتی ئاسایش زیاد ناکات (هەروەها، گەشەی گشتی نیازە فەرهەنگییەکان پێویستی بە کاتی گەشندەیە بۆ دابینکردنی ئەوان).[159] لە هەمان حاڵدا، ئەم کارانەی نێوماڵیش چەن تێکۆشانێکن کە بەهۆی جۆرێ زەختی ئابووری ئەنجام ئەدرێن و هەموو ئەو خاڵانەی کە لەمەڕ دابەشبوونی زۆرەملی کار گوترا لەمەڕ کاری نێوماڵەش راستە.

گرنگی ئەو بەشە لە کات کە لە دەرەوەی کار، "سەرفی بەدەستهێنانی پارە " دەکرێ، زۆر بە دژواری دیاری دەکرێت. زۆر چالاکی و تێکۆشانی جۆراوجۆر لەبەرچاو دەگیردرێن: کاری نیوە وەخت، زێدەکاری، کاری نێو باخچە و نێومەزرا، ئەرکی نێوماڵە و ... ئەڵبەت بەو هۆیە کە لە هەموو ئەم کارانەدا (کاری نارەسمی) ئازادی و سەربەخۆیی زیاترە و تاکەکان بۆ خۆیان کارەکان هەڵدەبژێرن، زیاتر وزە و تواناییەکانیان وەگەڕ دەخەن.

---

158 لە کتێبکدا کە کۆمەڵناسی پۆلۆنی danecki تازەیی چاپی کردووە، ئەم خاڵە، بەیارمەتی فاکتەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی و هەروەها سەرمایەداری، بە بەڵگەوە سەلمێندراوە. گەلاڵەی تۆژینەوە fzweig لەمەڕ کرێکارانی ئینگلیزی ئەم بابەتەی بەدرێژی سەلماندووە.

159 فوراستیە پێشبینی دەکات کە لە20 ساڵی داهاتوودا سەعاتی کاری زۆرەملی لە رۆژئاوادا بۆ 30 سەعات کەم دەکرێتەوە، بەڵام کاتی پێویست بۆ ئەنجامدانی کاری نێوماڵە، بەپێی ژمارەی منالانی بنەماڵە، لەنێوان 40 تا 80سەعاتدا دەبێت.

لە هەنگاریاشدا هاوکات لەگەڵ کەمبوونەوەی سەعاتی کاری ڕەسمی، ڕێژەی کاتی "ئاسایش" کە بۆ بەدەستهێنانی پارە سەرف دەکرێ، زیادی کردووە.[160]

سەرئەنجام، کاتێکی ئێجگار کورت دەمێنێتەوە کە بەپێی وتەیەکی مارکس: "دەبێ ڕاستەوخۆ لە دەڤەری بەرهەمهێناندا سەرف نەکرێ، بەڵکوو بۆ ئاسایش و حەسانەوە تەرخان بکرێ و دەرفەتێك بۆ چالاکی ئازادانە و گەشەی [تاك] فەراهەم بکات" چالاکییەك "کە — بەپێچەوانەی کار— بەهۆی زەختی دەرەکی دیاری نەکراوە، بەڵکوو ئەنجامدانی ئەو پێویستییەکی سروشتی یان ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە".

ئێستا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە: چ هۆکارێك تاکەکان ناچار دەکا تا کاتی ئاسایشی خۆیان لەپێناو پارە سەرف بکەن؟ لە پلەی یەکەمدا دەبێ دابینکردنی ئامێر و کەرەسە مادییە پێویستەکان بۆ "ئاستی ژیانی شیاو" بە یەکێ لەم زەختانە بزانین. بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی گەشەی ئێستای هەنگاریا، ئەم بابەتە، توێژێکی بەرینی کۆمەڵگە دەگرێتەوە. ئەڵبەت دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێت کە پێوەری "ئاستی ژیانی شیاو" تووشی

[160] بەپێی ڕاپرسییەکی کۆمەڵناسانەی ئێجگار تازە لەمەڕ شێوەی گوزەرانی کاتی ئاسایشی کرێکارانی سەنعەتی کە لە ناوەندە شارییەکاندا بەسەر دەبەن،17٪ کرێکارانی کارگەکانی پیشەسازی قورسی بوداپێست، 15٪ کرێکارانی ناوچەکانی دەوروبەر و 24٪ کرێکارانی هەرێمەکانی تر، پیشاندەری گەشەی سەعاتی زێدەکارین. 18٪ کرێکارانی پسپۆڕ و 26٪ کادێرە ئیدارییەکان کاری نیوە وەخت دەکەن، لەهەر دوو دەستەدا دوو لە سێی کرێکاران پیشەی دووهەمیان هەیە. جگە لەمەش دەبێ شێوەی گوزەرانی سەردەمانی حەسانەوەش لەبەرچاو بگرین.

بەشێکی بەرین لە کرێکاران لە ڕۆژانی پشوداندا بە موچەی خۆیانەوە کار دەکەن، یان شتێك کە زۆر باوە بە هیچ شێوەیەك لە ئیجازەی ساڵانە(یان تەنانەت بەشێك لەو) بەهرەمەند نابن.

ئاڵوگۆڕێکی گرنگ هاتووە. بەڵام ڕۆشنە کە هەندێ شت کە وەك بەشێك لە پێویستی سەرەتایی ژیان حساب دەکرێن (وەك خانوو و هەندێ کاڵای مەسرەفی فرەخایەن) بە داهاتی ئەمڕۆ دابین ناکرێن.

بەگشتی، داخوازی گەشندە بۆ ئەو شتانەی کە بەشێکی بەرین لە کرێکاران، بە سەرنجدان بە ڕێژەی ئێستای داهاتی نەتەوەیی، ناتوانن دابینی بکەن لە داخوازی بۆ دەرفەتی ئاسایش زیاتر بووە.[161]

گەشەی"ویستی خاوەنداریێتی" لەژێر کاریگەری دیاردەی رووڵەگەشەی مەسرەفی پرستیژهێنەر دایە...

بژاردە سەرەکییەکان بەپێی کار و رەگەز

کادێرەکان		کرێکارانی پسپۆڕ		کرێکارانی ناپسپۆڕ		
ژن	پیاو	ژن	پیاو	ژن	پیاو	بژاردەکانی هەڵبژاردن
18	21	30	28	37	24	کەرەسە و ئامێرە مادییەکان لە کاتی ئاسایش بە باشتر دەزانن...
71	70	56	63	49	66	بەهای سامانی مادی و کاتی ئاسایش وەك یەکن.
11	7	13	7	11	3	کاتی ئاسایش لە سامانی مادی سەرترە.

[161] تۆژینەوەی پێشووی Miklos Szanto زۆر فاکتی گرنگ دەردەخات کە پیشان ئەدەن توێژە جۆراوجۆرەکانی حەشیمەت، بەدەستهێنانی ئامێرە مادییەکان لە کاتی ئاسایش بە گرنگتر دەزانن.

لەنێوان ئەو لاوانەدا کە خێزان دروست دەکەن یان سەربەخۆ دەبنەوە، دابینکردنی "ئاستی ژیانی شیاو" و مەسرەفی پرستیژهێنەر، دوو بزوێنەری ئێجگار گرنگن. ئەم لاوانە لەگەڵ پێویستی پێکهێنانی بنەمایەکی مادی بۆ ژیانی سەربەخۆ (خانوو، کەرەسە پێویستەکان بۆ ژیانی رۆژانە، پێویستی نیازە تاکییەکانی تر – ژن یان منداڵ –) بەرەوڕوون لە هەمان حاڵدا لەو کەسانەن کە نیازە جۆراوجۆرەکانیان بەخێرایی دەگۆڕدرێت...

رێك لەنێو ئەم گرووپە لە لاوان دایە کە داخوازی بۆ دووهەم پیشە و زێدەکاری بەدیدەکرێ لە هەمان حاڵدا زۆربەی ئەو کەسانەی کە بەشێوەی نۆبەتی یان بەردەوام و بە ویستی خۆیان شەوکاری دەکەن، لەنێو ئەم کەسانەدان.

چەندین جۆری جیاوازی پێویستی مادی روو لەگەشە،و جیاوازی نێوان ئاستی ئەوانە و دەرفەت و ئامێرەکانی دابینکردنیان تەنیا ریشەی بێبەشی نین، بەڵکوو بێگومان کاریگەری زیادکردنی موچەکانیش زیاتر دەکەن. لەراستیدا ئەم پرسە دەبێ دەرفەتی پێشخستنی گەشەیەکی ئەکتیڤتر فەراهەم بکات. بەڵام ئەم دەرفەتە، لە بواری بەرهەمهێناندا، بەم لەمپەرە بەرتەسك دەبێتەوە کە دەزگایەك ناتوانێ بۆ بەرهەمهێنانی باشتر یان زیاتر، موچەیەکی زیاتر بدات. ئیمتیازی مادی بەکردەوە بەدەست نایەت مەگەر بە بەرزبوونەوەی پلەی کارەکان. سەرەڕای ئەمەش وەها رێگایەك نە هەر بەرتەسکە (تەنیا بەشێکی بچووك لە کرێکاران دەتوانن ببنە سەرۆك)، بەڵکوو زۆر لەمپەری کۆمەڵایەتیشی بەدواوەیە، چونکە بزوێنەرێك بۆ بەرئەنجامی لانی زۆری کار فەراهەم ناکات، بەڵکوو چەند ئولگوویەکی سەرکەوتووی سەقامگیر پەرە پێدەدات کە دەرفەتی لەبەرچاوگرتنی شایستەیی و توانابیەکانی تاك فەراهەم ناکات.

هەندێ کەس ناتوانن یان نایانەوێ ئەم رێگایە بگرنەبەر، لەئەنجامدا لەژێر زەختی خواستەکانیاندا... ناچار دەبن بۆ بەدەستهێنانی موچەی

زیاتر تێبکۆشن، تاقە ڕێگەی دابینکردنی ئەم ویستانە، سەرفکردنی کاتی ئاسایش لە ڕێگەی کاری سوودهێنەر دایە.

ئێمە لە سەرەوەدا تێکۆشاوین تا جوابێك بەم پرسیارە بدەینەوە: چ شتێ تاکەکان ناچار دەکات تا کاتی ئاسایشی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی پارە سەرف بکەن؟ ئێستە دەبێ مکانیزمێك بدۆزینەوە کە بازاڕ بە یاری ئەو دەتوانێ، ئەو هێزی کارە کە بەمجۆرە ئاراستە کراوە، وەربگریت.

زۆرێك لە کرێکارانی پسپۆڕ هەن کە حازرن لە دەرەوەی کاری ڕەسمی خۆیان، کارێکی هاوشێوەی ئەو ئەنجام بدەن، بەڵام بە بەهایەکی زیاتر لە کاری ڕەسمی. ئەمە بەو مانایەیە کە نە تەنیا کەرتی تایبەتی گەشە دەکات، بەڵکوو ژمارەی ئەو کەسانەی کە بێجگە لە کاری ڕەسمی کارێکی دیکە بەشێوەی یاسایی یان نایاسایی ئەنجام ئەدەن، بەخێرایی زیاد دەکات.[162]

داهاتی کاری ڕەسمی ئەوەندە نیە کە نیازەکانی خەڵك دەستەبەر بکات، بۆیە پێویستی موچەی زیاتر، بەشێوازی جۆراوجۆر خۆدەردەخات، ئەم موچەیەش زۆرجار تەنیا بە فیداکردنی کاتی ئاسایش فەراهەم دەبێت. بەمجۆرە دەورێکی بێهودە و تایبەت دەس پێدەکات، چونکە لێرەدا پرۆسەیەك دەس پێدەکا کە نائەقڵانیەتی خۆی لە ئاستێکی بەرینتردا بەرهەم دێنێتەوە. نیازە راژەیەکان کە لەلایەن دام و دەزگای دەوڵەتی و هەرەوەزییەوە دەستەبەر نەکراون، نرخی کار لە بازاڕی ئازاددا زیاد

[162] ئەم کارە بە ئاوژووکردنی ڕەوتێك دەگات کە ماکس ڤێبر ئاوا راڤەی کردووە: "کارخانە، ڕێژەیەکی ئێجگار بەرین لە هێزی کاری پسپۆڕ لەنێوان پاشەکەوتەکانی سەنعەتی بچوکدا بەکار دەگرێت، بە وتەیەکیتر، کارخانە بۆ سەنعەتی بچوك، دەرفەتی پەروەردەی هێزی کار فەراهەم دەکات، پاشان، کاتێ کە پەروەردەی ئەو بەئەنجام گەیشت، ئەم هێزی کارە لە سەنعەتی بچوك وەردەگرێت..."

دەکەن. لەم دواسالآنەدا نرخی کار لە بازاڕی ئازاددا لە موچەکان بەگشتی زۆر زیادی کردووە و لە هەندێ پیشەدا تا ڕادەی دوقاتی ئاستی موچەی رەسمی بەرزبۆتەوە... هۆکاری ئەم دۆخەش – ئاستی خزمەتگوزاری بەرزتری بازاڕی ئازاد، خەرج و مالّیاتی کەمتر، و زەختی کاری زیاتر و رێکنەخراوتر– بەئاسانی رۆشن دەبێتەوە، بەلآم لێکدانەوەی بەرئەنجامەکانی ئێجگار ئالۆزترە. گرنگترین بەرئەنجام، خێراکردنەوەی رەوتی کارە. هەرچەند سەلماندنی ئەم خالّە بە هۆ و بەلگەوە نەختێ دژوارە، بەلآم دەکرێ بە یارمەتی ئەزموونی رۆژانە بەشێوەی لۆژیکی لەسەر ئەم گریمانە پێداگری بکەین کە جیاوازی نێوان نرخی کاری رەسمی و کاری بازاڕی ئازاد، دەبێتە هۆی دابەزینی بەرهەمهێنان و سەمەربەخشی کار. سستی و بێنەزمی لە کاردا– کە زۆرجار ئاماژەی پێدەکرێ– لە زۆر بابەتەوە، وشیارانە رێژەی بەرهەمی کار کەم دەکاتەوە، چونکە کرێکارێك کە لە ئەنجامدانی کاری رەسمیدا نیوەی موچەی کاری بازاڕی ئازاد وەردەگرێ، هەموو هێزو وشیاری خۆی سەرف ناکات. ماکس ڤێبر پێشتر ئەم راستییەی راڤەکردووە و گوتوویە کە "کەمی موچە، هاوتای هێزی کاری هەرزان نیە". چونکە زیادکردنی موچە هەموو جارێ هێزی کار "گرانتر" ناکا و نابێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی نرخەکان.

بەلآم ئەم بابەتە لەمەش ئالۆزترە: ئاستی نزمی بەهرەدانی هێزی کار، دام و دەزگاکان ناچاردەکات کە هێزی کار هەر لە نێو دام و دەزگاکانی خۆیاندا پاشەکەوت بکەن، ئەم کارەش بەردەوام هێزی کار کەم دەکاتەوە. دام و دەزگا دەولّەتی و هەرەوەزییەکان بەگشتی نە تەنیا تێدەکۆشن تا کرێکارانێکی زیاتر بۆ خۆیان بپارێزن، بەلّکو خۆشیان وەك کڕیاری کاتی ئازادی کرێکارانی خۆیان دەردەکەون. تەنیا لەم دۆخە دایە کە دەتوانین تێبگەین کە بەپێچەوانەی هەموو هەولّ و مکانیزمێکی

بەرتەسك كـەرەوە، نـە سـەعاتی زێـدەكاری كـەم دەبێتـەوە و نـە كـاری نێوەوەخت و دووهەم پیشە.

دۆخێك كە لـە بـواری كـاتی زێدەكاریـدا پێكهـاتووە، دۆخێكـی ئێجگـار تایبەتە. سەندیكاكان بە سەرنجدان بە بەرژەوەندی كرێكاران، تێدەكۆشـن سـەعاتی زێـدەكاری كـەم بكەنـەوە یـان بیسـڕنەوە. لـە هـەمان حاڵـدا، كرێكـاران، بەتایبـەت ئەوانـەی كـە بێـدەرەتانترن، تـەنیا بـە ئەنجامـدانی زێدەكاری موچەكانیان قەبوڵ دەكەن.[163] ئەڵبەت زۆرجار خودی كرێكاران بارودۆخێـك دروسـت دەكـەن كـە لـە جەرگـەی ئـەودا بـوار بـۆ زیـدەكاری دەڕەخسێت. بۆ نموونە هەندێ ئـەرك و لێپرسـراوی قـەبوڵ ناكـەن مەگـەر ئەوە كە ڕێژەیەكی تایبەت زێدەكاری هەبێت. لەم دواسـاڵانەدا ئـەم پرسـە كاتێ ئاشكرا بوو كە مەزرا هەرەوەزییەكان... بوو بـە ناوەنـدی وەرگرتنـی هێزی كار...

بزاڤی بەردەوامی هێزی كار، تووشی هەمان بازنـەی بێهـوودە دەبـێ و هەر بەوجۆرە كە ئەزموونەكان پیشانی داوە، ئەم دۆخە بە یاسا و ڕێسـای دەوڵەتی چارەسەر ناكرێ.

بـەكورتی ئەزموونـەكان پیشـانیان داوە كـە كەمبوونـەوەی سـەعاتی كاری ڕەسمی ئەگەر لەگەڵ زیادبوونی موچە و داهاتەكان هاوكـات نـەبێت، یان ئەگەر داخوازی بـۆ ئاسایشـی واقعـی لـەنێو جـەماوەردا پەرەنـەگرێت، تـەنیا وەك خـەون و خـەیاڵێك دەمێنێتـەوە. لەراسـتیدا كرێكـاران ناچـارن بەشێوەی جۆراوجۆر هێزی كاری خۆیان لە كاتی ئاسایشدا بفرۆشن.

[163] F.Zweig لـە تۆژینـەوەی پێشـوودا باسـی دیاردەیـەكی هاوشـێوە دەكـات. بـەڕای ئـەو، یـەكێ لـە داخوازییـە هەمیشـەییەكانی هێـزی كـار، دەرفـەتی ئەنجامـدانی ڕێـك و پێكـی زێدەكاری بە ڕادەی پێویستە.

بەڵام گۆڕینی کاتی ئاسایش بۆ سەرچاوەی داهات، تەنیا هۆکارێك نیە کە هەر هۆمێدێك وەك خۆشخەیاڵی لێدەکات. تۆژینەوەی کۆمەڵناسانە پیشانی داوە کە سروشتی خودی کار —بە وتەیەکیتر: جێگای [مرۆۋ] لە دابەشبوونی کاردا— هەموو ژیانی مرۆۋ و هەروەها شێوەی گوزەرانی کاتی ئاسایشی ئەو دیاری دەکات. پێکهاتە هەنووکەییەکانی دابەشبوونی کار، لە خودی بەستێنی کاردا، لەئاست ئازادی و خودموختاری مرۆڤدا لەمپەرێکی گرینگن. زۆربەی کرێکاران، کارێکی لاوەکی ئەنجام ئەدەن کە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە کارێکی بێمانایە. لەلایەکیترەوە، زۆر کەس سەراسەری ژیانیان بە کارێکی تایبەتەوە بەستراون کە لە منالّییەوە تا کاتی خانەنشینی درێژەی دەبێ. ئەمە دواکەوتوانەترین تایبەتمەندی سیستمی ئێستای بەرهەمهێنانە.

ئالّوگۆڕی شیاوی سیستمی بەرهەمهێنان، بەپێی بەها سۆسیالیستییەکان، دوو پرسیاری بنەڕەتی گەڵاڵە دەکات: دەبێ چ ئاڵوگۆڕێك لە سیستمی دابەشبوونی کاردا پێکبێت؟ چۆن دەکرێ کێشەکانی سەرەوە چارەسەر بکرێت؟

بەبێ چاوپۆشی لە پرسیاری یەکەم... لێرەدا تێدەکۆشین پرسیاری دووهەم جواب بدەینەوە، چونکە لە بەراورد لەگەڵ بەڵگاندنەکانی پێشوومان گرنگی سەرەکی هەیە.[164]

بڵاوبوونەوەی حەشیمەت لە بەشە سەرەکییەکانی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی کاردا، بەپێی سیستمی خوێندن و راهێنان پێکهاتووە.

---

[164] ئەم تۆژینەوە باسی بابەتێك ناکات کە زۆر جار بە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی مناسباتی کۆمەڵایەتی ناودێر دەکرێت، بەڕای ئێمە، زۆرتر بەرهەمی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی بەسەر بەرهەمهێنەران دایە.

پرۆسەیەك كە بەو جێگایە دەگات كە تاكەكان بەدرێژایی هەموو تەمەنیان بە پیشەیەكی تایبەتەوە ببەسترێن، هەر لێرەوە دەس پێدەكات. سیستمی فێركاری خوێندكاران بۆ ئەوە پەروەردە ناكات كە لە ژیانی خۆیاندا ئامانجێكیان هەبێت: بەڵكوو تەنیا دەرفەتیان پێدەدات تا پیشەیەكی تەواو تایبەت بەدەس بێنن. سیستمی خوێندنی ئێستای ئێمە لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە سێ دەرفەتی جیاواز لەبەرچاو دەگرێ كە بەڕۆشنی لە یەكتر جیادەبنەوە و پێكهاتەی كۆمەڵایەتی هەنووكە بەرهەم دێننەوە و بۆ بەرەكانی داهاتووش بەردەوامی پێدەبەخشن.

فێرگەكانی دواناوەندی گشتی "توێژی روناكبیران"[165] و ڕێبەرانی داهاتوو و كارمەندانی داهاتوو و كادێرانی نێوەنجی و پلە خواروو پەروەردە دەكەن.

پەیمانگە فەنی و هونەرییەكان توێژی كرێكارانی پسپۆڕ و تكنیكزانەكان پەروەردە دەكەن.

سەرئەنجام ئەوكەسانەی كە بە تەواوكردنی قۆناغی سەرەتایی دەس لە خوێندن هەڵدەگرن، زۆربەیان كرێكارانی ناپسپۆڕ یان نیوە پسپۆڕ[166] پێكدێنن كە لە كۆمەڵگەی ئێمەدا لە نزمترین ئاستی پلە و پایەكانی پرستیژی كۆمەڵایەتیدا جێگیردەبن.

لە ڕوانگەی تۆژینەوەكەی ئێمەدا سیستمی بارهێنانی كرێكارانی پسپۆڕ، گرنگییەكی تایبەتی هەیە. ئەمڕۆ ئەم بەشە هەم لە بەراورد لەگەڵ ئەو بەشانەدا كە خولی فێركاری بەرزیان بینیوە و هەم لە بەراورد لەگەڵ كرێكارانی ناپسپۆڕدا بەشێوەی قورس و پتەو بە نێو مناسباتی دابەشبوونی كاردا رۆچوون.

---

[165] Intelligentsia.
[166] Semi- Skilled.

بۆ تۆژینەوەی وردی ئەم بابەتە سەرەتا دەبێ رەوتە سەرەکییەکانی ئەم بوارە کە بەرهەمی گەشەی تکنۆلۆژین دەس نیشان بکەین...لە تۆژینەوەی دۆخی هەنووکەدا، دەتوانین سێ رەوتی بەرهەست بەدی بکەین:

ئەلف) گرنگترین ئاڵوگۆڕ (تا جێگایەك کە بە رێژەیەکی ئێجگار بەرین بە کرێکارانەوە بەستراوە) جێگرکردنی کاری ماشینی لەجیاتی کاری دەستییە. ئەم پرۆسەیە لە سەردەمێکەوە دەس پێدەکات کە لە درێژەی ئەودا سەنعەتی پارچەچنی و سەنعەتی دەرهێنانی فلز دەرکەوتن، بەڵام لە زۆرێك لە بەشەکاندا ماشێنیکردن ئێجگار بەرتەسك مایەوە...لە چوارچێوەی ئەم ئاڵوگۆڕەدا، کاری پسپۆڕانە جێگای کاری دەستی نەگرتەوە، بەڵکوو زیاتر کاری نیوە پسپۆڕانە جێگای ئەوی گرتەوە...

ب) هاوکات لەگەڵ پرۆسەی سەرەوە، کار و پیشە کۆن و نەریتییەکان، خەسڵەتی خۆیان لەدەست ئەدەن و کاری نیوە پسپۆڕانەی بەرهەمی پێشکەوتنی فەنی جێگەیان ئەگرێتەوە: زۆر کار و پیشەی جیاواز کەرت بوون و پیشە جۆراوجۆرەکان، وەك نەریتێکی باو دەرکەوتوون. ئەمرۆ بە دژواری دەتوانین لقێك لە کاری نەریتی بدۆزینەوە کە ئەم پرۆسەیە نەیگرتبێتەوە و هەر لەم پێوەندییەدا هەستکردن بە چاکسازی بنەڕەتی و بارهێنانی کرێکارانی پسپۆڕ وەك پێویستی دەرنەکەوتبێ.

ج) پێشکەوتنی فەنی، زۆر کاری تازە دێنێتە ئاراوە(زۆربەی ئەم کارانە، خەسڵەتی نیوە پسپۆڕانەیان هەیە، لەوانە: بەرپرسانی ماشێنە ئۆتوماتیك و نیوە ئۆتوماتیکەکان، تایپیستەکان و هتد) بەڵام تەنیا رێژەیەکی بەرتەسك پیشەی تازە پێکدێنێ (بۆ نموونە ئەوانەی دەزگای تەلەڤیزیۆنەکان مونتاژ دەکەن، پسپۆڕان و چاودێرانی

ماشێنەکانی خەتی بەرهەمهێنان). ئـەم پیشـانە تـا رادەیـەکی تایبـەت لەگـەڵ پیشـە نەریتییـەکان جیـاوازن، یەکـەم بەوهۆیـە کـە زۆربـەیان پێویستی کەمتریان بـە مـەهارەتی دەسـتی و زانیـاری فـەنی گشـتی و پسپۆڕی ئێجگار بەرینتر هەیە.

بنەما فەنییەکانی هەموو کار و پیشـەکان بـەردەوام لـە حـاڵی ئـاڵوگۆڕ دایە. ئەم ئاڵوگۆڕەش زۆرجار قووڵ و بەرینە و ئەو کارزانی و زانیاریـە کـە پێشتر پێویست بوو، بـەخێرایی بـاتڵ دەکاتـەوە. ئـەم راسـتیە، لەخۆیـدا، سەرەڕای پرۆسەی یەکسانسازی[167] کە پێشتر ئاماژەی پێکـرا، کـاتێگوری کرێکاری پسپۆڕ و ناپسـپۆڕ رەتدەکاتـەوە و لـە هـەمان حاڵـدا پێکهێنـانی سیستمێکی فەنی و پرۆفیشناڵی تازە دێنێتەئاراوە.

لە هەنگاریا، رێژەی لاوانی راهێنراوای پسپۆڕ لە 1953تا 1965چوار بەرابەر بووە. ناکرێ ئەم کارە بە نیازەکانی پرۆسـەی فـەنی راڤـە بکـەین، چونکە لە سوئێد ئەم رێژەیە تەنیا 27/6٪ لـە نەمسـا 44٪ و لـە ئیتالیـا 46/5٪ بووە. ئەم رەوتە بۆتە هۆی ئەوەی رێژەی ئەو لاوانـەی کـە پـاش قۆناغی سەرەتایی خوێندن بەجێ دێڵـن و لـە بـواری کـاری فەنیـدا خۆیـان رادەهێنن زیاد بکات.

لەلایەکیترەوە بە بیانوی هەوڵدان بۆ دوور ڕاگرتنی لاوان لـە ناهومیـدی لە کارەکانیدا، ویست و داخوازیەکانیان کەم کردۆتەوەو تا لەگـەڵ ئاسـتی ئێسـتای دابەشـبوونی کـار سـازگاری بکـەن، بەمبۆنـەوە ئـەوانیان بـەرەو ناوەندی فێرکـاری پسـپۆڕانە رێنـوێنی کـردووە، پڕخەسـارترین کاریگـەری ئەم دیاردەیە بەرۆکی ئەو لاوانە دەگرێتەوە کـە لـە منداڵیـەوە لـە دۆخێکـی ناشیاودا بەسەریان بردووە.

---

[167] Egalisation.

کەوابوو دەتوانین سیستمی ئێستای راهێنانانی کرێکارانی پسـپۆڕ هـەم لــە روانگـــەی سەمەربەخشـــیەوە بنـــرخێنین و هـــەم لـــەرووی پێـــوەرە سۆسیالیستەکانەوە... ئاشکراترین ناکۆکی سیستمی ڕاهێنـانی کرێکـارانی پسپۆر لێرەدا شاراوەیە کە کـارە نیـوە پسـپۆڕانەکان، بـەهۆی سیاسـەتی هەقدەستەکان و هوکاریتر، بە کاری پسپۆڕانە نـاودێرکراون (بەتایبـەت لـە پیشەسازی سووک، لە بازرگانی و سەنعەتی خۆراکدا)، هەرچەند پسپۆرییە پێویستەکان بۆ ئەم کارانە نەگۆڕاوە.... ئەم کارە دەبێتە هۆی بێبایـەخی هێزی کاری پسپۆڕ و ئەو کارانەی کە زانیـاری تایبـەتیان پێویسـتە، جگـە لەمەش ناتوانین ئەم راستیە فـەرامۆش بکـەین کـە بەڵگەنامـەی کرێکـاری پسپۆڕ کە بـە هـەوڵی زۆر یـان کـەم بـەدەس هـاتووە، ئـەوان لـە بـوارێکی لاوەکی لە پیشەکەیاندا سەقامگیردەکات.

کاتێ کە لە چوارچێوەی کـارێکی نیـوە پسـپۆڕانەدا، کێشـە و دژواری ئامادەکـاری دەرکـەوێت، بـواری نـاوبراو، بـە پێشـەیەکی پسـپۆر نـاودێر دەکرێت. سەرەڕای ئەمەش، لەو بوارانەدا کە ژمارەی خوازیـاران بـەڕادەی پێویسـت نیـە، جۆرێـك راهێنـانی بـەناو "پلـە بـەرز" گەڵاڵـە دەبێـت. بـۆ نموونە، بارهێنانی ئـەو کرێکارانـەی کـە بـۆ بەشـی فرۆشـتنی پیشەسـازی خۆراك لەبەرچاو گیراون، لەئاستی "پلە بەرز" دایە، بەپێچـەوانەی ئـەوەی کە زانیاری پێویست بـۆ وەهـا پیشـەیەك بەسـانایی بەدەسـت دێـت، جگـە لـەوەش دەبـێ چـەندین زانیـاری بـەردەوام تـازە فەراهـەم بێـت (لەمـەڕ تایبەتمەنـدی کـاڵا تازەکـان، شـێوازەکانی بەهرەمەنـدی لـەوان و مێتـۆدە تازەکـانی بازرگـانی و هتـد). نـاکۆکی نێـوان کرێکـارانی (ناپسـپۆڕ) کـە

ئـەزموونی کارییـان هەیـە و ئەوکەسـانەی کـە ئـەزمونیان نیـە، بـەڵام بەڵگەنامەی پەروەردەیان هەیە، لەم پرۆسەوە سەرچاوە دەگرێ، چونکە بۆ زۆربەی کار و پیشەکان، گرنگی پراتیك – لە پێوەندی لەگەڵ هەندێ توانـایی شەخسـیدا ــ لـە زانیـاری فەراهـەم بـوو لـە درێـژەی راهێنـانی پسپۆڕانە، زیاترە.

فێرکاری تیۆریك بەڕادەی پێویست کاریگـەر نیـە، چونکە لـە پراتیك جیاوازە، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەوەیە کە لە ناوەندی ڕاهێنانی کرێکارانی پسپۆڕدا، کاتی تەواو بۆ فێربوونی کارێك و بەئـەزموون بـوون لەئارادایـە. پرسـەکە بـەمجۆرە چارەسـەر نابێـت چـونکە لـە راهێنـانی کرێکـارانی پسپۆڕدا، هەروەك ئێستا باوە، زیاتر گرنگی بـە راهێنـانی گشـتی ئـەدرێت لەچـاو پسـپۆڕی تایبـەت. (لـە دە سـاڵی رابـردوودا ڕێـژەی ئـەو کارانـەی خولیان بۆ کراوەتەوە لە هەموو وڵاتان و هـەروەها لـە هـەنگاریا، زۆر کـەم بۆتەوە). ئەمە پیشان ئەدات کە لە ڕاهێنانی کرێکارانی پسپۆڕدا، زانیـاری فەنی و گشتی لە توانایی تایبەتی گرنگترە.

بەڵام ئـەم پرسـە پێوەنـدی بـە سیسـتمی پـەروەردەوە نیـە (زۆربـەی شاگردەکان بـوارە تیۆریکـەکان بـەجێدێڵن، چـونکە لـەم ناوەندانـەدا، بـە ویسـتەکانیان ناگـەن) بـەڵام بـەم گۆڕینـەی بوارەکـان تـەنیا لـە ئاسـتیکی سنورداردا بە ئامانج دەگەن.

ناوەنـدەکانی پـەروەردەی کرێکـارانی پسـپۆڕ، بەتایبـەت ئەوانـەی کـە بەڵگەنامەی قۆناغی دواناوەندی دەردەکەن دەبێ ئەرکێکی گـرنگ ئـەنجام بدەن: بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگی گشـتی شـاگردەکان، رەنگـە ئـەم

کارە بتوانێ لە کەموکورتی دەرفەتە کارییەکانی ئەوان پێشگیری بکات، بەڵام بەکردەوە لە بەین ئاستی ئەو فەرهەنگە گشتیەدا کە فێرگەکانی دواناوەندی و پەیمانگە فەنییەکان ئاراستەی دەکەن، مەودایەکی قووڵ هەیە و ئەم مەودایە مافی تکنیکخوازی پەیمانگەکان بۆ درێژەدان بە خوێندن لە زانکۆکاندا بەتەواوی ناهەموار دەکات. ئەم دەرفەتە تەنیا بە نەسیبی چەند کەسێکی دەگمەن دەبێ کە هۆش و لێهاتوویی شازیان هەیە. شیاوی وەبیرخستنەوەیە کە بەپێی یەکێ لە تۆژینەوەکانی وەزارەتی کار کە ساڵی 1970 ئەنجامدراوە تەنیا 12/3٪ خوێندکارانی پەیمانگەکان خوازیاری فێربوونی کارێکی پسپۆڕانەن.

هەروەها دەبێ ئەم راستیەش لەبەرچاو بگرین کە کۆمەڵگای ئێمە لاوەکان لە تەمەنێکدا ناچار بە هەڵبژاردنی پیشە دەکات کە خاوەن سەرەبەخۆیی نین. بەمجۆرە ئەوان ناچار دەبن بەدرێژایی هەموو تەمەنیان کارێك ئەنجام بدەن کە بەشێوەی یوتۆپیایی هەڵیان بژاردووە.

کەموکورتی هەڵبژاردنی پیشەکان بە بەرنامەڕێژی گەشە دەکات، چونکە بەرنامەڕێژی رێژەی پێویستی کرێکاران لە چەندین کاری جیاواز و هەروەها لە چەندین پیشەی تایبەتدا لەبەرچاو دەگرێ و لەئاکامدا چەن گەڵاڵەیەکی سرویسی دیاریکەر دادەڕێژێ. لەم روانگەیەدا تەرکی خوێندن ـ راست وەك تەرکی کار ــ بە دیاردەیەکی نگەتیف حساب دەکرێ کە دەبێ بە چەندین مێتۆدی ئیداری، دەروونی ـ فەنی یان تەنانەت کۆمەڵایەتی ــ فەنی لەدژی ئەو خەبات بکەین. سەرەڕای ئەمەش لە هەندێ کاردا، رێژەی ئەو کرێکارانەی کە کارەکانیان بەجێدێڵن بە وەها

ئاستێك دەگات کە خەسڵەتی لاوەکی خودی پرسەکە، پڕمەترسی دەبێت، بۆ نموونە ـ بەپێی تۆژینەوەی وەزارەتی کار کە پێشتر ئامـاژەی پێکرا، ڕێژەی شاگردانی پەیمانگەی کشت و کاڵ کە خوێندن بەجێ دێڵن 42/4٪ لە سـەدە. هـەر بـەوجۆرەی کـە بەڵگـەکان دەری دەخـەن، یـەك لـە سـێی دیپلۆمەکان لە پیشەیەکی تـردا کاردەکـەن. ڕێـژەی گـۆڕینی کـار لـەنێوان لاوانی کرێکاری پسـپۆڕدا لـە سـەرەوەیە. ئایـا دەکـرێ ئـەم دیاردەیـە بـە مکانیزمی ئیداری چارەسەر بکرێت؟

ئەو ڕاستیانەی ئاماژەیان پێکرا و قسەی سەر زاری هەموانە بەئاشـکرا قەیرانی پەروەردەی پسپۆڕانە دەردەخەن. بەڵام ڕەنگە ئەم تێزە بە چەن ڕێگەچـارەیەکی جیـاواز بگـات – تـا ئێسـتاش تـا رادەیـەك گەیشـتووە. سەرەڕای چەندین پێشنیاری فرەچەشـن کـە تـا ئێسـتا ئاراسـتەکراوە، بـە تۆژینەوەی پێکهاتەی بابەتەکە، دەتوانین دوو ڕەوتـی بنـەرەتی بەتایبـەت لەمـەڕ پێوەنـدی شـیاوی نێـوان پـەروەردەی خوێندنگـەکان و نـاوەرۆکی دابەشبوونی کار جیابکەینەوە.

لایـەنگرانی ڕەوتـی یەکـەم (بـە پراکتیزەکردنـی ڕێفـۆرم لـە سیسـتمی پـەروەردەی هەنووکـەدا) لەمـەڕ کەموکورتییـەکانی سیسـتمی پـەروەردە داوەری دەکـەن و هەنـدێ لـەو خاڵانـەی کـە پێشـنیاری دەکـەن شـایانی سەرنج پێدانە. بەڵام ئەم پێشنیارانە ناتوانێ دۆخی ئێستا بگۆڕێ، چـونکە گەوهەری ئەو ناگۆڕێت، چونکە ئەم ڕەوتە ئەو هۆکارانە لەبەرچـاو ناگریـت کە مرۆڤەکان بەدرێژایی تەمەنیان لە پیشەیەکی تایبەتـدا یەخسـیردەکات. بەپێچەوانەوە، ئێمە دەرفەتی گەشەی سیستمێك بـە هـەموار دەزانـین کـە

ڕێخستنی بەرهەمهێنان و پەروەردەی خوێندنگاکان لێکهەڵپێکی، سیستمێك کە جیگای مرۆڤ لەنێو سازمانی دابەشبوونی کاردا بۆ هەموو تەمەن دیاری نەکات، بەڵکوو وەها دەرفەتێك بە مرۆڤ بدات تا بەردەوام لێهاتوویی و تواناکانی خۆی بدۆزیتەوە و ناسنامەی خۆی ببینێتەوە، سیستمێك کە چەندین هەل و دەرفەت بخولقێنێ تا کرێکار بتوانێ لە هەموو ساتەکانی ژیانیدا کار و پیشەکەی بگۆڕێ.

بۆ چەسپاندنی وەها سیستمێك، دەبێ پێوەندی پێکهاتەیی نێوان سیستمی گشتی ئێستا و پەروەردەی فێرگەیی و دنیای کار بپچڕێنین.

ئەرکی سەرەکی سیستمی پەروەردە کە سرویسی پەروەردەی گشتی ئاراستە دەکات، ڕاهێنانی مرۆڤ وەك بونەوەرێکی ئینسانیە نە کرێکارێك کە پێڕەوی دابەشبوونی کارە. بە وتەیەکیتر، ئەم ئەرکە بریتییە لە ئامادەکردنی تاکەکان بۆ زاڵبوون لەسەر مناسباتی کۆمەڵایەتی خۆیان، بۆ دیاریکردنی وشیارانەی چارەنووسی خۆیان.

بەپێی ئەم مۆدێلە دەبێ زانیارییە گشتییەکان بەشێوەی ئورگانیك لە فێرگەوە ئاراستە بکرێت کە بژارتن نە تەنیا بە قسە بەڵکوو بە کردەوە بسڕێتەوە. سیستمی پەروەردەی پسپۆڕانە، لە چەندین ئاستی جیاواز و لە چەندین شێوازی جۆراوجۆردا دەبێ بەشێوەی ڕۆشن لەو جیابێتەوە. ئەم سیستمە بەپێچەوانەی سیستمی پێشوو زانیارییەکان و تواناییەکان بۆ بەشداری لە لقێکی تایبەت لە دابەشبوونی کاردا پێکدێنێ.

لەم ڕوانگەیەدا، ناوەندە پسپۆڕییەکان کە لەئاست هەموان کراوەن، لەگەڵ فێرگەکانی سەرەتایی پێوەندییان دەبێت. هەندێ لەوانە زۆر

زانیـــاری پرۆفیشـــنال و بنـــەرەتی، تایبـــەت و لێهاتوویـــەکان لەئاســـتی جیاوازدا پێشکەش دەکەن، لەکاتێکدا فێرگە پسپۆڕییەکانی دیکە، تـەنیا هەندێ کار یان هەندێ پیشە فێردەکـەن. ئـەم فێرگـە پسـپۆڕییانە دەبـێ لەئاست هەموو ئەوکەسانە کە زانیاری پرۆفیشنالّی بنـەڕەتی یـا گشـتییان هەیە، کراوە بن و دەرفەتی تەواوکردنی خوێندن بۆ ئـەوان فەراهـەم بکـەن خەسلّەتی کـراوە و دیـاری نـەکراوی ئـەم مۆدێلـە، لـە گـۆڕانێکی بنـەمایی گرنگی زیاتری هەیە، چونکە هەلّوەشاندنەوەی بـەکردەوەی ئـەو لەمپـەرە کۆمەلاّیەتیانــە هــەمواردەکات کــە لــە بــەردەم بێبەشــترین کەســەکاندا دەوەستن.

هـەر گرنگیـەك کـە بـۆ بەرابـەری دەرفەتـەکان و نـاوەرۆکی کۆمـەلّگای کـراوە قایـل بـین، ئەگـەر ئـالّوگۆڕی قـوولّی بنـەڕەتی روونـەدات، هـەموو شتەکان هەر لـە ئاسـتی خـەون و خـەیالّی ئـازادی خوازانـەدا دەمێننـەوە. بـــەبێ ئـــالّوگۆری بنـــەرەتی، پێکهاتـــەی ئێســـتای کۆمـــەلّگا لـــە شـــکلّە ســـەرەکیەکانی خۆیـــدا بەرهـــەم دێنێتـــەوە و ســـەرئەنجام وەك خـــۆی دەبپـاریزێ. لـە ئـالّوگۆڕی لـەم جـۆرەدا گـرنگترین خـالّ دروسـتکردنی کونترولّی کۆمەلاّیەتی بەسەر دەسەلاّتی ئیداری دایە.

بەلاّم بـۆ گەیشـتن بـەم ئامانجـە ئاسـتی بـەرزتری پـەروەردەی گشـتی پێویستە...

ناتوانین حاشای لێبکەین کـە بەگشـتی ئـەو کرێکارانـەی کـە خوێنـدنی دواناوەندییان تەواو کردووە لە کارەکەی خۆیان چاوەڕوانی زۆریان هەیە و زۆرجار پیشە دەستییەکان ناتوانـێ ئـەم چـاوەڕوانیە دابـین بکـات. بـەلاّم

کۆمەڵگا دەبێ لە وەها خواست و داخوازییەك بەهرەمەند بێت، چونکە بە یارمەتی ئەوانەیە کە چەندین ئاڵوگۆڕی فرەچەشن و ئەکتیف لەناخی ڕێخراوی کاردا دەچەسپێت.

ئاکامی سروشتی ئەم سیستەمە پێشنیارکراوە، پێکهێنانی سیستەمی پەروەردەی ڕێك و پێك و بان پسپۆڕییە بە دوو مانا. لەلایەکەوە بە وەها سیستەمێکی پەروەردەوە، زۆربەی کرێکاران بە ئاستی فێربوونی گشتی دەگەن کە لە فێربوونی هەندێ کاری لاوەکی، بەرزترە. لە هەمان حاڵدا، ڕێژەی ئەو کرێکارانەی کە پەروەردەی پسپۆڕانەیان دەرفەتی کار و پیشەیان بۆ دەرەخسێنێ لە ڕێژەی پێوست زیاتر دەبێت. ترس لە وەها سیستەمێکی پەروەردەیی بان پسپۆڕی، لە روانینی رەخنەگرانە بۆ کۆمەڵگا پێشگیری دەکا و یەکێ لە ئاستەنگە سەرەکییەکانە کە لە بەردەم پێکهێنانی ڕێخراوی بەرهەمهێنانی سازگار لەگەڵ پێوەرە سۆسیالیستیەکان دایە.

ئێمە پێمان وایە کە دەبێ جۆرێك ڕێخستنی مودێرنی کار گەشە پێبدەین کە بە سەرنجدان بە ئاستی فەنی دیاریکراو، خودموختاری و بەرپرسایەتی گەشندە و هەروەها دەرفەتی بەرینبوونەوەی بڕیاردان بۆ هەر کرێکارێك فەراهەم بکات. کرێکار ئیتر لەژێر زەختی دەسەڵاتخوازانەدا ئەرکی خۆی ئەنجام نادات. بەڵکوو لەجیاتی ئەو وەك بەرپرسی کارێکی تایبەت دەور دەبینێ. کرێکارانی پەروەردەکراوتر کە ویست و داخوازی گرنگتریان هەبێت، دەتوانن زۆر ئاڵوگۆڕی فەنی دابهێنن، کە لە ئاڵوگۆڕی ئابووری گرنگتر بن.

ئەگـەر ڕێژەیـەكی بـەرین لـە كرێكـاران ئاسـتێكی فەرهـەنگی بـەرزیان هەبێت، و ئەگەر دۆخی گشتی كـار بـاش ببێـت، ئەگـەر توێـژێكی نـوێ لـە كرێكـارانی گەشــە بكـات، گرنگـی حـەیاتی هەیـە. ئـەم توێـژە دەتوانـێ كونترۆڵی كۆمەڵایەتی واقعی لە هەموو ئاسـتێكی بەڕێوبەریـدا بەدەسـتەوە بگرێ و بەئەنجامی بگەیەنێ. لە هەمان حاڵدا، ئەنـدامانی ئـەم توێـژە وەك گرووپێكی ئینسانی دەرفەتی بزاڤی زیاتریان دەبێت.

لەڕاســتیدا سیســتمی پــەروەردەی بــان پســپۆڕی كــە ئامــانجی ئــەو ئاراستەكردنی بارهێنـانی گشـتی بـەرزترە، ئـیتر لەگـەڵ ڕەخنـەی تیۆریـك بەرەوڕوو نیە. ئەو ڕەخنەیانەی كە هەن بەگشتی لەسەر ڕەخنەی پراتیكی ڕاوەستاون و بەر لە هەر شتی دەگەڕێنەوە بۆ ئەم نگەرانیە كە ئەو ویسـت و داخوازییەی بەرهـەمی ئاسـتێكی بـەرزتری فەرهـەنگن، دابـین نـەكرێن و ببنە هـۆی ڕەخنـە و ناڕەزایـەتی. پاشـان تێبینـی ئـابووری دێتـە ئـاراوە: "سەرچـاوەكانی" پـەروەردە كـە ئیمكـانی نیـە بەشـێوەی ڕاسـتەخۆ لـە بەرهەمێنانی كۆمەلایەتیدا بەكار ببرین، زیادی حساب دەكرین.

دۆخەكە لەمەڕ سیستمی پەروەدەی بان پسـپۆڕی، جیـاوازە، یـانی لـە بابەتێكدا كە ڕێژەی ئەوكەسانەی كە كارێك فێر دەبن لە ڕێژەی پێویسـت، زیاترە. نگەرانییەكانی پێشـوو – لەمـەڕ ناڕەزایـەتی و اسـراف – لەلایـەن دوو ڕوانگەی سیاسـی، یـان ئایدیۆلۆژیكـەوە گەشـەیان پێـدەدرێت كـە تـا ڕادەیــەكی زۆر گــرنگن: نگــەرانی لــە بێكــاری پێكهاتــەیی و نگــەرانی لــە ناوەڕۆكی بەرنامەڕێژی نەكراوی ئـەم دیاردەیـە. لەڕاسـتیدا، ئـەم ڕوانگانـە سیسـتمێك ڕەت دەكەنـەوە كـە لـە ڕێگـەی پێكهێنـانی سـازگاری لـەنێوان

رێخراوەکانی بەرهەمهێنان و سیستمی پەروەردەدا تێبکۆشی و رێژەی کار و پیشە جیاوازەکان بەروشنی دیاری بکات.

سەرەڕای ئەمەش ئەگەر کۆمەڵگایەکی بەراستی کراوە لەبەرچاو بگرین، پەروەردەی بان پسپۆڕی لە هەموو کار و پیشەکاندا نە تەنیا هۆکارێکی سەرەکیە بۆ گەشەپێدان بە پانتایی خودموختاری تاك، تا بتوانێ شیاوترین جێگا لەنێو سیستمی دابەشبوونی کاری ئێستادا بدۆزێتەوە، بەڵکوو بۆ گۆڕینی بنەمایی ئەکتیڤیش کە لەجیاتی سازگارکردنی مرۆڤ لەگەڵ پیشەکەی، پیشە لەگەڵ مرۆڤ سازگار دەکات، زۆر پێویستە. بە وتەیەکیتر ئەمە تاقە شێوازی پێکهێنانی دۆخێکە کە لەودا تاك دەتوانێ بەکردەوە لەنێوان کار و پیشە جۆراوجۆرەکاندا دەست بداتە هەڵبژاردن و لە هەمان حاڵدا ئەو دەرفەتەش بۆ کۆمەڵگا لە هەڵبژاردنی چەندین کاندیدای فرەچەشندا دەرەخسێنێ. ئەم پرۆسەیە بێگومان لە درێژەی کاتی کاری رەسمیدا، خێرایی کار زیاتر دەکات. تێکرای ئەم دۆخە سەرئەنجام هەلومەرجێك دەڕەخسێنێ کە لەودا زیاترین بەشی کاتی دەرەوەی کار دەتوانێ وەك کاتی ئاسایشی واقعی دەرکەوێت، هەلومەرجێك کە دۆخی باسکراوی بەشی یەکەمی ئەم وتارە لەنێو دەبات. کرێکار لە وەها دۆخێکدا موچەیەکی کەم وەردەگرێ و لەئەنجامدا، لە درێژەی سەعاتی کاری رەسمیدا، کاری خۆی بە خێراییەکی کەمترەوە ئەنجام ئەدات. ئەو داهاتی خۆی بەو موچەیە کە لە دەرەوەی کاتی کاری رەسمی بەدەستی دێنێ، زیاد دەکات. سیستمی پەروەردەی بان پسپۆری کە لە سەرەوە باسکرا، چەندین بزوێنەر بۆ تاکەکان

دەخولقێنێ تا کار و پیشەکان ئازادانە هەڵبژێرن و کاتی ئاسایشی زیاتریان بۆ گەشە و پشکووتنی خۆیان سەرف بکەن.

بەڕای ئێمە، ڕێك هەر لێرە دایە کە لەلایەکەوە پێوەندییەکی تازە لەنێوان ئاڵوگۆڕی پێشنیارکراو و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە سەردەمێکە لە ڕێخراوی بەرهەمهێنان و پرسی ئاسایشدا، چاوەڕوانی دەکەین، و لەلایەکیترەوە لەنێوان سیستمی پەروەردەی گشتی و سیستمی پەروەردەی پسپۆڕانەدا هەموار دەبێ تا مرۆڤ بۆ تێکۆشانی ئازادانەتر لە دوو بواری ژیاندا ئامادە بێت، بەجۆرێك کە بتوانێ خودموختاری خۆی گەشە پێبدا و وەك ئینسان بە گەشەی تەواو بگات.

هەڵەکانی چەگوارا

میکولوش هاراستی

(1)

ئایدیالیزم

بەهۆی نەناسینی یاساکانی ڕێبەری
قەت نەیتوانی خۆشەویستی خۆی
لەسەر بنەما بەرهەستەکان دابڕێژێ.

بۆ بەرخۆدان لەئاست دەنگۆکان
لە کۆڕ و متینگاندا
رازی دەسەڵاتدارانی
بۆ جەماوەر دەوتەوە.

(2)

هاودەستی

لەگەڵ ئەمریکییەکان تەواو هاودەنگ بوو
زۆر بەڵگەی روون بەدەستەوەن
کە بە نهێنی خەریکی ئاشتی و سازان بوو
بۆ وێنە
بە ڕادەی ڤێتنامی دەویست
کە ئەمریکییەکان،
بێ یەکێ کەمتر

(3)

دووڕوویی

دووڕوویی ئەو لەوەدابوو
کە بە هێزی وتەکانی خۆی
بڕوای نەبوو

بەردەوام دەیوت
شۆڕشێك لەئارادا نیە و نابێ
ئەگەر کەسێ بۆی نەجەنگێ

(4)

چەپڕەوی

جۆرێك ئەخلاقی کار لەپێناو کاری ستایش دەکرد
بەڵام لەڕاستیدا
سەرسەختانە نکۆڵی لێدەکرد.

پارە
بایەخی هەموان دیاری دەکاو
بەرەو کاری قارەمانانە هانمان ئەدا

(5)

ئاژاوەگێڕی

لەوپەڕی کامەرانیدا
بنەماڵەکەی بەجێهێشت
بنەماڵەیەکی پڕحەشیمەت

چەندین پیشەی شکۆمەندی
سەرۆك بانك، پزیشك و وەزیری
بە ناوبانگی بەڕێزی میلیشیای پێشوو گۆڕیەوە.

(6)

ڕڤیزیۆنیزم

خۆی بە مارکسیست دەزانی
بەڵام بەشێوەیەکی سەمەرە
لەو شتەی کە هیۆمانیزم لە دوو هەزار ساڵ پێشەوە
دەیوتەوە، بێخەبەربوو.

نەیدەزانی ئەوەی بە تفەنگ بجەنگێ
ڕۆژێك بە تفەنگ دەکوژرێ.

شۆڕش یان بشێوە؟

رافیش هایدۆ

(...) شاعیرێکی لاو لە بەرەی نوێ تێدەکۆشێ بەناوی مارکسیزمی چەواشەوە لە ئاست مارکسیستەکان داکۆکی لە چەگوارا بکات. (هەڵەکانی چەگوارا، Uj Iras, 12, 1969).

ئەگەر تەنیا ئەم بابەتە لەئارادا بایەت دیالۆگ لەمەڕ ئەو بێسەمەر بوو. بەرهەمی ئەم شاعیرە هەوڵێکی بێهوودەیە کە دەیەوێ فکرێکی شڵەژاو بکاتە شیعر. نووسەر هونەری شیعر دەناسێ، بەڵام ئەم شیعرەی سەرکەوتوو نیە.

شاعیری لاو بە لووتبەرزیەکی بێشەرمانەوە، کە زۆر جێگەی سەرسوڕمانە، رەخنە مارکسیستییەکان لە رێبازی چەگوارا رەتدەکاتەوە، بەڕای ئەو ئەم رەخنەیە تەنیا تۆمەت و بەدناوکردن بووە.

بەپێچەوانەی مرۆڤدۆستی والاَ و مەرگی تراژیک و خەماوی چەگوارا، تۆژینەوەی ئەوە کە بۆچی دەبێ مارکسیستەکان لەمەڕ تاکتیك و ستراتژی ئەو باس و دیالۆگ بکەن و هەروەها دیالۆگ لەگەڵ لایەنگرانی ئەندێشەی ئەو کە دەیانەوێ لە تیۆری و پراتیکدا بیچەسپێنن، زۆر لە باسەکەمان دوورمان دەخاتەوە.

بێگومان چەگوارا کەوتۆتە بەر هێرشی ناڕەوای چەندین تاقمی سکتەوە. بەڵام رەخنەی چەپی شاعیری لاوی ئێمە، لەراستیدا ستایشێکە لەو شتەی بە خەیاڵی ئەو، مارکسیزم دەبێ وابێ، رەخنەیەك لە دژی ئەو مارکسیستانەی کە بە کونسرڤاتیف و سازشکار ناوبراون. شیعری ئەو هەموو رەخنەگرانی چەگوارا دەگرێتەوە.

خـاڵێکی جێگـەی سـەرنج ئەوەیـە کـە شـیعری ئـەو لـە کەسـێتی ئـەو سەرتردەچێ و ئێمە لەگەڵ رەوتێکی مەعنەوی و ئەخلاقی بەرەوڕوو دەکا کە لە بازنەیەکی – بەرتەسکدا – لەنێوان لاوانی رۆشـنبیری وڵاتـی ئێمـەدا باوە و مەترسی ئەوە هەیە پەرەبگرێ.

مەبەستی من چەپڕەوییە کە نوێنـەرانی ئـەو خوازیـاری "دیموکراسـی بێسنوور"ن و بانگەشەی "خۆنەویستی شۆڕشگێڕانە" دەکەن.

من پێموایـە دەبـێ لـە روانگـەی مارکسیسـتییەوە رەخنـە لـەم رەوتـە بگرین.

لەم دوا ساڵانەدا، بەشێکی – بەرتەسك – لە لاوانی رونـاکبیری وڵاتـی ئێمە رادیکاڵتر بوونەتەوە. ئەم دیاردەیە سەرەڕای هەنـدێ لایـەنی بـاش و پێویست، بە رێگایەکی چەوتدا دەڕواتەپێش. ئێستا ئاشکرا دەبێ کـە ئـەم نەخۆشـییە منداڵانەیـە کـە لەمێـژە ناسـراوە، خەریکـە بەشـێوەیەکی نـوێ دەردەکـەوێ، بـە چـەندین فکـری تێکـەڵ و پێکەڵـەوە، چـونکە لەگـەڵ سەنتێزێکی ناڕەخنەگرانە لە ئەندێشەکانی رژی دۆبـرە، مـائو، و چـەگوارا، یان ئەندێشەی بزاڤی خوێندکاری رۆژاوایی بەرەوڕووین.

ئێمە ناتوانین ئەم روانگەیە قەبوڵ بکـەین... ئێمـە دەبـێ لـە چـەندین باسی تایبەتدا و هەروەها لە بەرهەمـە هونەرییەکانـدا ئـەم فکـرەی چـەپی توندڕەو لە هەموو ئاستەکانی ژیانی فکریدا وەك هێزێکی زیندوو و کاریگەر لەقەڵـەم بـدەین. ئەندێشـەی "دیموکراسـی بێسـنوور"و "خۆنەویسـتی شۆڕشـگێڕانە" چـونکە زۆر پـەرەیان سـەندووە، لـە هـەموو گـرنگترن. نووسەری لاو لە شیعرەکەیدا داکۆکی لەم فکرانە دەکا.

نووسـەر وادەنوێنـێ کـە لەگـەڵ ئـەو رەخنەیـە کـە شـێوەی رێبـەری چـەگوارا لەمـەڕ دیموکراسـی و دەرسـەکانی لەمـەڕ تاکتیـك و سـتراتیژی، هاودەنگە، بـەڵام لەراسـتیدا، بـەکردەوە ئـەم رەخنەیـە رەت دەکاتـەوە و بەشەیداییەوە هەڵەکانی چەگوارا ستایش دەکات.

روناکبیرانی لاوی ئێمە — ئەوجۆرەی کە لە باس و راگەیاندنی زۆردا بەیان کراوە — داوای دیموکراسی رەها دەکەن.

لایەنگران و خوازیارانی دیموکراسی رەها لە بیریان دەچێ کە دیموکراسی کاتێگورییەکە بە مناسباتی چینایەتییەوە بەستراوە و یەکێ لە توخمە پێکهێنەر و گرنگەکانی ئەوەیە کە بەرژەوەندی چینایەتی بەیان دەکا و لەئەنجامدا بەناچار ئیمکانی چەسپانی نیە مەگەر ئەوە کە بەرتەسك بکرێتەوە.

دیموکراسی سۆسیالیستی ئیستای ئێمە، لە سەردەمی خەباتی چینایەتی لە ئاستی جیهانیدا، لایەنگری بەرژەوەندی دوو چینی بنەڕەتی رێبەر و هاوپەیمان و ئەو توێژانەیە کە بەوان پەیوەست بوون.

ئەگەر سنووورە پێویستەکانی ئەمڕۆ هەڵوەشێنینەوە، لەراستیدا دیموکراسی سۆسیالیستیمان هەڵوەشاندۆتەوە کە پیشاندەری بەرژەوەندی حەیاتی حکومەتی چینی کرێکار و جوتیاران — ی هاوپەیمان— ـە.

دەبێ لەو تەگەرە و کەموکوڕتییە سەرەڕۆیانە رەخنە بگرین کە لەجیاتی خزمەت بە دیموکراسی سۆسیالیستی واقعی، خزمەت بە دیموکراسی تاقم و گرووپی کاربەدەستانی دەوڵەتی دەکەن.

بەڵام ناکرێ ئەم رەخنەیە بە دەستەواژەی ئابستراکت ئاراستە بکەین کە ناکۆکی تایبەت بەخۆی هەیە: چەمکی دیموکراسی رەها. خواستی خۆنەویستی شۆڕشگێڕانە، تەنیا بژارێکە کە رەخنەی پێویست لە دیاردەکانی وردەبورژوازی لەنێو ئێمەدا دەشارێتەوە.

لایەنگرانی خۆنەویستی بنەمای پاداشی مادی رەت دەکەنەوە، ئەوان پێیانوایە کە هاوکات لەگەڵ گەشەی ئاسایشی چینی کرێکار، وورەی شۆڕگێڕانەی ئەو کزدەبێت.

ئەم بۆچوونە هەم لەگەڵ ڕوانگەی مارکسیستیدا لە ناکۆکی دایە و هەم لەگەڵ شێوەژیانی سۆسیالیستی ئێمەدا. زۆر پێویستە کە لاوانی توندڕەوی ئێمە، لەجیاتی بەفیڕۆبردنی کاتی خۆیان بۆ گاڵتەی روناکبیرانە، تێبگەن کە سەرەڕای کاری دژوار ئێمە، لە هەنگاریا جۆرێك ئاسایش هەیە کە لە عەیش و عشرەت بەدوورە. باشترە ئەوە بزانن کە وڵاتی ئێمە ماوەیەکی زۆر نیە کە سەردەمی خۆنەویستی تێپەڕاندووە و گەڕانەوە بۆ دواوە، سامناکە. ئەوان نابێ شۆڕش لە ئاسایش جیابکەنەوە: ئەم دوانە لە پەنای سۆسیالیزمدا یەکتر رەت ناکەنەوە. دەبێ لە ئاکارێ خۆیان دوور بگرن کە بانگەوازی شۆڕش دەکا، بەڵام بە نادیدەگرتنی راستیەکان تەنیا بە کارەسات دەگات.

وڵامی میکولوش هاراستی
بۆ
رافیش هایدۆ

من لەوپەڕی حەپەساندا، لە نێو وتارەکەی رافیش هایدۆ خۆم دیتەوە. بۆیە دەڵێم خۆم دیتەوە، چونکە لە وتارەکەی ئەودا تەنانەت ناوی من نەهاتووە و تەنیا دەوترێ کە باسی شیعری من (هەڵەکانی چەگوارا) دەکات کە لە ژمارەی دێسامبری Uj Irasدا چاپکراوە.

من پێم خۆشە لەمەڕ شیعرەکەم، لەمەڕ ناوەرۆکی ئەو و هەموو ئەو بابەتانەی کە رافیش هایدۆ لە وتارەکەیدا باسی کردووە، بە درێژی قسەبکەم. بەڵام نامەوێ لەمەڕ مافی ئازادی بەیان قسەبکەم. ئەو پێی وایە کە من لە شێعرەکەمدا باسی ئەو ناو و ناتۆرانەم کردووە کە خراونەتە پاڵ چەگوارا، بەڵام نامەوێ لە خۆم بپرسم کە ئایا رافیش هایدۆ لە وتەکانی دیکەیدا راست دەکا یان نا.

چونکە ئەگەر کەسێ لە بوارێکدا پسپۆڕ نەبێت، دەبێ لە هەموو بوارەکاندا هەروا بێت. ئەگەر هەموان لە هەموو بوارێکدا پسپۆڕ بوبان چی دەبوو؟ ئایا رافیش هایدۆ شایستەیی ئەوەی هەیە کە لەسەر مارکسیست بوونی خەڵکیتر داوەری بکات؟ کێشەکە ئەمەیە: ئایا چەگوارا مارکسیستە؟ "ئێمە" توندڕەوەکان، چەپە رادیکاڵەکان، ئەوجۆرە کە رافیش هایدۆ ناومان دەبات — بە مارکسیسزمی سادەی خۆمانەوە پێمان وایە کە ئەو مارکسیست بووە. یان لانیکەم ئەو بە شۆڕشگێڕێکی رۆشنبینی سەردەمی خۆمان دەزانین...

نابێ لە کەسێك داوای رەفتاری مارکسیستی بکەین، مەگەر ئەوە کە ئەو بە مارکسیست بزانین. بۆیە ئاماژە بەم خاڵە دەکەم چونکە رافیش هایدۆ بە پارێزەوە لە پرسی سەرەکی هەڵدێت: ئایا چەگوارا بە مارکسیست دەزانێت؟

شیعری من چەندین رەوت و بزاڤی فرەچەشنی بۆ زیندوو دەکاتەوە. ئەو لەئاست ئەم رەوتانە، بەشێوەی دوگم و سکتاریستی راوەستاو تووشی سەرسوڕمانی کردین.

ئەڵبەت لە بزاڤە خوێندکارییەکاندا و بەگشتی لە رەوتە شۆڕشگێڕانە رەسەنەکاندا، زۆر توخمی ناکۆك هەن، بەڵام ئێمە چونکە مارکسیستین ناتوانین هاوسۆزی خۆمان لەگەڵ ئەم بزاڤانە دەرنەبڕین.

ئێمە ناتوانین بە نیوە دڕێك کە جێگایەك بۆ ناکۆکی نەهێڵێتەوە، خۆمان لە رژی دۆبرەی شۆڕشگێڕ جیابکەینەوە. ئەو چوارەمین ساڵی زیندانی خۆی تێپەڕدەکا و من زۆرم پێخۆشە کە لەگەڵی دیالۆگ بکەم (ئەرێ لەگەڵ ئەو) چونکە ئەمە بەو مانایەیە کە ئەو دوبارە ئازاد بووە. کاتێ رافیش هایدۆ ئیتر بزاڤێکی سیاسی نیە هەتا رێکی بخات، بە داهێنانی چەندین دەستەواژەی لەمجۆرە خۆی دڵخۆش دەکات: "خۆنەویستی شۆڕشگێڕانە" و "دیموکراسی بێسنوور". من دڵنیام کە ئەم چەمکانە تەنیا هی خودی رافیشن و بەس.

مەبەستی من ئەوە نیە کە ئێمە خوازیاری دیموکراسییەکی کراوەتر لە وەی کە لە وتارەکەی ئەودا هاتووە، نین و خۆنەویستی شۆڕشگێرانەی پێویست لە هەندێ دۆخی مێژووییدا پروتستۆ دەکەین. بەڵام ئەوەی هایدۆ لەم چەمکانە هەڵیدەهێنجێ (دیموکراسی بێسنوور: رەتکردنەوەی خەسڵەتی چینایەتی دیموکراسی، خۆنەویستی شۆڕشگێڕانە: دژایەتی لەگەڵ ئاسایش و بەختەوەری چینی کرێکار) لە شیعرەکەی مندا نیە و لەگەڵ ئەندێشەی مندا نایەتەوە.

رافیش هایدۆ هەموو ئەم شتانە دەڵێ بێئەوەی کە تەنانەت دێڕێك لە شیعرەکەی من بە بەڵگە بێنێتەوە. ئەو ئەم شیعرە "دەنرخێنێ"، بەڵام هیچ دێڕو هیچ بڕگە و هیچ ئەندێشەیەکی بە بەڵگە ناهێنێتەوە.

جێگیرکردنی دەستەواژەی سیاسی لەجیاتی توێژینەوەی "جوانیناسانەی کۆنکرێت" هەر ئەو شتەیە کە ئیگنوتوشی نووسەر، کە ناکرێ بە مارکسیستی بزانین، لە سەرەتای ئەم چەرخەدا بە "جوانیناسی ئەشکەنجە" ناودێری کردووە، مێتۆدێك کە ئەدەبیاتی پێشڕەوی هەنگاریا بەردەوام لەگەڵ ئەو خەباتی کردووە. هەر ئەم مێتۆدی کۆنی "رەخنە"ی داڕزیو و دژەئەدەبەیە کە منی بۆ نووسینی ئەم وڵامە هانداوە.

---

19 Esthetique concrete.

Ignotus 169، نووسەری هەنگاری (1869–1949)، رەخنەگری رۆشنبین و وردبین، خاوەن ستایلێکی ئێجگار تایبەت، قارەمانی لیبرالیزم و رەوتە مۆدێڕنەکان لە سیاسەت و ئەدەبیاتدا. بە چالاکی و بە نووسراوەکانی لە دژی دزێوییەکانی جەنگ ئاخێز دەکا، و لە ژیانی ئەدەبی هەنگاریادا رۆڵی پلە یەك دەگێڕێ– و.

فەرهەنگی كۆن و فەرهەنگی نوێ

جۆرج لوكاچ

1

گەشەی كۆمەڵگا پرۆسەیەكی یەكە و یەكپارچەیە، یانی هیچ قوناغێكی تایبەت لە گەشەی كۆمەڵگا بەئەنجام ناگات مەگەر ئەوە كە لەسەر هەموو هەرێمەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی كاریگەر بێت. بەهۆی ئەم گونجاوی و یەكانگیرییەی گەشەی كۆمەڵایەتی ئەم دەرفەتە دەڕەخسێ كە پرۆسەیەكی یەكسان لە روانگەی ئەم یان ئەو دیاردەی كۆمەڵایەتیەوە دەرك بكەین و زانیاریەك لەو بەدەس بێنین. بەمبۆنەوەیە كە دەتوانین باسی فەرهەنگ بەجیا لە دیاردە كۆمەڵایەتیەكانی تر بكەین، چونكە ئەگەر فەرهەنگی هەر قوناغێك بەباشی دەرك بكەین هاوكات لەگەڵ ئەو سەرچاوەی گەشەی گشتی ئەو قوناغەش دەرك دەكەین، هەر بەوجۆرە كە لە كاتی شرۆڤەی مناسباتی ئابووریشدا وادەكەین.

بورژوازی بە شیوەن و گریانەوە بۆ روخانی نەزمی سەرمایەداری زۆرجار بانگەشەی ئەوە دەكات كە نگەرانیی واقعی ئەو لەپێناو گەندەڵ بوون و داڕزینی فەرهەنگ دایە و داكۆكی لە بەرژەوەندی چینایەتی خۆی بەجۆرێك ئاراستە دەكات كە گۆیا بناغەی ئەم بەرژەوەندییە بەها هەتاهەتاییەكانی فەرهەنگ پێكدێنێ. بەپێچەوانەوە، سەرەتای تێكڕای ئەو بیرو ڕایە كە لەم وتارەدا ئاراستەی دەكەین ئەم روانگەیە كە فەرهەنگی چاخی بورژوازی لەخۆیدا و لەپاش لێكترازانی ئابووری خەریكە

دەپووکێتەوە. کەوابوو بەپێچەوانەی نگەرانیەکانی بورژوازی، پێویستی حەتمی وادەخوازی کە لەپێناو بەرژەوەندی فەرهەنگ، لەپێناو کردنەوەی رێگایەك بەرەو فەرهەنگی نوێ، پرۆسەی درێژخایەنی مەرگی کۆمەڵگەی بورژوازی بە کۆتایی بگات.

ئەگەر فەرهەنگی دوو سەردەم لە روانگەیەکی زانستییەوە سەیری بکرێ پرسی سەرەکی ئەمەیە: دۆخی ئابووری و کۆمەڵناسانەی بوون و مانەوەی فەرهەنگ کامەیە؟ وڵامێك کە سەرئەنجام دەبێ لەوەوە دەس پێبکەین لە پێوەندی نێوان فەرهەنگ و پێشمەرجە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو بەدەست دێت. بەڵام بەڕاستی فەرهەنگ چیە؟ چەمکی فەرهەنگ (لەئاست چەمکی شارستانیەتدا) لە یەك وتەدا بریتیە لە تێکڕایی بەرهەم و وزەو توانایيە بايەخدارەکان کە لەپێناو پاراستن و دابینکردنی خێرایی ژیاندا پێویست نیە. بۆ نموونە جوانی دەروونی و دەرەکی خانوویەك لەئاست رەهەندی پایەداری و سەقامگیری و لایەنی ئەمنی و ئاسایشی ئەو بە فەرهەنگ دەژمێردرێت. کەوابوو کاتێ دەپرسین: دەرفەتی کۆمەڵایەتی فەرهەنگ لەچی دایە؟ دەبێ بڵێین: فەرهەنگ لە خزمەت کۆمەڵگەیەك دایە کە لەودا دابینکردنی نیاز و پیویستییە سەرەتاییەکان رەنگە بەشێوەیەك بێت کە بۆ دابینکردنی ئەم پێویستییانە ناچار نەبێت دەستەویەخەی کار و تێکۆشانێکی تاقەت پروکێن بێت کە هەموو وزە و توانای ئەو لەنێو ببات، بە وتەیەکیتر فەرهەنگ لە جێگایەکدا دەردەکەوێ کە وزە و توانای ئازادانە لە خزمەت فەرهەنگدا بێت.

لێرە دایە کە فەرهەنگی کۆن هەر هەمان فەرهەنگی چینی دەسەڵاتدارە، چونکە تەنیا چینە دەسەڵاتدارەکان لە بارودۆخێکدا بوون کە توانیویانە هەموو تواناییە بەهادارەکانی خۆیان بەدەر لە نگەرانی و خەمی نان و

ژیان بخەنە خزمەت فەرهەنگ. لێرەشدا وەك هەر شوێنێکیتر سەرمایەداری تێکـڕای نـەزمی کۆمەڵایـەتی ژێـراوژوور کـرد و هـەموو ئیمتیازەکـانی فیۆداڵەکان و لەهەمان حاڵدا ئیمتیازە فەرهەنگیەکانی کۆمـەڵگای فێـودالّی سڕییەوە. بەتایبەت سەرمایەداری چینی دەسەلاّتدار یانی بورژوازی بەرەو خزمەتکردن بە بەرهەمهێنان پاڵپێوەنا.[170] تایبەتمەنـدی شـازی بـورژوازی لەئاست سیستمەکانی پێشوو ئەوەیە کە لـە سـەرمایەداریدا خـودی چـینی چەوسـێنەر لـەنێو پرۆسـەی بەرهەمهێنانـدا یەخسـیر دەبێـت و چـینی زاڵ ناچار دەبێت کە وزە و توانـایی خـۆی لـەپێناو خـەبات بـۆ بەدەسـتهێنانی سـوودی زیـاتر سـەرف بکـات، رێـك هـەر بـەوجۆرەی کـە چـینی کرێکـار ناچاردەبێت کە هەوڵ و توانایی خۆی لەپێناو نان سەرف بکات.

(بۆ نموونە مـدیری کارخانـەی سـەردەمی سـەرمایەداری لەگـەڵ ئاغـای سەردەمی سێرف[171] بەراورد بکەن). وادیارە ئـەم نمونەیـە لەگـەڵ زۆربـەی ئـەو مفـت خـۆرە تەوەزلانـەی کـە چـینی بـورژوا پـەروەردەیان دەکـا و داکۆکیان لێـدەکات لـە نـاکۆکی دایـە. سـەرەڕای ئەمـەش نابـێ رواڵـەت و نیشـانەکان گەوهـەر و نـاوەرۆکی کێشـەکەمان لێ ون بکـات چـونکە کاتـێ باسـی فەرهـەنگ لـەئارا دایـە تـەنیا دەبـێ باشـترین هێزەکـانی چـینی دەسەلاّتدارمان مەبەست بێت. لە سەردەمانی پێش بورژوازیدا ئـەم هێزانـە لـەنێو مناسـباتێکدا جـێگیر دەبـوون کـە دەیـانتوانی وزە و تواناییـەکانی خۆیان بۆ گەشەی فەرهەنگ تەرخان بکەن، بەلاّم بـورژوازی بەپێچـەوانەوە

[170] -Engels, Zur wohnungsfrage, p. 17.
[171] -Sefrdom.

ئەم هێزانەی وەك كۆیلەی بەرهەمهێنان لێكردووە، رێك هەر بەوجۆرەی كە كرێكارانی تووش كردووە (هەرچەند كە لەرووی مادییـەوە كویلـەتی ئـەوان لەگەڵ كویلەتی كرێكاران بەتەواوی جیاوازە).

رزگـابوون لـە بـورژوازی بـەمانای رزگـاری لـە دەسـەڵاتی ئابوورییـە. شارستانیەت دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر سروشـتدا فەراهـەم دەكـات بـەڵام لـە درێـژەی ئـەم پرۆسـەدا خـودی مـرۆڤیش دەچـێتە ژێـر دەسـەڵاتی هـەمان ئـامێرەوە كـە سروشـتی دەسـتەمۆ كـردووە. بـورژوازی تەشـقی ئـەم دەسەڵاتەیە. لە بورژوازیدا هیچ چینێك نیـە كـە بـەهۆی جێگـای خـۆی لـە سیستمی بەرهەمهێناندا بۆ پێكهێنانی فەرهـەنگ بـانگ بكرێـت. روخانـدنی سـەرمایەداری، یـانی رسـكانی كۆمەڵگـەی سۆسیالیسـتی، رێـك ئـەم رەهەندانەی پرسەكە دەگرێتەوە. سۆسیالیزم دامەزراندنی نەزمێك دەكاتـە ئامـانجی خـۆی كـە لـەودا هەركەسێك دەتوانـێ بـە مێتۆدێـك بـژی كـە لـە سـەردەمانی پـێش بورژوازیـدا تـەنیا بـو چـینی زاڵ فەراهـەم بـووو، و لـە بورژوازیدا بۆ چینی زاڵی هەنووكە هەموار كراوە.

لەم خاڵە دایە كە مێژوویی مرۆڤایـەتی بەراسـتی دەس پێـدەكات، هـەر بەوجۆرەی كە مێژوو بەمانای كۆنی وشەكە بە شارستانیەت دەستی پێكرد و خەباتی مرۆڤ لەگەڵ سروشت لـە سـەردەمی "پـێش مێـژوو"وە دەسـتی پێكرد، هەر بەمجۆرەش نووسـینی مێـژووی سـەردەمی داهـاتوو، مێـژووی واقعـی مرۆڤایـەتی، بـە سۆسـیالیزمی گەشـەكردوو دەس پێـدەكات. لـەو كاتەدا دەسەڵاتی شارستانیەت وەك دوهەمین قۆناغی پێش مێـژوو حسـاب دەكرێت.

2

کەوابوو حەتمیترین تایبەتمەندی کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەمەیە کە ئیتر ژیانی ئابووری ئامێرێك بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی نیە بەڵکوو لە ناوەندی هەموو شتێکدا جێگیر دەبێ و لەخۆیدا وەك ئامانج و مەبەستی هەموو چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان دەردەکەوێ. یەکەمین و گرنگترین بەرئەنجامی ئەم کارە ئەوەیە کە ژیانی کۆمەڵگا وەك جۆرێك پێوەندی سەوداگەری لێدێ و خودی کۆمەڵگاش وەك بازاڕێکی گەورە دەردەکەوێ. لە ئەزموونەکانی ژیانی تاکیدا ئەم دۆخە خۆی لە فۆرمی کاڵادا دەردەخات، فۆرمێك کە هەموو بەرهەمەکانی چاخی سەرمایەداری و هەروەها هەموو تواناکانی بەرهەمهێنەران و خولقێنەران وەك پەردەیەك دەگرێتەوە. ئیتر هیچ شتی لەخۆیدا یان بەهۆی بەهای دەروونی خۆیەوە (بۆ نموونە بەهای هونەری و ئەخلاقی) بایەخدار نیە. هەر شتێك تەنیا بەو هۆیە بایەخی هەیە کە لە بازاڕدا دەکەوێتەبەر کڕین و فرۆشتنەوە. پێویست بە هیچ شرۆڤەیەکی قووڵ ناکات تا پیشان بدەین کە ئەم کارە تا چ رادەیەك بۆ هەموو فەرهەنگەکان رۆخێنەرە. راست هەر بەوجۆرەی کە ئەگەر مرۆڤ خەم و نگەرانی نان و ژیانی نەبێت، زەمینە و دەرەتانی تێکۆشانی فەرهەنگی دەڕەخسێت، راست هەر ئەو کاتەش هەموو ئەو شتانە کە فەرهەنگ پێکدێنن تەنیا ئەو کاتە دەتوانن بایەخی فەرهەنگی واقیعییان هەبێت کە لەخۆیاندا بایەخدار بن. ئەو ساتەی کە بەرهەمە فەرهەنگییەکان وەك کاڵا دەردەکەون، ئەو کاتەی کە ئەم بەرهەمانە لەنێو پێوەندییەکدا جێگیر دەبن کە دەیانکاتە کاڵا، ئازادی ئەم بەرهەمانە– یانی دەرفەتی فەرهەنگ – لە بزاڤ دەکەوێ.

سەرمایەداری لە شوێنێکی دیکەشدا بەشێوەی بنەرەتی هێرشی کردۆتەسەر دەرفەتە کۆمەڵایەتیەکانی فەرهەنگ، ئەوەش پێوەندی سەرمایەدارییە لەگەڵ بەرهەمهێنانی بەرهەمە فەرهەنگیەکاندا. دیمان کە لە روانگەی بەرهەمەوە تا بەرهەم ئامانجی خۆی لەناخی خۆیدا هەڵنەگرێت

دەرفەتی دەرکەوتنی فەرهەنگ نارەخسێت. ئێستە دەبێ بڵێین کە لە روانگەی پێوەندی بەرهەم و خولقێنەری بەرهەمەوە فەرهەنگ تەنیا کاتێ هەموار دەبێ کە بەرهەمهێنان پرۆسەیەکی یەکپارچە و سەربەخۆ[172] بێت، پرۆسەیەك کە هەلومەرجی ئەو بە دەرفەت و توانایییە ئینسانیەکانی بەرهەمهێنەرەوە بەستراوە. بەرجەستەترین نمونەی وەها پرۆسەیەك بەرهەمێکی هونەرییە کە لەودا گەشەی گشتی بەرهەم تەنیا کاری هونەرمەندە و هەر توخمێك لە بەرهەم بە خەسڵەت و تایبەتمەندی تاکی هونەرمەندەوە بەستراوە. لە سەردەمی پێش بورژوازیدا ئەم رۆحەی هونەر لەسەر هەموو سەنعەت و پیشەسازی زاڵ بوو و لانیکەم بە سەرنجدان بە تایبەتمەندی ئینسانی ئەم پرۆسەیە، چاپی کتێبێك لە نووسینی ئەو جیانەبوو، بەڵام بەرهەمهێنانی بورژوازی نە تەنیا ملّکداری ئامێرەکانی بەرهەمهێنان لە کرێکاران دەستێنێتەوە، بەڵکوو لە ئەنجامی دابەشبوونی کار و رەوتی گەشەی پسپۆڕانەبوونەوەی کار و پیشەکاندا بەرهەم بەجۆرێك لەت لەت و دابەش دەکات کە هیچ لەتێك لەخۆیدا مانادار و خودموختار نیە. کاری هیچ کرێکارێك لەگەڵ بەرهەمی بەرهەماتوو پێوەندی راستەوخۆی نیە، بەرهەم تەنیا بۆ مەزندەی ئابستراکتی سەرمایەداران، یانی تەنیا وەك کاڵا مانای هەیە.

گەشەی بەرهەمهێنانی ماشێنی رەهەندی نامرۆڤانە و دژەئینسانی ئەم پێوەندییە توندوتیژتر دەکات. دابەشبوونی کار کە لە بەرهەمهێنانی کارگەییەوە دەستی پێکرد و چۆنیەتی یەکە یەکەی لەتەکان بە توانایی رۆحی و جەستەیی کرێکارەوە بەسترابوو، و هەر بە یارمەتی ئەم توانایییە شکڵی دەگرت، لە کاتێکدا کە لە سەنعەتی ماشێنی پێشکەوتوودا هەرچەشنە پێوەندیەك لەنێوان بەرهەم و بەرهەمهێنەردا لەنێو چووە.

---

[172] Self-contained.

بەرهـــەمهێنان بەتـــەواوی بـــە ماشـــێنەوە بەســـتراوە، مـــرۆڤ دەبێتـــە خزمـەتگوزاری ماشـێن و خـۆی لەگـەڵ ئـەو رێـك دەخـات، بەرهـەمهێنان بەگشـتی لـە دەرفـەت و تواناییـەکانی کرێکـار جیادەبێتـەوە و سـەربەخۆ دەبێت.[173]

لـە کـەنار هێـزە فەرهـەنگ رۆخینەکانـدا... چـەن هێزێکـی هاوشـێوەی دیکــە لــە سیســتمی ســەرمایەداریدا کاریگــەرن کــە ئەگــەر پێوەنــدی بەرهەمەکان پێکەوە دەرك بکەین، گرنگترینی ئەم هێزانـەش دەبیـنین. لـە سەردەمانی پـێش بورژوازیـدا دەرفـەتی گەشـەی فەرهـەنگ فەراهـەم بـوو چــونکە بەرهەمــە فەرهەنگییــە جیاوازەکــان لەگــەڵ یــەکتر پێوەنــدی بەردەوامیان هەبوو – بەرهەمێك ئەو پرسانەی پێش دەخست کە بەرهەمی پێش خۆی گەلاڵەی کردبوو، بەمبۆنەوە تێکـڕای فەرهـەنگ لێکبەسـتران و بەردەوامیەکی تایبەتی لە گەشـەی شـێنەیی و ئورگانیـك ئاشـکرا دەکـرد. کـەوابوو دەرفـەتی ئـەم کـارە هـەبوو کـە لـە هـەر چـاخێکدا فەرهـەنگێکی تۆکمـە، سـادە و رەسـەن سـەرهەڵبدات، فەرهـەنگێك کـە ئاسـتی ئـەو لـە ئاستی بەرزترین دەسکەوتەکانی وزە و توانا ئیزولـە و تاکییـەکان سـەرتر دەچوو. بورژوازی بە گۆڕینی پرۆسەی بەرهەمهێنان لە رێگـەی ئاشـووب و

---

[173] زۆر کەس ئەم پرۆسەیە لە پێکهاتەی دابەشبوونی کاری فەنی سەنعەتی مکانیزەدا جێگیردەکەن و پرسەکە وا گەلاڵە دەکەن کە گۆیا وەها دۆخێك دەبێ لەپاش روخانی بورژوازیش درێژە بە ژیانی خۆی بدات... مارکس لە روانگەیەکی جیاوازەوە سەیری ئەم پرسەی دەکرد و پێی وابوو کە: "کـارکردی کـاری نیـۆ کارخانـە و دابەشـبوونی کـاری نێـو کۆمەڵگـە" لەگـەڵ یـەکتر پێوەنـدی بەراوەژوویان هەیە، یانی لە کۆمەڵگەدا هەرکات یەکێ لەم دووانە گەشە دەکات ئەوی تر پاشەکشە دەکات ...

Karl Marx, Elend der philosophie, D. 120.

بێنەزمی بەرهەمهێنانەوە رەهەندە بەردەوام و ئۆرگانیکەکانی فەرهەنگی کۆنی لێکپچڕاند. بۆ فەرهەنگ، گۆڕینی بەرهەمهێنان لەلایەکەوە بەمانای ئەوەیە کە پرۆسەی بەرهەمهێنان بەردەوام ئەو هۆکارانە دێنێتە ئاراوە کە بە خەستی لەسەر فەن و رەوتی بەرهەمهێنان کاریگەرییان دەبێت بێ ئەوەی کە لەگەڵ گەوهەری بەرهەم ... پێوەندییان هەبێت. لەلایەکی ترەوە... توخمە تازە و پرشەوق و بەرچاوەکان سەرەڕای ئەوەی کە بەهای دەروونی و هەقیقی بەرهەم کەم یان زیاد دەکەن گرنگی پەیدا دەکەن. رەنگدانەوەی فەرهەنگی ئەم پرۆسەی شۆڕشگێرانەیە دیاردەیەکە کە بە"مۆد" ناوبانگی دەرکردووە، دیاردەیەك کە ئاماژە بە چەمکێك دەکات کە لە بنەڕەتدا لەگەڵ چەکی فەرهەنگ جیاوازی هەیە. مەبەست لە مۆد ئەمەیە کە فۆرم و چۆنیەتی بەرهەمێك کە دەڕواتە بازاڕ لە ماوەی زەمەنێکی کورتدا دەگۆڕدرێت، ئەم کارەش سەربەخۆ لە جوانی یان مەبەستی ئەم گۆڕانە بەئەنجام دەگات. ئەمە خەسڵەتی بازاڕە کە شتە تازەکان دەبێ لە چەن قۆناغێکی تایبەتدا بەرهەم بهێنرین، یانی ئەو شتانەی کە لە بنەڕەتدا لەگەڵ شتەکانی پێشوو جیاوازییان هەبێ و بەپێی ئەزموونەکانی پێشوو پێکنەهاتبن، چ بەهۆی خێرایی گەشەی بەرهەمهێنانەوە نەکرێت ئەم ئەزموونانە دەرك و گەلاڵەو هەرەس بکرێت، چە بەهۆی سروشتی مۆدەوە هیچ کەس نەیەوێت کاری خۆی بەپێی ئەوانە رێکبخات، لەهەر حاڵدا ئەم کارە پێویستی بە لادانی تەواو لە فۆرمەکانی پێشوو هەیە. لێرە دایە کە هەر چەشنە گەشەیەکی ئۆرگانیك لەنێودەچێ و لەجیاتی ئەو جۆرێك شێت مەزاجی بێئامانج و مۆدگەرایی بۆش و پڕهەرا جێگیردەبێت.

3

بەڵام ریشەکانی قەیرانی فەرهەنگی بورژوازی لەوەش قووڵترە. بناغەی قەیرانی بەردەوام و روخانی ناوەکی بورژوازی لەمە دایە کە ئایدیۆلۆژی لەلایەك و بەرهەمهێنان و نەزمی کۆمەڵایەتی لەلایەکیترەوە لەگەڵ یەکتردا تووشی ناکۆکیەکی بێچارەسەر دەبن. چینی بورژوا سەرەڕای خەبات لەپێناو دەسەڵات ئەو کاتەی کە بۆ یەکەمجار بەدەسەڵات گەیشت لە ئەنجامی پێویستی ئاشووبی بەرهەمهێنانی بورژوازیدا تەنیا دەیتوانی ئایدیۆلۆژییەکی هەبێت ئەوەش ئازادی تاکی بوو. بێگومان قەیرانی فەرهەنگی بورژوازی ئەوساتە دەستی پێکرد کە ئەم ئایدیۆلۆژییە لەگەڵ نەزمی کۆمەڵایەتی بورژوازی تووشی ناکۆکی هات. مادام کە چینی بورژوای پێشرەو – بۆ نموونە لە سەدەی هەژدەهەمدا – ئەم ئایدیۆلۆژییەی لە دژی خەفەقان و ئاستەنگی کۆمەڵگەی فیۆداڵی بەکار برد، ئەم ئایدیۆلۆژییە بەیانی روشنی دۆخێکی تایبەت لە خەباتی چینایەتیدا بوو. کەوابوو بورژوازی بەراستی لەم سەردەمەدا دەیتوانی فەرهەنگێکی رەسەنی هەبێت. بەڵام کاتێ بورژوازی بەدەسەڵات گەیشت (ئەم دەسەڵاتە بە شۆڕشی فەرانسا دەستی پێکرد) ئیتر نەیدەتوانی بەشێوەی شێلگیر ئایدیۆلۆژی خۆی زیندوو و گەشەدار رابگرێت، ئیتر نەیدەتوانی ئەندێشەی ئازادی تاکی لەمەڕ هەموو کومەڵگا بەکار ببات مەگەر ئەوە کە نکۆڵی لە خۆی[174] یانی ئەو نەزمە کۆمەڵایەتیە بکات کە لە پلەی یەکەمدا خودی ئەم ئایدیۆلۆژییەی خولقاندبوو. بەکورتی بۆ چینی بورژوا ئیمکانی نەبوو کە ئەندێشەی ئازادی خوازی خۆی لەمەڕ چینی کرێکار بەکارببات. دوالیزم یان ناکۆکی بێچارەسەری ئەم دۆخە بەمجۆرەیە: بورژوازی یان دەبێ ئەم ئایدیۆلۆژییە رەتبکاتەوە یان دەبێ ئەو وەك دەمامکێ بۆ شاردنەوەی ئەو پرسانە بەکار ببات کە لەگەڵ ئەو

---

[174] Self-negation.

لە دژایەتی دان. لە دۆخی یەکەمدا جۆرێك ئاشووب و بێئارمانی ئـەخلاقی دروسـت دەبێـت چـونکە بـورژوازی بـەپێی پێگەیـەك کـە لـە سیسـتمی بەرهەمهێنانـدا هەیـەتی ناتوانـێ بێجگـە لـە ئایـدیۆلۆژی ئـازادی تـاکی ئایدیۆلۆژییەکی تر بخولقێنێ. لە دۆخی دووهەمدا لەگەڵ قەیرانی ئـەخلاقی ناوخۆییدا بەرەوڕوویە: چونکە ناچارە لە دژی ئایدیۆلۆژی خۆی هەڵوێست بگرێت.

ئەم قەیرانە کاتی قووڵتر دەبێت کە خودی بنەمای ئـازادی بـە نـاکۆکی بێچارەسـەر دەگـات. ئەڵبـەت لێـرەدا نـاتوانین قۆنـاغی بـورژوازی مـاڵی شرۆڤە بکەین. تەنیا دەبێ ئەم راستیەمان وەبیربێتیەوە کـە "رێخسـتنی" بەرفراوانی بەرهەمهێنان کە لەم قوناغەی بورژوازی (کارتل و تراستەکان)دا سەرهەڵدەدات لەگەڵ ئەندێشەی زاڵی بورژوازی سەرەتایی (پێشڕەو) یـانی رکەبەرایـەتی ئـازاد، نـاکۆکی تـەواوی هەیـە. ئـەم ئەندێشـە لـە درێـژەی پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا هەموو رەگ و ریشەی خۆی لـە فاکتـدا ئـەدۆڕێنێت. هـەر بـەوجۆرەی کـە توێـژە باڵادەسـتەکانی بـورژوازی بـەپێی خەسـڵەتی سەرمایەی ماڵی وەك هاوپەمانانی سروشتی دوژمنانی پێشـووی خۆیـان – چینی فیـۆداڵ– دەردەکـەون، هـەر بـەمجۆرەش ئـەم توێژانـەی بـورژوازی لـەنێو هاوپـەیمانانی تـازەی خۆیانـدا بـۆ ئایدیۆلۆژییـەکی تـازە دەگـەڕێن. بـەڵام کۆشـش بـۆ سـازگاری دووبـارەی ئایـدیۆلۆژی لەگـەڵ سیسـتمی بەرهـەمهێنان بەناچـار تووشـی شکەسـت دەبێـت. چـونکە بناغـەی واقعـی ئایدیۆلۆژییە کونسرڤاتیڤەکان – یانی فیۆداڵیزم و سیستمی بەرهەمهێنانی هاوتەرازی ئەو – گـۆڕینی بورژوایانـەی بەرهـەمهێنانی (کـە لـە سـەردەمی سەرمایەی ماڵیدا بە تەشقی خـۆی گەیشـت) لێبڕاوانـە روخانـد. فیـۆداڵیزم

سەردەمێك فەرهەنگێكی هەبوو كە خاوەن بەها و دەسكەوتێكی گەورە بوو، بەڵام ئەم دەسەڵاتە فەرهەنگییە لە سەردەمێكدا روویدا كە كۆمەڵگەی فیۆداڵیی خاوەن زەمین باڵادەست بوو و تێكڕای كۆمەڵگا و بەرهەمهێنان بەپێی یاساكانی ئەو بەڕێوەدەچوو. بە سەركەوتنی بورژوازی ئەم فۆرماسیۆنە كۆمەڵایەتیە لەنێوچوو و ئەم راستیە كە بەشی بنەڕەتی دەسەڵاتی ئابووری و كۆمەڵایەتی لە دەست كەسانێكدا مایەوە كە سەردەمانێك زەمیندارانی دەسەڵاتدار بوون پێشی بە پرۆسەیەكی نەگرت كە ئەم زەمینانەی بەشێوەی سەرمایە دەرهێنا، یانی فۆرمی سەرمایەداری بەخۆوە گرت. بەرهەمی ئەم رەوتە بۆ فیۆداڵەكان هەر هەمان ناكۆكی نێوان ئایدیۆلۆژی و ئەو نەزمی بەرهەمهێنانە بوو كە هاوكات لەگەڵ بورژوازی سەریهەڵدا، هەرچەند كە فۆرمی سەرهەڵدان و بەیانی ئەم ناكۆكیە جیاواز بوو. بەمبۆنەوە كاتێ كە بورژوازی لە قۆناغی سەرمایەیماڵیدا بۆ ئاوی تازە و نوێكردنەوە دەگەڕا ئەو سەرچاوە خرۆشانەی بینییەوە كە خۆی بە زیخ و بەرد كوێری كردبۆوە.

لە روانگەی فەرهەنگدا دژایەتی نێوان ئایدیۆلۆژی و نەزمی بەرهەمهێنان ئەمەیە: بناغەی شكۆ و گەورەیی فەرهەنگە كۆنەكان (یۆنان، رێنسانس) لەسەر ئەم فاكتە راوەستاوە كە ئایدیۆلۆژی و نەزمی بەرهەمهێنان لەگەڵ یەكتر سازگار بوون. بەرهەمەكانی فەرهەنگ دەیانتوانی بەشێوەی ئورگانیك لە بەستێنی كۆمەڵایەتییەوە بڕسكێن و بپشكوێن. ئەگەریش گەورەترین بەرهەمە فەرهەنگییەكان تا رادەیەك لە دنیای دەروونی مرۆڤی ئاسایی بە دوور بوون دیسان لەنێوان ئەواندا تا

رادەیەك پێوەندی و لێكبەستران هەبوو. بەڵام فاكتی گرنگتر ئەمە بوو كە ئەمە سازگاری نێوان ئایدیۆلۆژی و نەزمی بەرهەمهێنان بوو كە سازگاری نێوان ئایدیۆلۆژی و شێوەی ژیانی ئەو سەردەمەی هەموار دەكرد... بەهەرحاڵ، لە هەر نەزمێكی كۆمەڵایەتیدا كاتێ كە شێوەی ژیان و ئاراستەی ئایدیۆلۆژیكی ئەو لەگەڵ یەكتر سازگاری سروشتی و ئاشكرایان هەبێت بۆ ئایدیۆلۆژی ئەم دەرفەتە دەرەخسێ تا لە بەرهەمە فەرهەنگیەكاندا ئاراستەیەكی ئۆرگانیك بەخۆوە بگرێت. ئەم یەكپارچەییە ئۆرگانیكە تەنیا لە دۆخێكی تایبەتدا هەموار دەبێ، چونكە خودموختاری رێژەیی توخمە ئایدیۆلۆژیكەكان لە بناغەی ئابوورییان بەم مانایەیە كە ئەم توخمانە لە پلەی فۆرمەكاندا (یانی بەپێی بەهای فۆرمی و پرستیژی فۆرمیان) لەو فاكتانەی كە خۆیان پێكیان هێناوە، سەربەخۆن. بە وتەیەكیتر فۆرمەكانی بەیانی مرۆڤ سەربەخۆ لەو شتەیە كە نەزمی ئابووری و كۆمەڵایەتی زاڵی سەردەم ئاراستەی كردوون. ماتریالێك كە ئەم فۆرمانە شكڵی پێدەبەخشن بێجگە لە فاكتی كۆمەڵایەتی شتێكی تر نیە. بەمبۆنەوە كاتێ كە لەنێوان ئایدیۆلۆژی و نەزمی كۆمەڵایەتیدا دژوازییەكی بنەرەتی پێكدێت ئەم دژوازییە هەر بەوجۆرە دەردەكەوێ كە لە پرسی مەبەستدا گەلاڵە بووە: فۆرم و ناوەرۆكی بەیانە فەرهەنگیەكان لەگەڵ یەكتر تووشی ناكۆكی دەبن. لێرەدا یەكپارچەیی ئۆرگانیكی بەرهەمە تاكیەكان بۆ ئەو كەسانەی كە لە ناخی فەرهەنگدا بەسەردەبەن ئاماژە بە یەكپارچەیی فەرهەنگی ئۆرگانیك ناكات.

بەمهۆیـە فەرهـەنگی سـەرمایەداری، ئەڵبـەت ئەگـەر بـە بـوونی وەهـا فەرهـەنگێ بڕوامـان هـەبێت، ناتوانـێ بێجگـە لـە نرخانـدنی بێرەحمانـەی سەردەمی سـەرمایەداری شـتێكی تـر بێـت. ئـەم رەخنەیـە جـار و بـار بـە ئاستێكی بەرز گەیشتووە (زولا، ئیبسـن) سـەرەڕای ئەمـەش بـە هـەر رادە راستگۆتر و بایەخدارتر بووە بەناچار سازگاری و جوانی سادە و سروشتی فەرهەنگی كۆنی زیاتر لەدەست داوە: مەبەست فەرهەنگ بەمانای رۆشن و هەقیقی وشەكەیە. ناكۆكی نێـوان ئایـدیۆلۆژی و مناسـباتی بەرهـەمهێنان، ناكۆكی نێوان فـۆرم و نـاوەرۆكی فەرهـەنگ لـە هـەموو بوارەكـانی بـەیانی ئینسـانیدا، لــە تێكــڕای قەڵــەمڕەوی ئــامێر و ماتریــاڵی فەرهەنگیــدا دەردەكـەوێت. بـەمجۆرە بـورژوازی بەناچـار لـەناخی خۆیـدا، لـە نـاخی ئایدیۆلۆژی ئـازادیی خۆیـدا، ئەندێشـەی مـرۆڤ وەك ئامـانجێكی گەوهـەریی دەخولقێنێ. بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین كە ئەم ئەندێشە بـەرزە هـەرگیز وەك دوا سـاڵەكانی قۆنـاغی پـێش بـورژوازی – قۆنـاغی ئایـدیالیزمی كلاسیكی ئاڵمان – وەها بەیانێكی رۆشـن و پـەتی و وشـیارانەی بـەخۆوە نەگرتبوو. سەرەڕای ئەمەش بێجگە لە بورژوازی هیچ نەزمیكی كۆمەڵایەتی ئەم ئەندێشەیە ئاوا بەگشتی و بەخەسـتی پێشـیل نـەكردووە. بـۆ نموونـە كاڵایی كردنی هەموو شـتەكان، تـەنیا لـە كـاڵاكردنی هـەموو بەرهەمەكانـدا بەرتەسك نـەبۆوە، بـەڵكوو هـەروەها مناسـباتی ئینسانیشـی گرتـەوە (بـۆ نموونـە ژنهێنـان وەبیربێننـەوە). لـەم پێكهاتەیـەدا، پێویسـتی دەروونـی رەوتــی ئایـدیۆلۆژی و فەرهـەنگ وادەخـوازێ كـە هـەموو بەرهەمـەكانی فەرهەنگی ئینسانی وەك ئامانجێكی گەوهەریی بـژمێردرێن. لەلایـەكیترەوە ماتریـاڵ – یـانی هـەمان شـت كـە بـە یارمـەتی فۆرمـە ئایدیۆلۆژیكـەكانی فەرهەنگ شـكڵ دەگـرێ – وەك رەتكردنـەوەی زینـدوو و لێبڕاوانـەی ئـەم فكرەیـە، ئەمەیـە كـە بـۆ وێنـە باشـترین نموونـەی شـێعری سـەرمایەداری ئیمكانی نیە تەنیا رەنگدانەوەی دەروونی خـۆی بێـت – بـەجۆرێك كـە بـۆ نموونـە جـوانی هەتاهـەتایی شـیعری یۆنـان راسـت لـەم رەنگدانـەوە و

مایرۆرینگە□□□ سروشتییە نارەخنەگرانەوە پێکهات ــ بەڵکوو تەنیا نرخاندنی دۆخی سەردەمە.

4

هەنووکە بە مانای ئاڵوگۆڕی سۆسیالیستی کۆمەڵگا لە دیدگای فەرهەنگەوە دەگەین. ئەم رەوتە بەتایبەت بەمانای کۆتایی دەسەڵاتی ئابوورییە بەسەر گشتێتی فەرهەنگدا. کەوابوو بەمانای کۆتایی پێوەندی تاقەت پروکێن و نالەباری مرۆڤ و کاری ئەویشە، کارێك کە لەودا مرۆڤ پێڕەوی ئامێری بەرهەمهێنانە. نەزمی کۆمەڵایەتی سۆسیالیستی سەرئەنجام بەمانای هەڵچون[176] لە ئابووری وەك ئامانجێکی گەوهەرییە. بەڵام لەبەر ئەوەی کە پێکهاتەی بورژوازی لە دنیای زەینی هەموو ئەندامانیدا بەقووڵی رۆچووە، ئەم رەهەندە لە ئاڵوگۆڕ تەنیا بەشێوەی لاوەکی دەرك دەکرێت. ئەم پرسە راستیەکی رۆشنە چونکە ئەم رەهەندەی ئاڵوگۆڕ – یانی هەڵچوون لە ئابووری وەك ئامانجێکی گەوهەریی – ناتوانێ خۆی لە نیشانە رواڵەتییەکانی ژیانی پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتدا بەیان بکات. زاڵبوون بەسەر ئابووریدا – یانی دامەزراندنی ئابووری سۆسیالیستی – بە مانای سەرچوون لە باڵادەستی ئابوورییە. ئابووری کە لەمەو پێش پرۆسەیەکی باڵادەست بووە بە یاسای تایبەت بەخۆیەوە – ئەقڵی مرۆڤ ئەوەی دەرك کردووە

[175] mirroring.

[176] Aufhebung، چارەسەرکردن، سەرچوون، بەتایبەت لە زمانی فەلسەفی هێگلدا بە مانای سڕینەوەی لایەنە نگەتیڤەکانی شتێك و پاراستنی خاڵە پۆزەتیڤەکانی ئەو شتەیە.

بەلام لە كونترولی ئەودا نەبووە[177] ئێستا وەك بەشێك لە سیستمی بەڕێوەبەری دەولەت، بەشێك لە پرۆسەی بەرنامەدار دەردەكەوێ و ئیتر لەژێر دەسەلاتی یاسای تایبەت بەخۆیدا نامێنێتەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانە دواین هێزی بزوێنەری ئەم پرۆسە كۆمەلایەتیە یەكپارچەیە ئیتر ناتوانێ خەسلەتیكی ئابووری هەبێت. ئەلبەت وادیارە كە دیاردەكان لەگەڵ ئەم بانگەشەیە لە ناكۆكی دابێت، چونكە رۆشنە كە رێخستنی سەرلەنوێی بەرهەمهێنان هەم لەڕووی تیۆری و هەم لەڕووی كرداریيەوە تەنیا لە بەستێنی ئابووریدا و بە یارمەتی دام و دەزگای ئابووری و بە یاری ئەندێشەی ئابووری پێكدێت. بێجگە لە مەش پێویست بە وتن ناكات كە بەپێی خەسلەتی خەباتی چینایەتی لە قۆناغی دەسەلاتداری چینی كرێكاردا – كە بە مانای بەرزترین قۆناغی خەباتی چینایەتییە – پرسەكانی خەباتی ئابووری و رێخستنی دووبارەی ئابووری لەو پرسانەن كە لە ریزی پێشەوەدا جێگیردەبن. سەرەڕای ئەمەش، ئەمە قەت بەو مانایە نیە كە بناغەی سەرەكی ئەم پرۆسەیەش خەسلەتێكی ئابووری هەبێت، ئەو ئالوگۆڕە كاركردییە[178] كە دەسەلاتی كرێكاری لە هەر

[177] ئەم دۆخە كاتی سەرهەلدانی مەكتەبی "ئابووری سیاسی" لە شكلی زانستێكی سەربەخۆدا دەردەكەوێ. بەر لە دەركەوتنی ئابووری سیاسی زانستی ئابووری بە مانای ئەمرۆیی وشەكە مەحالْ بوو، كاتێ بالادەستی ئابووری بە كۆتایی بگات، ئابووری سیاسیش وەك زانستێكی سەربەخۆ لەنێو دەچێت، هەر بەمبۆنەوەیە كە روانین بۆ یاساكانی ئابووری سیاسی بە مانای یاسای هەمیشەیی و سروشتی لە ئایدیۆلۆژی پەتی بورژوازییەوە سەرچاوە دەگرێت.

[178] Functional.

هەرێمێکدا پێکی دێنێ لێرەشدا دەردەکەوێ. لە سەردەمی دەسەڵاتی بورژوازیدا هەر رەهەند و توخمێکی[179] ئایدیۆلۆژیك تەنیا وەك "سەرخانی" پرۆسەیەکی ئابوورییە کە سەرئەنجام بە روخانی بورژوازی دەگات. بەڵام لە حکومەتی کرێکاریدا ئەم پێوەندییە بەراوەژوو دەبێت. ئەڵبەت مەبەستم ئەمە نیە کە رێخستنی سەرلەنوێی ئابووری تەنیا وەك "سەرخان" دەردەکەوێت (ئەم بۆچوونە یانی "سەرخان" تەنانەت لەمەڕ ئایدیۆلۆژیش ئەوەندە رۆشن نەبووە چونکە زۆر چەواشەکاری فکری لێکەوتۆتەوە)، بەڵکوو مەبەستم تەنیا ئەمەیە کە سەربوونی ئابووری لەنێودەچێ. کەوابوو ئەگەر بە دیدێکی دیالکتیکی سەیری ئەم دۆخە بکەین ئەوەی بەڕواڵەت لە دژی ئەم بانگەشەیە بە سوودی ئەو قسە دەکات.

لە قەیرانی کۆمەڵگای بورژوازیدا فاکتەری ئایدیۆلۆژیك بەردەوام لە ریزی پێشەوەی وشیاری کۆمەڵایەتیدا جێگیربووە. ئەم پرسە لەخۆڕا نیە بەڵکوو ئاکامی پێویستییە، هێزە بزوێنەرەکان کە بەشێوەی بنەڕەتی رەوتی گەشەی کۆمەڵگا دەبەنەپێش قەت ئیمکانی نیە بەتەواوی بە وشیاری جەماوەر دەرك بکرێن، چونکە خودی جەماوەر بەهۆی ئەم هێزانەوە ئاخێزیان کردووە. "رەخنە"ی سۆسیالیستی لەمەڕ ئەم قەیران و شۆڕشانە خەسڵەتیکی رۆشنگەرانەی هەیە: ئامانجی ئەم رەخنەیە هێزە بزوێنەرە سەرەکیەکان – یانی پرۆسەی ئابووریی – ـە. کەوابوو هیچ شتێ لە مە سروشتی تر نیە کە دیدگایەك کە لەمەو پێش وەك دیدگای

[179] Moment.

ڕەخنەیی ڕۆڵی هەبووە بە ڕوخانی بورژوازی هەروا ڕۆڵی پێشەنگ بگێڕێت. خاڵی جێگای سەرنج لێرەدایە کە ئایا ئەم ئاڵوگۆڕە کارکردییە هەر ئەو شتەی ڕەت کردۆتەوە کە خۆی لە جێگەی ئەو دانیشتووە. تەنیا هێزە بزوێنەرەکانی بەرهەمهێنانی ئاڵۆز و لێکپچڕاو ڕەنگە وەك هێزە سروشتی و کوێرەکان دەوریان هەبێت. ئەم هێزانە تەنیا لە وەها دۆخێکدا دەتوانن دوابزوێنەرانی هەموو شتێك بن. هەر توخمێکی ئایدیۆلۆژیك یان خۆی لەگەڵ ئەم پرۆسەیە ڕێك دەخات (وەك پاژێکی سەرخانی لێدێت) یان بێهودە لەئاست ئەودا دژایەتی دەکات. لێرەدایە کە لە سیستمی بورژوازیدا هەر هۆکارێکی نائابووری تەنیا هۆکارێکی ئایدیۆلۆژیکە. تاقە بابەتی دەگمەنی ڕەخنەی سۆسیالیستی تێکڕای کۆمەڵگەی بورژوازییە، چونکە ئەم ڕەخنەیە پێویستی بە ئاوزەنگی پۆزەتیڤ یان نگەتیڤی پرۆسە ئیزولەکان نیە بەڵکوو دەمامك لەسەر ڕوخساری گشتێتی لادەبات. ئەم ڕەخنەیە لە یەك کاتدا هەم دەمامك لەسەر ڕوخساری گشتێتی پرۆسەی ئابووری لادەبات و هەم وەك کرداری کاریگەر لەپێناو گۆڕینی ئەودا ڕۆڵ دەگێڕێ. سەرەڕای ئەمەش ئەوەی تووشی گۆڕان دەبێت تەنیا ئاڵۆزی و لێکترازاوی ئابووری نیە بەڵکوو هاوکات باڵادەستی ژیانی ئابووری یانی ژیانی ژێر سێبەری سەروەری بزوێنەرە ئابوورییەکانیشە. کاتێ کە ژیانی ئابووری لەپێناو سۆسیالیزمدا ڕێك دەخرێت ئەو توخمانەی کە پێشتر لە باشترین حاڵەتدا ڕۆڵی ئامێر و ماتریاڵیان دەگێڕا ئێستا گرنگی پلە یەك پەیدا دەکەن: ئیتر بزوێنەرە ئابوریەکان لەسەر ژیانی دەروونی و بیروونی مرۆڤ زاڵ نیە بەڵکوو بزوێنەرە مرۆڤیەکان زاڵە.

هەر وەك دیمان جێگەی سەرسوڕمان نیە کە گۆڕینی ژیای ئابووری زۆر ڕاشکاوانەتر لە ریزی پێشەوەی وشیاری شۆرشگێرانەدا جێگیردەبێت نە ئەو توخمە ئایدیۆلوژیکەی کە سەرئەنجام ئەم وشیارییە لە ڕێگەی ئەوەوە وەگەڕ دەکەوێت. بەمجۆرە پرۆسەی ئالۆگۆری کارکردی تەنیا بە سەرکەوتنی چینی کرێکار بە وشیاری ئەو دەگات. لە ڕاستیدا لەنێوان جەماوەری کرێکاراندا ئەم وشیاریە تەنیا بە مانای بەردەوامی خەباتی چینایەتی وشیارانەیە. پێشتر گەوهەری وشیاری چینایەتی بریتی بوو لە دەرکی بەرژوەندی ئابووری لەلایەن چینێکەوە. تەنیا وشیاری هەمەلایەنە – کە سەرەڕای بەرژەوەندی ڕاستەوخۆ، لە ئەرکی جیهانی ـ مێژوویی چینی کرێکار ئاگادارە – ئالۆگۆڕی کارکردی بۆ وشیاری چینی کرێکار دەگێڕێتەوە.[180]

ئەم ئالۆگۆڕە کارکردییە دەرفەتی فەرهەنگی نوێ دێنێتە ئاراوە، چونکە هەر بەوجۆرەی کە شارستانیەت بریتیە لە زاڵبوونی دەرەکی مرۆڤ بەسەر هەرێمی خوێدا، فەرهەنگیش بریتیە لە زالبوونی دەروونی مرۆڤ بەسەر هەرێمی خۆیدا. هەر بەوجۆرەی کە شارستانیەت ئامێرێك بۆ زاڵبوون لەئاست سروشت فەراهەم دەکات، فەرهەنگی پرۆلیتاریش ئامێرێك بۆ زاڵبوون لەئاست کۆمەڵگا فەراهەم دەکات. چونکە شارستانیەت و پێشکەوتووترین شکڵی ئەو یانی سەرمایەداری، کویلەتی مرۆڤی بەنسبەت ئابووری و بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بە تەشقی خۆی گەیاندووە. بەڵام

[180] بڕوانە بۆ وتاری وشیاری چینایەتی (Klassen bewusstsein)، "مێژوو و وشیاری چینایەتی" جۆرج لوکاچ.

پێشمەرجی کۆمەڵناسانەی فەرهەنگ گرنگیدان بە مرۆڤ وەك ئامانجێكی گەوهەرییە. ئەم پێشمەرجە کە لە کۆمەڵگای پێش بورژوازیدا لای چینە دەسەڵاتدارەکان هەبوو و بورژوازی لە هەموانی ستاندەوە، بە سەرکەوتنی چینی کرێکار لە داهاتوودا دووبارە بۆ هەمووان پێکدێت. ئەم گۆڕینە بنەرەتیەی تێکڕای پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و هەموو دیاردەکان دەگریتەوە، کە کاریگەری ویرانگەری فەرهەنگی ئەومان لە سەرەوەدا شرۆڤەکرد.

بە رێخستنی ئابووری سۆسیالیستی ، خەسڵەتی شۆرشگێرانە لە بزاڤ دەوەستی و لەجیاتی بەردەوامی پرئانارشی (کە زادەی گومان و خەیاڵە) بەردەوامی ئورگانیك و گەشەی رەسەن جێگیردەبێت. هەر قۆناغێك هەڵگری رێگەچارەیەکە بۆ پرسە بێچارەسەرەکانی پێشوو، و لە هەمان حاڵدا بۆ قۆناغی داهاتووش پرسێکی تازە گەڵاڵە دەکات. ئاکامی فەرهەنگی حەتمی وەها گەشەیەکی ئورگانیك، گەشەیەك کە لە سروشت و گەوهەری شتەکانەوە سەرچاوە دەگرێ (نە لە گومان و خەیاڵەوە) ئەمەیە کە رەنگە ئاستی فەرهەنگ دووبارە لە ئاستی وزە و تواناییەکانی یەکە یەکەی تاکە ئیزولەکان سەرتر بچێت. پێوەندی لەگەڵ کاری ئەویدی و درێژە و بەردەوامی کاری ئەویدی – کە هەمان دووهەمین پێشمەرجی کۆمەڵناسانەی فەرهەنگ بێت– جارێکی تر هەموار دەبێت. جگە لە مەش هەم بەرهەمە فەرهەنگیەکان و هەم پێوەندییە ئینسانیەکان خەسڵەتی کاڵایی خۆیان ئەدۆڕێنن. سەرچوون لە مناسباتی کاڵایی، مرۆڤ و بەرهەمە فەرهەنگیەکان کە بە گشتی لەنێو مناسباتی ئابووریدا دەوریان بینیوە، بەهێز دەکات تا خەسڵەتی باڵادەستی خۆیان بەدەست بێننەوە. سەرەڕای ئەمەش دەرفەتی فەرهەنگ پێویستی بەوە هەیە کە بەردەوام رادەیەکی زیاتر لە فۆرمەکانی بەیانی مرۆڤی بەشێوەی قووڵتر و رۆشنتر بە سەربەخۆیی بگەن یان بە وتەیەکیتر بیانەوێت کە بە گەوهەری ئینسانی

مرۆڤ خزمەت بکەن. چونکە "ئامانجی گەوهەریی" فەرهەنگ و مرۆڤ تەنیا تایبەت بەم دووانە نیە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە هەر دوویان کاریگەری دولایەنەیان لەسەر یەکتر هەیە و یەکتر تۆکمە و پەرداخ دەکەن. ئەگەر بڵێین فلان بەرهەمی تایبەت، بۆ نموونە خانوویەك، یان ئامێرێکی نێوماڵە نە وەك کالایەك بەڵکوو بەجۆرێك بەرهەم دەهێنرێت کە رەهەندی جوانی و شیکی ئەو ئەوپەڕی رەزامەندی دەستەبەر بکات، وەك ئەوەیە کە بڵێین ئەو خانووە یان ئەو ئامێرە لە خزمەت "مرۆڤبوونی" مرۆڤ دایە و لە خواستەکانی مرۆڤ پێڕەوی دەکات. بەمجۆرە، بەرهەمە فەرهەنگیەکان ئیتر لە رێگەی پرۆسەی ئابووری کە سەربەخۆ لە مرۆڤ رۆڵ دەگێڕێ بەرهەم نایەن، پرۆسەیەك کە لەودا بەرهەمەکان چەند کالایەکی ئابستراکت و مرۆڤەکان تەنیا کڕیار و فرۆشیاری پەتین.

لە هەمان حاڵدا دەبێ پسپۆڕانە بوونەوەی بیمار ئاسای بورژوازی لە بزاڤ بوەستێ و بەرژەوەندی مرۆڤ لە بەرهەمهێناندا لەژێر دەسەڵاتی کار و کۆششی ئابستراکت و کڕین و فرۆشتنی بازاڕدا نەبێ بەڵکوو پێرەوی پرۆسەی یەکپارچەی بەرهەمهێنان و بەهرەمەند بوون لە بەرهەمە بالادەستەکان بێت – پرۆسەیەك کە گشتێتی مرۆڤ دەگرێتەوە – لەو کاتەدا پسپۆڕانە بوونەوەش تووشی ئاڵوگۆڕی کارکردی دەبێت. لە کۆمەڵگەی کرێکاریدا پسپۆڕێتی نە تەنیا خەسڵەتی چینایەتی بەڵکوو خەسڵەتی لەخۆناموکەری خۆی لەمەڕ چیەتی ژیانی مرۆڤ ئەدۆڕێنێ. بە سەرهەڵدانی بەرهەم وەك ئامانجێکی گەوهەریی ئەم بەرهەمە لەگەڵ گشتێتی و لەگەڵ دواپرسەکانی ژیانی مرۆڤیش سازگار دەبێت. بە سەرچوون لە ئیزولاسیون، دابڕان و تاکگەرایی پڕئاشووبی کۆمەڵگای مرۆڤی یەکەیەکی ئورگانیك پێکدێنی و پاژەکانی ئەم پێکهاتە – یەك

یەکی ئەندامان و بەرهەمەکان – لە خزمەتی ئامانجی هاوبەش یانی ئەندێشەی گەشەی مرۆڤدا زۆر زیاتر داکۆکی یەکتر دەکەن و رێزی یەکتر دەگرن.

5

بە گەلاڵەکردنی ئەم ئامانجە هەنووکە بە کاکڵی پرسەکە دەگەین. ئەگەر ئامانجی کۆمەڵگەی نوێ تەنیا بریتی بێ لە گەشە و زیادبوونی رەزامەندی مرۆڤ و ئاسایشی ئەو، هیچکام لە ئاڵوگۆڕە کارکردییەکان بەم پانۆرامایە ناگەن، بە وتەیەکیتر مانایان ئەوەندە شیاوی سەرنج نابێت. لەم حاڵەتەدا رەنگە ئەرکی دەوڵەتی کرێکاری لە رێخستنی بەرهەمهێنان و دابەشکردنیشدا بە ئەنجام گەیشتبێ. بەمجۆرە ژیانی ئابووری – ئەڵبەت بە چەندین ئامانجی تەواو جیاوازەوە – هەروا لەسەر بنەما ئینسانیەکان زاڵ دەبێت. لەم حاڵەتەدا گەشەی نوێ ئەڵبەت خێراتر و یەکلایەنەتر بە ئامانجەکانی دەگات و ئامانجەکان لەگەڵ رێخراوی بەرهەمهێنان و دابەشکردن دروستتر و رێك و پێکتر بە ئەنجام دەگات. سەرەڕای ئەمەش لەراستیدا دەوڵەتی کرێکاری بە گەیشتن بەم خاڵە تەنیا پێشمەرجە پێویستەکانی گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی پێکهێناوە و مرۆڤایەتی دەبێ بۆ چەسپاندنی ئەوان خەبات بکات.

رێخستنی سەرلەنوێی ئابووری لە دیاریکردنی دوا ئامانجەکاندا پێویستیەکی حەتمیە. ئەم پێویستیە تەنیا لە هۆکارە کۆمەڵناسانەکانەوە کە پێشتر باسکرا سەرچاوە ناگرێت. بە وتەیەکیتر وانیە کە گۆیا تەنیا مرۆڤە رازی و داراکان دەتوانن لە فەرهەنگ بەهرەمەند بن. رێخستنی

دووبـاره ئـابووری پێویسـتیەکی حەتمییـە چـونکە بـەهۆی پێکهاتـەی بێهاوتای وشـیاری مـرۆڤ، شـەڕ و خراپـە و چەرمەسـەرییە کاتییـەکان... ڕێگەی پرسە ئامانجدارەکان دەگرن. ئەڵبەت ئـەم خراپـە و چەرمەسـەرییە کاتییانە بەتەنیایی ناتوانن پرسە ئایدیالەکانی دنیا بـە وشـیاری بگەیـەنن. دەکرێ ئـەم خاڵـە بـە نموونەیـەکی هـەرە سـادە روون بکەینـەوە: کەسـێ بێننە پـێش چـاوتان کـە مێشـکی خـۆی بـۆ پرسـێکی ئـاڵۆزی زانسـتی بـە خەستی شەکەت دەکات، لە هەمان کاتـدا تووشـی دان ئێشـەیەکی قـورس دەبێت، ڕۆشنە کە وەها کەسێك زۆرجـار ناتوانـێ بـە باشـی بیربکاتـەوە و درێژە بە کارەکەی بدات مەگەر ئـەوە کـە ژانـی دیانەکـەی هـەتوان بکـات. روخانی بورژوازی و ژیاندنەوەی سۆسیالیستی نوێی ئابووری یانی هـەتوان کرانی هەموو دان ئێشەکانی مرۆڤایەتی، هـەر بـەوجورەی کـە هـەموو ئـەو شتانەی کە لەئاست پرسە بنەرەتیەکان پیش بە مرۆڤ دەگرن بەم چەشـنە لە وشیاری مرۆڤ پاك دەبنەوە، ئێستە دەرگاکانی وشیاری بە ڕووی پرسـی سەرەکیدا دەکرێنەوە. نموونـەی ئێمـە ئاسـتەنگەکانی گـۆڕینی ئـابووریش پیشـان ئـەدات. ئاشـکرایە کـە دان ئیشـە دەبـێ هـەتوان بکـرێ تـا مێشـك بتوانێ دەس بەکار بێت. بـەڵام ئـەم خاڵـەش ئاشـکرایە کـە ئـەم کـارە بـە لەنێوچوونی ئوتوماتیکی ژان و ئازار دەس پێناکات، بەڵکوو بۆ ئـەم کـارە خرۆش و فوارەی نوێی وزە و تواناییەکان، میشکی نوێ و شوور و شـەوق و گەشە و نشاتی نوێ پێویستە. تەنانەت ئەو کاتەش کـە هـەموو ڕەنـج و ئـازاری ئـابووری لـەنێو چـووبێت، هێشـتا خـەڵکی زەحمـەتکیش بـە ئامانجەکانی خۆیان نەگەیشتوون. بەڵکوو مرۆڤ تەنیا دەرفـەتی دەسـپێکی

بـزاوتن بـەرەو ئامانجـە واقعیـەکانی خـۆی بـە هێـز و توانـانی تـازەوە خولقاندوە. لەم حاڵەتەدا فەرهەنگ بریتیە لـە فـۆرمی ئایـدیالی مرۆڤبـوونی مرۆڤ. لەم روەوەیە کە فەرهەنگ بە دەست مرۆڤەکان دەخولقێت نە بەپێی بـارودۆخی دەرەکـی. کـەوابوو هەرچەشـنە گـۆڕینی کۆمـەڵگا بـە مانـای چوارچـێوە و دەرفــەتی خودموختــاری و داهێنــەریی خۆڕسـکی مرۆڤــی ئازادە.

بەمهۆیە توێژینەوەی کۆمەڵناسانە دەبێ تایبەت بە شرۆڤەی قەوارە و چوارچێوە بێت. ئەمە کە فەرهـەنگی کۆمـەڵگای کرێکـاری چـی دەبێـت – یانی بەشێوەی خۆرسك چـی دەبێـت، یـان لـە بنەڕەتـدا چـۆن پێکـدێت – تەنیا هێزە کرێکارییە رزگار بووەکـان دیـاری دەکـەن. لـەم بابەتـەوە هـەر کۆششێك بیەوێت لە پێشدا شتێ بلێـت دەبێتـە مایـەی پێکـەنین و گاڵتـە. شرۆڤەی کۆمەڵناسانە تەنیا دەتوانێ پیشان بدات کە ئەم دەرفەتە بەهۆی کۆمەڵگـەی کرێکـاری پێکـدێت و کۆمەڵگـە کرێکـاری تـەنیا ئـەم دەرفەتـە دەڕەخسـێنێت. پاژەکـان زیـاتر لـە دەرەوەی قەوارەیـەکن کـە رێگـا و مێتۆدی تۆژینەوەی زانستی ئێستە ئاراستەی دەکەن. کەوابوو لە باشـترین حاڵەتدا تەنیا دەتوانین باسی ئەو بەشە لە بەها فەرهەنگیەکانی کۆمەڵگای کۆن بکەین کە رەنگە لەگەڵ خەسڵەتی چوارچێوەی نوێ سازگار بن و لەم رووەوە دەکرێ ئەوە قەبووڵ بکەین بـۆ گەشـە و پەرەپێـدانی تێبکۆشـین. بۆ نموونە بۆچوونێك لە مرۆڤ وەك ئامـانجێکی گەوهـەریی – یـانی بناغـەی فەرهـەنگی نـوێ – میراتـی ئایـدیالیزمی کلاسـیکی سـەدەی نۆزدەهەمـە. بەشی واقعی سەردەمی سەرمایەداری لـە پێکهاتـەی داهـاتوودا بریتیـە لـە

پێکهێنـانی زەمینــە و دەرفــەتی روخـانی خـۆی. سـەرمایەداری تەنانــەت لەســەر وێرانــەکانی خۆشـی چــەندین دەرفــەت و ماتریــاڵ بـۆ پێکهاتــەی داهــاتوو پێکــدێنێ. هــەر بــەوجۆرەی کــە ســەرمایەداری پێشــمەرجە ئابوورییەکانی روخانی خـۆی فەراهـەم دەکـا و چـەندین چـەکی فکـری بـۆ رەخنەی کرێکاری دەستەبەر دەکات کە یارمەتی بە روخانی خۆی دەکـات (بۆ نموونە پێوەندی مارکس لەگـەڵ ریکـاردۆ) هـەروا لـە فەلسەفەشـدا لـە کانتەوە تا هێگل ئەندێشەی کۆمەڵگایەکی نوێی خولقاندووە کە ئەرکی ئەو ئەمەیە کە دەرفەتی روخانی سەرمایەداری فەراهەم بکات.

سەرچاوە:

نویسنده، نقد و فرهنگ- جورج لوکاچ: اکبر معصوم بیگی، ص 257- 279، نشر دیگر.

ژێدەر و سەرچاوەکان:

1. Danecki J.: *Jednosc podzielonego czasu* . (L'unité du temps divisé). Varsovie, 1970.
2. Zweig F.: *The worker in affluent society* . (L'ouvrier dans la société d'abondance). Londres, p. 253.
3. DANECKI: *op. cit*., p. 272.
4. SZANTO M.I.: *Szabad szombat és életmodvaltozasok* . (Le long weekend et ses conséquences sur la façon de vivre). Budapest, 1971, manuscrit.
5. MARX K.: *Theorien uber den Mehrwert* . Vol. III. Berlin, 1962, Dietz Verlag, pp. 245-255.
6. HEGEDUS A. - MARKUS M.: *The role of values in the long range planning of distribution and consumption* . (Le role des critères dans la planification de la distribution et de la consommation). In HALMOS (éd.) The Sociological Review Monograph 17. Hungarian Sociological Studies. Keele. 1972. Université de Keele.

7. WEBER M.: *Gardasàg és tàrsadalom* . (L'économie et la soeiété). Budapest, 1967. Közgazdasàgi és Jogi Könyvkiado, p. 304.

8. *Ibid*., p. 322.

9. ZWEIG, *op. cit*., p. 70-75.

10. MARKUS M. - HEGEDUS A.: *Gemeinschaft und Individuum* . (La communauté et l'individu). Wiener Tagebuch, 19721.

11. JOZSA O.: *Oktatàs, szakképzés, gazdasàg* . (Le système d'enseignement, la formation spécialisée et l'économie). Budapest, 1969. Közgazdasàgi és Jogi Könyvkiado, p. 62.

12. HAVAS O.: *Szakképzési kutatàsok I* . (Recherche sur la formation technique I.). Budapest, 1970. Ministère du Travail.

13. *Ibid*., p. 41.